
# بوونی ترەمپ دەبێتە دەرفەتێک بۆ سەربەخۆیی کوردستان





نووسینی مۆرگان کەپلان*

ئەمە یەکەمجار نییە، کورد خواست و ویستی خۆی بۆ سەربەخۆیی کوردستان رابگەیەنێت، بەڵام ئەمجارەیان دۆخەکە جیاوازەو ئەو جیاوازییەش بوونی دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ئەمەریکایە، ئەمەش مایەی ئومێدێکی زیاترە بۆ ئەوەی کوردی



عێراق پتر گەشبین بن بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا گرتنەبەری ڕێگای سەربەخۆیی سەرکەوتوو بێت.

لە گەشتێکی ئەم دواییەمدا بۆ کوردستانی عێراق، قسەم لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری سیاسەتمەداران، بەرپرسان و بزنسمانەکاندا کردووەو باوەڕیان وابوو سەرۆکایەتی ترەمپ دەرفەتگەلێکی نوێی بۆ سەربەخۆیی کورد ڕەخساندووە. لەوەش زیاتر، ڕای گشتیی کورد، بە شێوەیەکی گشتی گەشبینە لەدوای هەڵبژاردنی دۆناڵد ترەمپ بۆ سەرۆکی ئەمریکا.

له ٢ی نیساندا، دوو پارته سیاسییه سەرەکییەکەی کوردستانی عێراق- پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان- راگەیەندراوێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە سەبارەت بە ئەنجامدانی ریفراندۆم لەبارەی سەربەخۆبوونی کورد و پابەندبوونی خۆیان لەو بوارەدا راگەیاند. بە زۆری ئەو دوو پارتە بۆچوونی جیاوازیان هەیە لەگەڵ یەکدا، بەڵام پێدەچێت لەگەڵ نزیکبوونەوەی شەڕی موسڵ لە کۆتاییە سەختەکەی و، دوای نزیکەی سێ ساڵ لە شەڕی بەردەوام لە دژی دەوڵەتی ئیسلامی (کە بە داعش ناسراوە)، ئەوا کوردی عێراق باوەڕی وایە کە کاتی ئەوە هاتووە ئەو کارتە سیاسییەی بە زەحمەتی بەدەستیان هێناوە، بەکاری بهێنن.

سەرکردەکانی کوردستان دەزانن سەربەخۆیی بە ئاسانی بەدەست نایەت. بەتایبەتی، تورکیا و ئێران پابەندن بەوەی ڕێگری لە هەر هەوڵێکی لەم چەشنە بکەن، ئەویش بەلەبەرچاوگرتنی نیگەرانییەکانیان لەبەرامبەر خەونی دانیشتووانی کوردی وڵاتەکەیان. لە هەمان کاتدا، ئەمەریکاش لە رووی مێژووییەوە، بیرۆکەی پارچەپارچەبوونی عێراقی رەتکردۆتەوە، چونکە ترسی هەبووە لەوەی ئەمە ببێتە پێشینەیەك بۆ جیابوونەوە لە سەرتاسەری ناوچەکەدا. تەنانەت ناکۆکی نێوان کورد لەبارەی کات و پرۆسەی جیابوونەوە بۆتە هۆی سنووردارکردنی خەونی سەربەخۆیی کورد. بەو پێیە، سەرکردە کوردەکان ئەوەیان خستۆتەڕوو کە ریفراندۆم راگەیەندنی خواست و ویستەو سەربەخۆیی راستەقینە ماوەیەکی دواتر دێتەئاراوە.

هەروەها ئەمە یەکەمجار نییە، کە ئەم خواست و ویستە رابگەیەنرێت. بەڵام ئەمجارەیان دۆخەکە جیاوازە و مایەی ئومێدێکی زیاترە بۆ ئەوەی کوردی عێراق پتر گەشبین بن لەبارەی ئەوەی لە کۆتاییدا گرتنەبەری ڕێگای سەربەخۆیی سەرکەوتوو بێت. ئەو جیاوازییەش بریتیە لە بوونی دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ئەمەریکا.

لە گەشتێکی ئەم دواییەدا بۆ کوردستانی عێراق، من قسەم لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری سیاسەتمەداران، بەرپرسان و بزنسمانەکاندا کرد کە باوەڕیان وابوو سەرۆکایەتی ترەمپ دەرفەتگەلێکی نوێی بۆ سەربەخۆیی کورد رەخساندووە. لەوەش زیاتر، رای گشتیی کورد، بە شێوەیەکی گشتی گەشبینە لەبارەی ترەمپەوە لە دوای هەڵبژاردنەوە.

ئەگەرچی زۆرێك لە لایەنەکانی سەرۆکایەتی ترەمپ کە بوونەتە هۆی وروژاندنی حەماس و پەرۆشی کوردی عێراق، هەمان ئەو لایەنانەن کە شارەزایانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا نیگەران بوون لەبارەیانەوە.

**دووبارە دارِشتنەوەی رەوتی سیاسەتی دەرەوە**

یەکەم، ترەمپ دامەزراوەی تەقلیدی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا پشتگوێ دەخات. لە مانگی کانوونی دووەمەوە، کۆشکی سپی چالاکانە کاری کردووە بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری کەسایەتییە بە ئەزموونەکانی بواری سیاسەتی دەرەوە لە ڕێی کەمنرخکردنی پیشەی بەرپرسەکانی وەزارەتی دەرەوە و فەرامۆشکردنی شارەزا ناسراوەکانی پارتی کۆماری. حاڵی حازر وەزارەتی دەرەوە گوڕ و تینی لەدەستداوە و بۆ ماوەی چەند مانگێکە بە بێ بەرپرسە باڵاکان بەڕێوەدەچێت. ئەم بۆشاییەش مایەی مەترسییە بۆ شارەزایانی نێو هەردوو پارتی کۆماری و دیموکراتی، لەبەر ئەوەی وەزارەتی دەرەوە لە رووی مێژووییەوە بناغە و بنچینەی بەردەوامبوونی مامەڵەکردنی ئەمەریکا بووە لەگەڵ جیهاندا. بە کورتی، هێشتنەوەی ئەم دامەزراوەیە بۆتەهۆی ئەوەی مەعریفەی دامەزراوەیی لەبارەی دەوڵەت، ناوچە، سەرکردە و پێوەندییەکانەوە- کە بۆ چەندین دەیە دەچێت کۆدەکرێنەوە، پەرەیان پێبدەدرێت و ڕێکدەخرێن- لەدەست نەچێت لە دوای ئەوەی ئیدارەی نوێ دەست بەکار بوو.

لەگەڵ ئەوەشدا، لە روانگەی مێژووییەوە، بەلای کەمەوە تاوەکو راپەڕینی کورد لە ساڵی ١٩٩١ و تاوەکو داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکاوە لە ساڵی ٢٠٠٣، دامەزراوەی دیپلۆماسی بە شێوەیەکی تایبەت مامەڵەیەکی باشی لەگەڵ کورددا نەکردووە.

ئەگەرچی لە ئێستادا ئەمەریکییەکان راهاتوون لەگەڵ بینینی دیمەنی تەوقەکردنی بەرپرسەکانی ئەمەریکا و کورد و چاوپێکەوتنیان بە شێوەیەکی ئاشکرا، ئەو دیپلۆماتکارە کوردانەی —ماوەیەکی زۆریان لەم پیشەیەدا بەسەر بردووە- خێرا بوون لە ئاماژەکردن بۆ ئەوەی کە ئەمە دیاردەیەکی نوێیە کە دوای ٦٠ ساڵ لە بەرهەڵستیکردن و ئێش و ئازار دێت. ئەگەرچی چەندین تاکەکەسی هاوسۆز هەبوون، بەڵام وەزارەتی دەرەوە، دامەزراوەیەك بووە بە زۆری سەلماندی کە ڕێگایەکی داخراوەیە

**له عێراقی دوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە، پنتاگۆن و دەزگای هەواڵگری له نزیکەوە کاریان لەگەڵ کورددا کرد، له نێویاندا کار و کۆشش بەردەوامەکان بۆ تێکشکاندنی دەوڵەتی ئیسلامی له هاوینی ساڵی ٢٠١٤ەوە. له ڕێی ئەم ئەزموونە سەربازییانەوە، کارمەندانی ئەمەریکا و پێشمەرگەی کورد رایەڵێکی پتەویان بۆ متمانه و دۆستایەتییان پێکهێناوە**

**له روانگەی مێژووییەوە، بەلای کەمەوە تاوەکو راپەڕینی کورد له ساڵی ١٩٩١ و تاوەکو داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکاوە له ساڵی ٢٠٠٣، دامەزراوەی دیپلۆماسی به شێوەیەکی تایبەت مامەڵەیەکی باشی لەگەڵ کورددا نەکردووە**

**ناکۆکی نێوان کورد لەبارەی کات و پرۆسەی جیابوونەوە بۆتە هۆی سنووردارکردنی خەونی سەربەخۆیی کورد. بەو پێیە، سەرکردە کوردەکان ئەوەیان خستۆتەڕوو کە ریفراندۆم راگەیەندنی خواست و ویستەو سەربەخۆیی راستەقینە ماوەیەکی دواتر دێتەئاراوە**

لەبەردەم دیپلۆماسییەتی کوردیدا لە سەدەی بیستدا، ئەویش بەهۆی ئەو سیاسەتانەی کە قووڵ رۆچووبوونە ئەم دامەزراوەیەوە کە پشتیوانی یەکپارچەیی خاکی وڵاتانیان دەکرد و دانیان بە بوونی کاراکتەرە غەیرە دەوڵەتییەکاندا نەدەنا. دەرئەنجامی ئەم سیاسەتانەش ئەوەیە کە گرنگ نییە کوردی عێراق چەند سوودبەخش بووە بۆ سیاسەتی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەساڵی ١٩٧٠وە، هەروەها گرنگ نییە چۆن پێوەندییە نزیکەکان گەشەیان کردووە لە دوای شەڕی کەنداوەوە، بەڵام لە رووی دامەزراوەییەوە بەربەستێك سەپێندراوە بەسەر پشتیوانیکردن لە سەربەخۆیی کوردستاندا. لەگەڵ ئەوەشدا، ترەمپ، ئەو راستییەی خستۆتەڕوو کە ئەو هەست ناکات گرێدراوی سیاسەت و پێوەندییە پیادەکراوەکانە، هەروەك ئەوەی لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٦دا ئەوەی خستەڕوو کە ئەمەریکا پابەند نییە بە سیاسەتی «چینی یەکپارچەوە»، بەڵام چەند مانگێك دواتر هەڵوێستی خۆی گۆڕی. ئەگەرچی رەنگە ئەم روانگەیە مایەی نیگەرانی بێت بۆ ئەوانەی کە سوودمەندن لە نۆرمە پیادەکراوەکان، بەڵام زۆر کەس ئومێدی ئەوەیان هەیە ترەمپ رێگای نوێ بکاتەوە بۆ دانپێدانان بە دەوڵەتی نوێدا. لەوەش زیاتر، دەستنیشانکردنی کەسێك — لە دەرەوەی دامەزراوەکەوە- بۆ سەرۆکایەتیکردنی وەزارەتی لاوازکراوی دەرەوە- رێکس تیلێرسۆنی بەڕێوەبەری جێبەجێکاری پێشووی کۆمپانیای ئیکسۆن مۆبیل- سوودی دەگمەنی خۆی هەیە. رەنگە تیلێرسۆن دیپلۆماتکارێکی بەئەزموون نەبێت، بەڵام رۆخسارێکی دۆستە بۆ کورد، لەبەر ئەوەی سەرپەرشتی بەرفراوانکردنی کاری ئیکسۆن مۆبیلی بۆ کوردستان کرد لە ساڵی ٢٠١١دا. ئەزموونی تیلێرسۆن وەك کەسێك لە بواری نەوتدا، بە نیگەرانی و ستایشەوە- تێکەڵێکی تەندروست- پێشوازی لێکرا لە واشنتۆن، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی بە ئیجابی لێی دەڕوانرێت لە هەرێمی کوردستانی عێراقی دەوڵەمەند بە نەوتدا.

دووەم، رەنگە شارەزایانی ئاسایشی نەتەوەیی حەسرەت هەڵکێشن بۆ پەرۆشی ترەمپ بۆ کۆکردنەوەی کارمەند و ژەنەراڵە سەربازییە خانەنشینکراوەکان لە دەوری خۆی، لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەمە بۆی هەیە پێوەندی نێوان دەسەڵاتی سەربازی و دەسەڵاتی مەدەنی هەڵگێڕێتەوە، بەڵام کوردی عێراق ئەمە بە رێگایەکی نوێ دەزانێت بۆ باشترکردنی دۆخی خۆیان. لەگەڵ بوونی ژەنەراڵ جەیمس ماتیس وەك وەزیری بەرگری، ئەدمیراڵ مایکڵ رۆجەرز وەك بەڕێوەبەری ئاژانسی ئاسایشی نیشتمانی، ژەنەراڵ جۆن کێلی وەك بەڕێوەبەری ئاسایشی ناوخۆیی و، مایك پۆمپیو وەك بەڕێوەبەری ئاژانسی ناوەندی هەواڵگری، ئەوا رەنگە بەرپرسە مەدەنییەکان لە دوای بەرپرسە سەربازییەکانەوە بێن بۆ داڕشتنی سیاسەتی ئاسایشی ئەمەریکا. بەڵام بۆ کورد، ئەمە شتێکی ئیجابییە.

پنتاگۆن گەرم و گوڕتر بووە لە مامەڵەکردنیدا لەگەڵ کورد بە بەراورد بە وەزارەتی دەرەوە، ئەویش بەهۆی هەبوونی هاوکاری سەربازی نزیکەوە کە بۆ چەندین دەیە پێش ئێستا دەگەڕێتەوە و لە ئێستاشدا بەتایبەتی هاوکاریگەلێکی بەهێزن. لە عێراقی دوای ساڵی ٢٠٠٣وە، پنتاگۆن و دەزگای هەواڵگری لە نزیکەوە کاریان لەگەڵ کورددا کرد، لە نێویاندا کار و کۆششە بەردەوامەکان بۆ تێکشکاندنی دەوڵەتی ئیسلامی لە هاوینی ساڵی ٢٠١٤وە. لە رێی ئەم ئەزموونە سەربازییانەوە، کارمەندانی ئەمەریکا و پێشمەرگەی کورد رایەڵێکی پتەویان بۆ متمانە و دۆستایەتییان پێکهێناوە. لە کاتێکدا کە ژمارەیەکی زیاتری کارمەندی سەربازی —ئەوانەی تێڕوانینێکی ئیجابییان هەیە لەبەرامبەر کوردی عێراقدا دەچنە نێو بازنەی ناوخۆیی ترەمپەوە، ئەوا ئەگەری زیاترە کورد پێگەی باشتر بێت لە واشنتۆندا. بۆنموونە، ماتیس و ماکماستەر، ئەزموونی باشیان هەیە لە گۆڕەپانی عێراقدا. کاتێك ماتیس لە مانگی نیساندا چاوی کەوت بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، مسعود بارزانی، کەناڵی رووداو گواستیەوە کە ماتیس دووپاتی لە پشتیوانیکردنی ئەمەریکاوە کردەوە بەوەی باسی لەوە کرد کە ئەو «ئاشنایە بە کێشەی کورد، کوردستان و ئەمەریکاش شان بە شانی یەکتر قوربانییان داوە.» کورد ئومێد دەکات کە ئەم رێزگرتنە بگۆڕێت بۆ هاوکاری سیاسی و ئابووری و سنوورە سەربازییەکە تێپەڕێنێت.

*** مۆرگان کەپلان توێژەری باڵای پڕۆگرامەکانی ئاسایشی نێودەوڵەتییە لەسەنتەری بەلفەر لە زانکۆی هارڤارد. ئەم وتارەی لە گۆڤاری فۆرن ئەفێرز لە ١٢ی نیسانی 2017 بڵاوکردۆتەوە.**

**سەرکردەکانی کوردستان دەزانن سەربەخۆیی بە ئاسانی بەدەست نایەت. بەتایبەتی، تورکیا و ئێران پابەندن بەوەی رێگری لە هەر هەوڵێکی لەم چەشنە بکەن، ئەویش بەلەبەرچاوگرتنی نیگەرانییەکانیان لەبەرامبەر خەونی دانیشتووانی کوردی وڵاتەکەیان**

**پێدەچێت لەگەڵ نزیکبوونەوەی شەڕی موسڵ لە کۆتاییە سەختەکەی و، دوای نزیکەی سێ ساڵ لە شەڕی بەردەوام لە دژی دەوڵەتی ئیسلامی (کە بە داعش ناسراوە)، ئەوا کوردی عێراق باوەڕی وایە کە کاتی ئەوە هاتووە ئەو کارتە سیاسییەی بە زەحمەتی بەدەستیان هێناوە، بەکاری بهێنن**



# دەوڵەتی کوردستان

## تاجی سەرکەوتن و بردنەوەی شەڕی دژی داعش

**بەبێ دەوڵەتی کوردستان هاوپەیمانی نێودەوڵەتی نەک هەر شەڕی دژی داعش دەدۆڕێنێت، بەڵکو زەمینە بۆ شەڕ و کارەساتی گەورەتر لە ناوچەکەدا دەخوڵقێنێت**

**ڕێککەوتنی پارتی و یەکێتی و ڕاگەیاندنی پەیامێکی هاوبەش لە ٢ی نیسانی ٢٠١٧ بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە نێوماڵی کوردستان بۆ هەڵگرتنی ئەم هەنگاوە چارەنووسسازە لەبارە**

«مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلان، بنەمایەکی بنەڕەتییە لە یاسای نێودەوڵەتیی هاوچەرخدا، سەبارەت بە چۆنیەتی پیادەکردنی ئەم مافە لەلایەن گەلانەوە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان، بە چەندین شێواز باسی لێوەکراوە بەوەی چ کاتێک پێوەری یاسایی بۆ پیادەکردنی ئەم مافە فەراهەم دەبێت.

ئێستا کورد بانگەشە بۆ مافی بڕیاردانی چارەنووس دەکات و خەڵکانێک وتووێژ لەسەر ئەوە دەکەن مەرج و پێوەرە یاساییەکانی بۆ پیادەکردنی ئەم مافە دەستەبەر کردووە، ئەو مەرج و پێوەرە یاساییانەش بریتین لەوەی کوردان هەزاران ساڵە لەسەر خاکی خۆیان دەژین و کەلتوورێکی نەتەوەیی تایبەت بەخۆیان هەیە، بۆیە ئەمە مەرجێکی گرنگە کە شەرعییەتیان بۆ دابین دەکات تاوەکو خۆیان خاوەنی خاکی خۆیان بن.

لەمەش زیاتر ئێستا لە هەرێمی کوردستان لە عێراقدا، کورد زۆرێک لە ژێرخانە پێویستەکانی بۆ بونیادنانی نەتەوە و دەوڵەت دروستکردووە، بوونی پەرلەمان، بوونی سەرچاوەیەکی گرنگی داهات لە ڕێگەی هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوتەوە، سوپایەکی بەرگریکار کە ئەویش هێزی پێشمەرگەیە.

لە حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤ کاتێک هێزەکانی سوپای عێراق لەبەردەم تیرۆریستانی داعش لەبەریەک هەڵوەشان و پاشان موسڵ کەوتە دەستی داعش، ئەوا سوپای پێشمەرگە لەگەڵ ئەوەی بەتەنیا مانەوە بۆ ئەوەی بەرگری لە خاکەیان بکەن،

**● دەوڵەتی کوردستان ئامانجی دووەمی ستراتیژیەتی ئەمریکا دژی داعش**

گۆڤاری فۆرن ئەفێرز کە ئامۆژگای پێوەندییەکانی دەرەوە لە ئەمریکا دەریدەکات، لە ڕۆژی ١٢ی نیسانی ٢٠١٧ بابەتێکی بۆ پرۆفیسۆر تۆماس کەپلان کە توێژەری باڵایە لە سەنتەری بەلفەر لە زانکۆی هارڤارد بۆ ئاسایشی نێودەڵەتی بە ناونیشانی (بۆ کوردەکانی عێراق، ترەمپ دەبێتە ئومێدی سەربەخۆیی - For Iraqi Kurds، Trump Brings Hope for Independence) بڵاوکردۆتەوە.

ئەم توێژەرە باڵایە کە تایبەتمەندە لەسەر ئاسایشی نێودەوڵەتی لە زانکۆیەکی بەناوبانگی وەك زانکۆی هارڤارد، هەروا لە خۆڕا ئەم بابەتەی نەنووسیوە، بەڵکو بە لەبەرچاوگرتنی چەند خاڵێکی گرنگ و پێکەوە گرێدانەوەی دروستبوونی زەمینەی سەربەخۆیی لەکوردستان و ئامانجی ئیدارەی ترەمپ بۆ بردنەوەی شەڕی دژی داعش چەند خاڵێکی گرنگی کردۆتە ژێرخانی دروستکردنی ئەم بۆچوونە، لەوانە:


١- دۆناڵد ترەمپ دامەزراوەی تەقلیدی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا پشتگوێ دەخات و سەرلەنوێ ئاراستەی سیاسەتی دەرەوە دادەڕێژێتەوە، ئەو ستاڤەی ئەم ئاراستە نوێیە دادەڕێژێتەوە، جیا لە ریکس تیلرسۆن کە ئێستا وەزیری دەرەوەیە و پێشتر سەرۆکی کۆمپانیای ئیکسۆن موبیل بووە و ئەو کۆمپانیاکەی هێناوەتە کوردستان، ئەوا هەریەك لە جیمس ماتیس وەزیری بەرگری و ماکماستەر راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا وەك دۆستی کورد لە بازنەی ستاڤی ترەمپدا لەقەڵەم دەدرێن.

٢- رێککەوتنی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و راگەیاندنی پەیامێکی هاوبەش لە ٢ی نیسانی ٢٠١٧ بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە نێوماڵی کوردستان بۆ هەڵگرتنی ئەم هەنگاوە چارەنووسسازە لەبارە.

٣- نزیکبوونەوەی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی موسڵ لە کۆتاییەکەی و بەکارهێنان و سوودوەرگرتن لە کارتێکی گرنگ لەلایەن کوردەوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی سەربەخۆیی.

ئەگەر سەیری ئەم سێ بنەمایە بکەین کە پرۆفیسۆر کەپلان بابەتەکەی لەسەر داڕشتووە، ئەوا هەست بەو راستییە دەکەین کە کۆتاییهاتنی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی موسڵ لە ستراتیژیەتی سەرۆك ترەمپ-دا خاڵی یەکلاکەرەوە دەبێت بۆ

**شەڕی دژی داعش راستییەکی بۆ جیهان ئاشکرا کرد، کە ئەم شەڕە بەرەنجام و کاردانەوەی رێکخراوێکی توندڕۆی ئیسلامی نییە بەرامبەر بە سیستمی دیموکراتیی رۆژئاوا، بەڵکو ئەم رێکخراوە تیرۆریستییە بۆتە نوێنەری ئەو ستەم و زوڵمەی کە عەرەبی شوێنکەوتووانی مەزهەبی شیعە دژی عەرەبی شوێنکەوتووانی مەزهەبی سوننە دەیکەن**



**جیا لەوەی توانییان بەرگری لە خاکی خۆیان بکەن، لە هەمانکاتدا رۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان لە شەڕی دژی داعش بینیوە . بۆیە جێگەی خۆیەتی بڵێین هێزی پێشمەرگەی کوردستان توانییان لە ئامانجی تیکشکاندنی داعش زیاتر بەدەست بهێنن و پاش ئەوەی توانییان ئاسایش و ئارامی بۆ هەولێری پایتەخت دابین بکەن، لە هەمانکاتدا رۆڵێکی گەورەیان بینی لە دوورخستنەوەی تیرۆریستانی داعش و پاراستنی ژێرخانی نەوت، هەروەها توانییان رێگەگرنگەکانی کۆمەککردنی داعش لەدەوروبەری موسڵ کۆنترۆڵ بکەن.**

**لە ئێستاشدا هێزی پێشمەرگە بەشێکی گرنگ و گەورەن لەو هاوپەیمانێتییەی ئیمزاکراوە بۆ ئازادکردنی شاری موسڵ کە دووەمین گەورەترین شاری عێراقە لە دەستی تیرۆریستانی داعش.**

**بەرەچاوکردنی ئەو رۆڵە گەورەیەی کورد بینویەتی لە تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش و ئازادکردنی خاکێکی زۆر لە دەستیان، ئەوا زۆر کەس گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتە و باس لەوەدەکەن کە ئێستا کوردستان سەروەریی بە دەست هێناوە.»**

***

**بەشێک لە راپۆرتی (دەوڵەتی کوردی ـ خەونێکی لەمێژینە) کە رۆژنامەنووس جاک ماوەنتفۆرد بۆ سایتی فلیبیستەری بەریتانی ئامادەی کردووە**

دیاریکردنی ئامانج و دەستکەوتەکانی شەڕەکە، ئەمەش مانای ئەوەیە لە ستراتیژیەتی سەرۆك ترەمپ و سیاسەتی تازەی ئەمریکا بەرامبەر ناوچەکە، سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر سووریا و عێراق لێکجیاکراوەتەوەو شێوازی مامەڵەکردنی ئەمریکاش لەگەڵ شەڕی دژی داعش لە سووریا و عێراق لەیەکتری جیادەکرێتەوە. راشکاوانەتر جیاکردنەوەی شەڕی دژی داعش لە عێراق و سووریا، واتە مامەڵەکردن لەگەڵ ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی موسڵ وەك کۆتاییهاتنی شەڕی دژی داعش لە سیاسەت و ستراتیژیەتی ئەمریکادا و هێشتنەوەی شەڕی داعش لە سووریا وەك سەرئێشە بۆ هەر یەك لە رژێمی ئەسەد و ئێران و حزبولا و رووسیا.

تۆماس فریدمان رۆژنامەنووس و ستوونووسی بەناوبانگی رۆژنامەی نیویۆرك تایمز لە رۆژی ١٣ی نیسانی ٢٠١٧ پرسی جیاکردنەوەی شەڕی داعش لە عێراق و سووریای بەئاشکرا باسکردووە و لە ستوونەکەیدا ئەو پرسیارە دەورووژێنێت: بۆ دەبێت ترەمپ شەڕی داعش لەسووریا بکات؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا فریدمان ئاماژەی بە دوو تەحەددی کردووە کە ئەو تەحددییانە وادەکەن ئەمریکا شەڕێکی بەلاش و دۆڕاو لە سووریادا دژی داعش بکات کە بریتین لە:

- ئەو داعشەی لە سووریا بوونی هەیە تەنیا داعشێکی رووکەشە و داعش لە سەرانسەری جیهان بوونی هەیە، بۆیە کاتێك ئەمریکا لەناو سووریا شەڕی دژی داعش دەکات و خەلافەتی ئیسلامی دەڕووخێنێت، ئەوا ئەم دەستکەوتە بۆ رژێمی ئەسەد و ئێران و حزبولا و رووسیا بەجێ دەمێنێت و داعشیش دوای رووخانی خەلافەتەکەی دڕندەتر دەبێت کاتێك کە دەبینێت دوژمنە سەرسەختەکانی لە رووخانی خەلافەتەکەی سوودمەند دەبن و ئەمریکاش لەشەڕەکەدا هیچی پێنابڕێت.
- هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ رووخانی خەلافەتی دژی داعش لەسووریا دەبێتە هۆکارێك بۆ کەمکردنەوەی گوشارەکان لەسەر رژێمی ئەسەد بۆ ئەوەی بەپشتگیری ئێران و حزبولا و رووسیا، رژێمی ئەسەد بتوانێت هەموو ئەو سوننە میانرۆیانە سەرکوت بکات کە لە پارێزگای ئەدلب بوونیان هەیە، هەروەك چۆن رژێمی ئەسەد لە هەفتەی رابردوو گازی ژەهراوی بەسەر منداڵان و هاووڵاتیانی سڤیلی ئەو شارەدا کرد، بۆیە دەبێت شەڕی دژی داعش لەسووریا ببێتە سەرئێشەیەکی گەورە بۆ هەریەك لە رژێمی ئەسەد و ئێران و حزبولا و رووسیا،

**ئەگەر جیهان بیەوێت ئاشتی هەمیشەیی بێتەئاراوە، ئەوا دەبێت ئەو مافە بەنەتەوەکان بدات کە لەچوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیاندا بە ئازادی بژین. بەڵام ئەگەر نکۆڵی ئەم مافە لەنەتەوەکان بکرێت، ئەوا هەر هەوڵێک بۆ ئاشتی بدرێت، بێجگە لە ئاگربەستێکی کاتی و خۆئامادەکردن بۆ شەڕێکی دیکە و بەردەوامیدان لەشەڕو ئاژاوە هیچ ئاکامێکی دیکەی نابێت**

**عینادیی رووسیا لەسەر مانەوەی بەشار ئەسەد، چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تووشی حاڵەتێکی چەقبەستوویی کردووە کە هیچ دەروازەیەکی بۆ هەوڵە هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان نەهێشتۆتەوە، بۆیە ئەم بارودۆخە پێویستی بەوەیە ئەو حاڵەتی چەقبەستووییە بشکێندرێت و سەرۆک ترەمپ بڕیاری بوێرانەی لەبارەوە بدات**

**ئەم وەرچەرخانە لە سەربەخۆیی ئەمری واقیعەوە بۆ سەربەخۆیی خاوەنی سەروەریی، پێویستی بە ئەنجامدانی ریفراندۆمی هەموو گەلی کوردستان هەیە بۆ ئەوەی هەموو دەوڵەتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش و لەسەرووی هەمووشیانەوە ئەمریکا، ڕێز لە دەنگ و ئیرادەی خەڵکی کوردستان بگرن و دەوڵەتی کوردستان وەک دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی لە دایک بێت**

هەروەها دەبێت بەشێوەی شەڕی ئەفغانستان لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو مامەڵە لەگەڵ شەڕی داعش لە سووریا بکرێت، بۆ ئەوەی ئەمجارەش داعش وەك موجاهیدەکانی ئەفغانستان ببێتە سەرچاوەی برست لێبرانی رووسیا.

بێگومان ئەم بۆچوونەی تۆماس فریدمان لە ١٣ی نیسانی ٢٠١٧وە بۆتە جێگەی مشتومڕ و قسەو باسی ئەو پسپۆڕ و ئەکادیمی و توێژەرانەی کە کار لەسەر ستراتیژیەتی ترەمپ دژی تیرۆر دەکەن و پێدەچێت دوای سەردانە بێ ئاکامەکەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ رووسیا وەرچەرخانێکی گەورە لە هەڵوێستی ئیدارەی ترەمپ بەرامبەر رۆڵی رووسیا لە سووریا و شەڕی دژی داعش لە سووریا بێتەئاراوە و چیتر بە بەلاش ئەمریکا خزمەتی ئامانجەکانی رووسیا و ئێران و حزبوڵلا و مانەوەی ئەسەد لە سووریادا نەکات.

لێرەوە ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین ئەم بۆچوونەی تۆماس فریدمان رەنگدانەوەی ئەو قسەو باسە نهێنییانە بن کە ستافەکەی ترەمپ لە کۆشکی سپی بۆ داڕشتنەوەی ستراتیژ و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەناو خۆیاندا دەیکەن، کە ئەمەش تا رادەیەکی گەورە لەگەڵ میتۆدی ( قازانج و زیان) و میتۆدی (هونەری گرێدانی سەفقەی بازرگانی ) یەکدەگرێتەوە کە ترەمپ و ستافەکەی لە دروستکردنی بڕیار و داڕشتنی ستراتیژدا پشتی پێدەبەستن، ئەوا هیچ پێویست نابێت کە ئەمریکا شەڕێکی بەلاش بۆ رووسیا و ئێران و رژێمی ئەسەدو حزبوڵلای لوبنانی و میلیشیا شیعەکانی سەر بە ئێران لەتەواوی ناوچەکەدا بکات.

لەسەر بنەمای ئەم دوو بۆچوونە ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئەو ستراتیژەی کە باراك ئۆباما سەرۆکی پێشووی ئەمریکا بۆ شەڕی دژی داعش دایڕشتووە و ئامانجی ئەم ستراتیژەی لە دوو خاڵی گرنگدا کۆکردۆتەوە کە بریتین لە: (تێکشکاندن و لە ریشە هەڵکێشانی فیکری داعش) ئەوا ئێستا کە ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی موسڵ بەرەو کۆتایی دەچێت، مانای وایە یەکێك لە ئامانجەکانی ستراتیژیەتی دژی داعش کە (تێکشکاندنی داعشە)، لە عێراق نزیکە لە بەدەستهاتن و لە عێراقیشدا زەمینەیەکی لەبارتر لە سووریا هەیەو ئەمریکاش کاریگەری و نفووزی زیاتری هەیە، هەروەها خودی شەڕی دژی داعشیش جوگرافیایەکی تازەی دروستکردووە کە ئەو جوگرافیا تازەیە ئاکامی سەرکەوتنی شەڕی دژی داعشە لە عێراقدا و لە ریشە هەڵکێشانی فیکری داعشیش پێویستی بەوە هەیە لەسەر بنەمای ئەو جوگرافیا تازەی کە شەڕی دژی داعش وەك ئەمری واقیع دروستی کردووە، دەبێت هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و لە ریشەهەڵکێشانی فیکری داعش هەڵبگیرێت.

ئەوانەی سیاسەت و ستراتیژیەتی پێشنیارکراویان بۆ ئیدارەی تازەی ترەمپ ئامادە کردووە، هەموویان خاڵی دەستپێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق بە جیاکردنەوەی کێشەی نێوان عێراق و کوردستان لەلایەك و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان عەرەبی شیعە و سوننە دیاری دەکەن. ئەمەش مانای ئەوەیە کوردستان وەك قەوارەیەکی سیاسی و سەربەخۆی دیفاکتۆ، توانیویەتی جیالەوەی داعش تیکبشکێنێت، زەمینەیەکی لەباری دابینکردنی ئاسایش و پێکەوە ژیان و لێبووردەیی لەنێوان تەواوی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان و تەنانەت لە نێوان عەرەبی شیعە و سوننەی لە کوردستاندا دروستکردووە، بۆیە ئەم قەوارە سیاسییە دەبێت تێکەڵی عێراقی عەرەبی نەکرێتەوە، کە هەموو مەزندەکان بەرەو ئەوە دەچن، ئەگەر ئەمریکا پلانێکی ستراتیژی بۆ عێراقی عەرەبی دوای داعش نەبێت، ئەوا شەڕێکی دیکەی خوێناوی لە نێوان عەرەبی شیعەو سونە دەست پێدەکاتەوە، ئەوجا بۆ ئەوەی رێگری لەم شەڕە خوێناوییە بکرێت، دەبێت عێراقی عەرەبی بە جیا بکرێتەوە بە دەوڵەتێك بۆ پێکەوە ژیانی شیعە و سوننە لەسەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و پاشان کوردستان و عێراقی عەرەبی پێکەوە وتووێژ بکەن کە پێوەندی ئایندەیان وەك دوو دەوڵەتی سەربەخۆ چۆن دەبێت.

ئەم ئاکامە کە دەرەنجامی تێکشکاندنی داعش دروستی کردووە و سەربەخۆیی کوردستانی کردۆتە ئەمری واقیع، ئەوا بردنەوەی شەڕەکە وا دەخوازێت کە سەربەخۆیی ئەمری واقیعی کوردستان بگۆڕێت بۆ سەربەخۆیی خاوەن

سەروەریی، ئەم وەرچەرخانەش لە سەربەخۆیی ئەمری واقیعەوە بۆ سەربەخۆیی خاوەنی سەروەریی، پێویستی بە ئەنجامدانی ریفراندۆمی هەموو گەلی کوردستان هەیە بۆ ئەوەی هەموو دەوڵەتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش و لەسەرووی هەمووشیانەوە ئەمریکا، رێز لە دەنگ و ئیرادەی خەڵکی کوردستان بگرن و دەوڵەتی کوردستان وەك دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی لە دایك بێت.

**● بڕیاری بوێرانەی ترەمپ و دوو جەمسەری تازەی نێوان ئەمریکا و رووسیا**


پرۆفیسۆر ستیفن بیدڵ راوێژکاری پێشووی سوپای ئەمریکا لە عێراق و ئەفغانستان سەبارەت بە بڕیارە بوێرانەکەی ترەمپ بە لێدانی ٥٩ رۆکێتی تۆماهۆك لە بنکەی ئاسمانی شوعەیراتی رژێمی ئەسەد، لەوتارێکدا نووسیویەتی: «هێرشی رۆکێتی بۆ سەر سووریا: ئیشتیهای ترەمپ بۆ بڕیاری بوێرانەی دیکە دەکاتەوە.» پرۆفیسۆر بیدڵ کە تایبەتمەندە لە سیاسەتی ئاسایش و بەرگریی ئەمریکا، لەهەمانکاتدا لە نزیکەوەش لەگەڵ پێنتاگۆن و ئیدارەکانی ئەمریکا بۆ چۆنیەتی دروستکردنی بڕیاری شەڕ کاریکردووە، بۆیە ئەم بڕیارەی ترەمپ بەبڕیارێکی لە رادەبەدەر بوێرانە وەسف دەکات و تەنانەت دەیگەیەنێتە ئەو ئاستەی کە ترەمپ لەشەوی پێنج شەمە ٦-٧ی نیسانی ٢٠١٧ قوماری کردووە و قومارەکەشی سەرکەوتووە، بۆیە چۆن ژەنراڵ ماکئارسەر لە ساڵی ١٩٥٠ بڕیاری بڵاوە پێکردنی هێزێکی دەریایی زەمینی لەشەڕی ئەنچن لە کۆریا دا و پاشان بڕیاری شەڕی یالۆی بەدوا هات، هەروەها چۆن جۆرج دەبلیو بوش بڕیاری شەڕی ئەفغانستانی داو پاش دووساڵ بڕیاری شەڕی عێراقی دا، لەوان زیاتر حەزی لە بڕیاری بوێرانە و موجازەفەی ترسناکە و ترەمپ لەکاری بازرگانیدا شەش جار لە ئاکامی بڕیاری بوێرانە و موجازەفەکردندا ئیفلاسی کردووە و پاشان بۆتەوە بەسەرۆکی کۆمپانیا و ملیاردێر، بۆیە داوا لە ستافەکەی ترەمپ دەکات لە کۆشکی سپی بەوەی هەنگاوی هەستیار هەڵبگرن و هەوڵبدەن هەندێك لە موجازەفەکانی ترەمپ کەم بکەنەوە.

ئەم خوێندنەوەی ستیفن بیدڵ بۆ سایکۆلۆژیەت و شێوازی بڕیاردانی ترەمپ وەك سەرۆکی ئەمریکا ئەوەمان پێدەڵێت، ئەگەر لە شەوی ٦-٧ی نیسانی ٢٠١٧ موجازەفەی ترەمپ بەرامبەر دیمەشق بووبێت، ئەوا لە ئێستا بەدواوە دەبێت چاوەڕێی بڕیاری بوێرانەی ترەمپ بین بەرامبەر بە مۆسکۆ، بەتایبەتی دوای ئەوەی ریکس تیلێرسۆن بەدەستی بەتاڵ لە مۆسکۆ گەڕایەوە، سەبارەت بەم ئاکامە نەرێنییەی ئەم سەردانە، فلیپ گۆردن یاریدەدەری پێشووی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەسەردەمی هیلاری کلینتۆن و یاریدەدەری سەرۆکی ئەمریکا لە ساڵانی ٢٠١٣- ٢٠١٥، وتارێکی لە رۆژی ١١ی نیسانی ٢٠١٧ لە رۆژنامەی واشنتۆن پۆست بە ناونیشانی: «بۆ رزگاربوون لە بەشار ئەسەد- هەرگیز پشت بە رووسیا مەبەستن» بڵاوکردۆتەوە و تیایدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەوڵدان لەگەڵ رووسیا بۆ ئەوەی ببێتە هاوبەشێکی ئەرێنی لەشەڕی دژی داعش و چارەسەرکردنی کێشەی سووریا، ئاسنی سارد کوتانە و دەبێت سەرۆك ترەمپ لەسەر چارەسەرکردنی پرسی سووریا بەبێ رووسیا هەوڵبدات چارەسەرێك بۆ کێشەی سووریا بدۆزێتەوەو بە بڕیاری بوێرانە هاوشێوەی بڕیاری لێدانی مووشەکەکان مامەڵە لەگەڵ رژێمی سەد بکات. ئەمەش لەو روانگەیەوە دەخاتەڕوو، کە فلادیمێر پۆتین زۆر دژی گۆڕینی رژێمە، ئەمەش نەك هەر لە سووریا، بەڵکو لە عێراق و لیبیا و هەر شوێنێکی ئەم جیهانە بێت، پۆتین بەوجۆرە سەیری ئەم پرسە دەکات، ئەگەر گەلێك لە حکومەتەکەی خۆی هەڵبگەڕێتەوە و هەوڵبدات بەچەك بیڕووخێنێت، ئەوا ئەمە دەرگا دەکاتەوە بۆ ئەوەی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بەدەنگ ئەو گەلەوە بێن و رزگاریان بکەن، پاشانیش لەشوێنی ئەو رژێمە حکومەتێکی سەقامگیر بۆ رۆژئاوا دروست دەبێت کە دەبێتە مەترسی لەسەر جیۆپۆلیتیکی رووسیا، لەمەش زیاتر پۆتین وای دەبینێت گۆڕینی رژێمەکان بە زەبری چەك دەبێتە پێشینەیەك بۆ خەڵکی رووسیا و هیچ دوور نییە رۆژێك لە رۆژان خەڵکی رووسیا هەوڵبدەن ئەم رژێمەی ئێستای مۆسکۆ بە چەك بگۆڕن، بەبۆچوونی

**کوردستان وەک قەوارەیەکی سیاسی و سەربەخۆی دیفاکتۆ، توانیویەتی جیالەوەی داعش تیکبشکێنێت، زەمینەیەکی لەباری دابینکردنی ئاسایش و پێکەوە ژیان و لێبووردەیی لەنێوان تەواوی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان و تەنانەت لە نێوان عەرەبی شیعە و سوننەی لە کوردستاندا دروستکردووە**

**هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ رووخانی خەلافەتی دژی داعش لەسووریا دەبێتە هۆکارێک بۆ کەمکردنەوەی گوشارەکان لەسەر رژێمی ئەسەد بۆ ئەوەی بەپشتگیری ئێران و حزبولا و رووسیا، رژێمی ئەسەد بتوانێت هەموو ئەو سوننە میانڕۆیانە سەرکوت بکات کە لە پارێزگای ئەدلب بوونیان هەیە**

# کورد سەربەخۆیی دەوێت و
# نابێت گوشاریان لێ بکرێت ببنەوە بەبەشێک لە عێراق



ڕەند سەلیم

**ئەمریکا گەمەکارێکی سەرەکی بووە بۆ هاوکاریکردنی عێراق بۆ تێکشکاندنی داعش، بەڵام ئەو تێکشکاندنە ناتەواو دەبێت، یاخود درێژە ناکێشێت، ئەگەر هاوکاری عێراق نەکات بۆ ئەوەی بینا لەسەر دەستکەوتە ئەمنییەکانی بکات و ئایندەیەکی سیاسیی درێژخایەن و سەرکەوتوو بخوڵقێنێت. دەبێت کار لەگەڵ حکومەتی عێراقدا بکەین بۆ چەسپاندنی سەرکەوتنەکانی لە دژی داعش و بۆ تەرخانکردنی سەرچاوەکان بۆ چارەسەرکردنی پێداویستییە بەپەلەکانی پەیوەست بە هاوکارییە مرۆییەکان و هەوڵەکانی سەقامگیرکردنەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێت لەگەڵ سەرجەم لایەنەکاندا کاربکەین بۆ خستنەوەگەڕی دیالۆگێکی سیاسی بە ئاڕاستەی گەیشتن بە تێگەیشتنێکی هاوبەش بۆ هەنگاوهەڵگرتن بەرەو ئایندە.**

**نابێت ئێمە گوشار لەسەر کورد دروست بکەینەوە بۆ ئەوەی لە عێراقدا**

گۆڕدۆن هۆکاری دەستتێوەردانی پۆتین لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا لە ٢٠١٦ بۆ ئەوە بوو هیلاری کلینتۆن بدۆڕێت لەبەر ئەوەی هیلاری زۆر جەختی لەسەر گۆڕینی ڕژێمە نادیموکراتی و دیکتاتۆرەکان دەکردەوە.

لێرەوە ئەگەر هەڵوەستەیەکی ورد لەسەر بۆچوونەکانی فلیپ گۆردن بکەین، ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت کە عینادیی ڕووسیا لەسەر مانەوەی بەشار ئەسەد، چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تووشی حاڵەتێکی چەقبەستوویی کردووە کە هیچ دەروازەیەکی بۆ هەوڵە هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان نەهێشتۆتەوە، بۆیە ئەم بارودۆخە پێویستی بەوەیە ئەو حاڵەتی چەقبەستووییە بشکێندرێت و سەرۆک ترەمپ بڕیاری بوێرانەی لەبارەوە بدات.

دیارە لەدوای بڕیارەکەی ترەمپ بە لێدانی ڕۆکێتەکان لە ڕژێمی ئەسەد، هەموو ئەوانەی خۆیان بە دژ و لایەنگیری ترەمپ دەزانن، لەسەر ئەوە کۆکن بڕیارەکەی ترەمپ بەرەو پێشەوەچوونێکی تازەی لە سیاسەتی ئەمریکا دروستکردووەو دەبێت ئەم بەرەو پێشەوەچوونەش زیاتر ببێت، بەڵام لەلایەکی دیکەوە زۆر لە چاودێران و ستراتیژزانان مەرجی بەرەوپێشەوەچوونی زیاتر لە سیاسەتی ئەمریکادا گرێدەدەنەوە بەوەی کە نابێت دۆناڵد ترەمپ هەمان هەڵەکانی هەردوو ئیدارەی جۆرج دەبلیو بوش و باراك ئۆباما دووبارە بکاتەوە، ئەمەش بەو مانایەی ئامانجی سەرەکی نابێت تەنیا بۆ سەرکەوتنی شەڕەکان بێت، بەڵکو دەبێت بۆ پاراستنی دەستکەوتەکان و بردنەوەی تەواوی شەڕەکە بێت.

کەواتە ئەم ئاراستەیە پێمان دەڵێت: ئەگەر ترەمپ بیەوێت شەڕی دژی داعش بەتەواوەتی بباتەوە و سەرکەوتنی سەربازی بگۆڕێت بۆ سەرکەوتنی سیاسی، ئەوا دەبێت پێش ئەوەی جەخت لەسەر تێکشکاندنی داعش لە سووریا بکاتەوە، دەبێت هەوڵبدات سەرکەوتنە سەربازییەکەی دژی داعش لە عێراقدا بگۆڕێت بۆ سەرکەوتنی سیاسی و بردنەوەی تەواوی شەڕەکە، نەك وەك ساڵی ٢٠٠٣ سەرۆك بوش توانی جەنگی کۆتاییهێنان بە ڕژێمی سەدام حوسێن لەماوەی کەمتر لە سێ هەفتە بباتەوە، بەڵام شەڕەکەی دۆڕاند و نەیتوانی عێراق دووبارە بونیاد بنێتەوە و پاشانیش باراك ئۆباما لە چوارچێوەی ستراتیژیەتی خۆتێوەنەگلاندن لە کێشەکان بارودۆخەکەی هێندەی دیکە

نووسینی:
**پۆل سالم، رەند سەلیم**



پۆل سالم

**بمێننەوە ئەگەر هاتوو خۆیان پابەندبوون بە بەجێهێشتنیەوە. بۆ ماوەیەکی درێژە، خۆپارێزیی بەردەوامیی ئەوان زیانی بە خۆیان و پێوەندییەکانیان لەگەڵ بەغدا گەیاندووە. ئەگەر ئەوان خۆیان یەکلاکردبێتەوە بۆ سەربەخۆیی، ئەوا نابێت ئەو پرۆسەیە تاکلایەنە بێت، بەڵکو دەبێت بە شێوەیەکی رێکخراو و لە رێی گفتوگۆوە بێت لەگەڵ بەغدا، ئەگەر خوازیاری مانەوەش بن، ئەوا دەبێت بەغدا و هەولێر لەسەر تەرتیباتێکی دادپەروەرانە رێککەون کە قابیلی جێبەجێکردن بێت. پێویستە ئەمریکا گفتوگۆیەکی سێقوڵی (واشنتۆن-بەغدا-هەولێر) بخاتەگەڕ بۆ دارشتن و رێککەوتن لەسەر نەخشەیەکی رێگا بۆ چارەسەرکردنی پرسی ناکۆکی لەسەرەکان لە نێوان بەغدا و هەولێر- و لەسەر مەرجەکانی (جیابوونەوەیەکی ئاشتییانە)، ئەگەر هاتوو ئەمە خواستی لایەنەکان بێت.**

● **سەرچاوە:** The United States Will Need a “Diplomatic Surge” in Iraq

خراپتر کرد، نەك هەر بەتەواوی بووە هۆکاری ئەوەی ئەمریکا لە عێراقدا بکشێتەوە، بەڵکو بووە هۆکاری ئەوەی ئەمریکا لە کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە ئاستێك دەستەوەستان بێت کە بگاتە ئەوەی بڵێن سەردەمی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کۆتایی هات.

ئەم باکگراوەندە مێژوویییەی سیاسەتی ئەمریکا لەماوەی کەمتر لە دوو دەیەدا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوەمان پێدەڵێت کە سەرەتای دروستبوونی شۆڕشێك لە کاروباری سەربازیی ئەمریکا لەشەڕی ئازادکردنی عێراقەوە لەدەستی سەدام حوسێن دەستی پێکرد و کارەساتی گەورەش کە بەسەر سیاسەتی ئەمریکادا هات لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەوەوە دەستی پێکرد کە ئەمریکا لەبونیادنانەوەی عێراقدا سەرکەوتوو نەبوو، بۆیە ئەگەر ئیدارەی ترەمپ بیەوێت دەرگایەکی تازە بۆ رۆڵ و پێگە و نفوزی ئەمریکا دووبارە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست بکاتەوە، ئەوا هەردەبێت لە عێراقەوە و بە پشتگیریکردن لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دەست پێبکات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کلیکی چارەسەرکردنی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و سووریا و عێراق بەتایبەتی لە دووبارە داڕشتنەوەی نەخشەی ناوچەکە و رازیبوون لەسەر دروستبوونی دەوڵەتی نوێ دەست پێدەکات.

لەبەرامبەر ئەم ئاراستەی کە دەبێتە کلیلی چارەسەرکردنی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دیارە هەڵوێستی نەگۆڕی رووسیا ئەوەیە کە ئەو چارەسەرەی لە عێراقدا دەگیرێتەبەر، نەپەڕێتەوە بۆ سووریا و لە سووریاشەوە نەپەڕێتەوە بۆ شوێنی دیکە، بۆیە لەم حاڵەتەدا چاوەڕوانی ئیدارەی ترەمپ بۆ ئەوەی بە هاوبەشی لەگەڵ رووسیا هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بنرێت، ئەوا ئەم حاڵەتی چەقبەستوویییە زیاتر دەبێت و زیاتریش پێگەو نفوزی ئەمریکا لە ناوچەکەدا پاشەکشە دەکات.

لە ئێستادا دروستبوونەوەی حاڵەتی دووجەمسەری لە نێوان ئەمریکا و رووسیا لە رۆژهەڵاتی نیوەگۆی زەوی دەستی پێکردۆتەوەو، وەك جیمیس جیفری باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە عێراق ئاماژەی پێکردووە، ئێستا رووسیا وەك سەدەی نۆزدەهەم رەفتاردەکات و دەیەوێت بە زەبری هێز سنووری خۆی فراوان بکات و نابێت ئەمەشی لێ قبوڵ بکرێت، مەرجیش نییە ئەم قبوڵنەکردنەش بە رووبەڕووبوونەوەی سەربازی

بێت، بەڵکو ئەمریکا ئامراز و کارتی زۆری لەبەر دەستە بۆ ئەوەی بتوانێت لەم شەڕەدا بەکاریان بهێنێت.

ئەو پسپۆڕ و توێژەرانەی کار لەسەر ئاراستەی ستراتیژیەتی ئیدارەی ترەمپ دەکەن، ئەوەیان راگەیاندووە کە ستراتیژیەتی ئەمریکا بۆ سەرکردایەتیکردنی جیهان لە ئیدارەی ترەمپدا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو، ئامانجی سەرەکیی ترەمپ ئەوەیە ئەمریکا لە رۆژئاوای نیوەی گۆی زەوی (Western hemisphere) سەرکردایەتی بکات و لە رۆژهەڵاتی نیوە گۆی زەویش یاریزانی ژمارە یەك بێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا کە ئەمە ستراتیژیەتی ئیدارەی ترەمپ بێت بۆ سەرکردایەتی جیهان، ئەوا جارێکی دیکە رووسیا ئەو توانایەی نابێت کە هەموو گۆی زەوی لەگەڵدا بەش بکات، بەڵکو هەوڵدەدات کە هەژموونی خۆی لە رۆژهەڵاتی نیوەی گۆی زەوی هاوشانی ئەمریکا بکات، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا رووسیا ئەمەی بۆ دەکرێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەو بڕیارانە دەیداتەوە کە دۆناڵد ترەمپ لە رۆژانی داهاتوو بۆ ئایندەی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەریدەگرێت.

**● دەوڵەتی کوردستان گۆڕینی سەرکەوتنی سەربازی بۆ دەستکەوتی سیاسیی هاوپەیمانان**

لەساڵی ١٩١٨ کاتێك شەڕی یەکەمی جیهانی کۆتایی هات، وۆردرۆ ویلسن ١٤ خاڵی وەك پرەنسیپ بۆ ئاشتیی نێوان نەتەوەکانی جیهان راگەیاند، ئاشتیی نێوان نەتەوەکانیشی گرێدایەوە بە شێوازی بڕیاردانی نەتەوەکان لەسەر چارەنووسی خۆیان، ئەمەش وەك ئەمانوئێل کانت لە کتێبی (پرۆژەی ئاشتیی هەمیشەیی نێوان نەتەوەکان) ئاماژەی پێکردووە، نەتەوە ئازادەکان لەگەڵ یەکتری شەڕ ناکەن، بۆیە ئەگەر جیهان بیەوێت ئاشتی هەمیشەیی بێتەئاراوە، ئەوا دەبێت ئەو مافە بەنەتەوەکان بدات کە لەچوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیاندا بە ئازادی بژین. بەڵام ئەگەر نکۆڵی ئەم مافە لەنەتەوەکان بکرێت، ئەوا هەر هەوڵێك بۆ ئاشتی بدرێت، بێجگە لە ئاگربەستێکی کاتی و خۆئامادەکردن بۆ شەڕێکی دیکە و بەردەوامیدان لەشەڕو ئاژاوە هیچ ئاکامێکی دیکەی نابێت.

**ئەو داعشەی لە سووریا بوونی هەیە تەنیا داعشێکی رووکەشە و داعش لە سەرانسەری جیهان بوونی هەیە، بۆیە کاتێک ئەمریکا لەناو سووریا شەڕی دژی داعش دەکات و خەلافەتی ئیسلامی دەڕووخێنێت، ئەوا ئەم دەستکەوتە بۆ رژێمی ئەسەد و ئێران و حزبوڵا و رووسیا بەجێ دەمێنێت و داعشیش دوای رووخانی خەلافەتەکەی دڕندەتر دەبێت کاتێک کە دەبینێت دوژمنە سەرسەختەکانی لە رووخانی خەلافەتەکەی سوودمەند دەبن و ئەمریکاش لەشەڕەکەدا هیچی پێنابڕێت**

**ئێستا لە هەرێمی کوردستان لە عێراقدا، کورد زۆرێک لە ژێرخانە پێویستەکانی بۆ بونیادنانی نەتەوە و دەوڵەت دروستکردووە، بوونی پەرلەمان، بوونی سەرچاوەیەکی گرنگی داهات لە رێگەی هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوتەوە، سوپایەکی بەرگریکار کە ئەویش هێزی پێشمەرگەیە**



بێگومان دوای شەڕی یەکەمی جیهانی نەتوانرا کۆمەڵەی نەتەوەکان ببێتە نوێنەری هەموو نەتەوەکانی جیهان، بۆیە دوای کەمتر لە دوو دەیە شەڕی دووەمی جیهانی دەستی پێکرد، ئەم شەڕە وەك وینستۆن چەرچیل لە یادەوەرییەکانی خۆی ئاماژەی پێکردووە، بەرەنجامی ئەوە بوو کە هاوپەیمانان نەیانتوانی مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی بکەن، بۆیە شەڕێکی دیکەی خوێناوی کە شەڕی دووەمی جیهانی بوو، هاتەئاراوەو سەرەنجامیش بە کردەیی بووە شەڕی نێوان گەلان و نەتەوەکان و گەورەترین کارەساتیش بەسەر مرۆڤایەتیدا هات.

دوای کۆتاییهاتنی شەڕی دووەمی جیهانیش، کە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزرا، هەوڵدرا هەڵەکانی کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی دووبارە نەکەنەوە و ئەمجارە باشتر



لەگەڵ بوار رەخساندن بۆ سەربەخۆیی نەتەوەکان مامەڵە بکەن و هەروەها هاوکاری ئەو نەتەوانە بکرێت کە تووشی کارەساتی شەڕبوون، بۆ ئەوەی دووبارە خۆیان بونیاد بنێنەوە، بەڵام لەبری ئەوەی شەڕ کۆتایی بێت، شەڕێکی ساردی درێژخایەن لەنێوان سۆڤیەت و ئەمریکا دەستی پێکرد، کە ماوەی زیاتر لە ٤ دەیە ئاگربەستێکی دیکەی دروستکرد، هەر بۆیە لەگەڵ رووخانی یەکێتی سۆڤیەت شەڕێکی دیکەی خۆێناوی ئەوروپا و دەوڵەتانی پێشووی یەکێتی سۆڤیەتی گرتەوە کە سەرەنجام ناچار بوون بە پەنابردن بۆ چارەسەری دەوڵەتی نەتەوەیی شەڕەکە کۆتایی پێبهێنن.

ئەو چارەسەرەی کێشەی بۆسنیا و هیرزۆگۆڤینیا و یوگسلافیای پێشووی و دەوڵەتانی یەکێتی سۆڤیەتی پێ چارەسەر کرا، ئەوکات نەگەیشتە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە ئەو کات بارودۆخەکە بەو ئاستە نەتەقیبۆوە کە پەنا بۆ چارەسەرێکی ریشەیی بەرن، تەنیا رووداوێك کە سەرنجی جیهانی راکێشا لەو سەردەمە، کۆڕەوی کورد بوو لە دژی گەڕانەوەی دەسەڵاتی سەدام حوسێن بۆ کوردستان، ئەمەشیان بە دروستکردنی ناوچەی دژە فڕین و نەوای ئارام لەسەرووی هێڵی ٣٦ لە عێراق چارەسەرکرد، کە ئێستا ئەو ناوچە ئارامە بۆتە دەوڵەتێکی سەربەخۆی دیفاکتۆ و پێشەنگ لە تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش و پێگەیەکی گرنگی هاوپەیمانیی نیودەوڵەتی بۆ بردنەوەی شەڕی دژی داعش بە یەکجاری.

دیارە ئاکامی هەر شەڕێك ئەو هاوپەیمانانە بڕیاریان لەسەرداوە کە لە پێناوی سەرکەوتنی شەڕەکە هاوپەیمانییان گرێداوە و ئامانجیشیانە کە چۆن جەنگەکەیان بەشێوەی سەربازی بردۆتەوە، شەڕەکەش بەشێوەیەکی سیاسییانە ببەنەوە.

# ئێستا کاتێکی لەبارە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بەشێوەیەکی ئاشتییانە

**گرتنەبەری ڕێگای گفتوگۆ بۆ سەربەخۆیی کوردستان، بە چەشنی رابردوو بە نامومکین دەرناکەوێت. لە نێو دەستەی حوکمڕانیی عێراقدا گوێبیستی ئەو دەنگانە دەبین کە ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕێگە بە کورد بدەن بۆ ئەوەی ڕێگەی خۆیان بگرنەبەر، کە ئەمەش بوار بە بەغدا دەدات بۆ ئەوەی لە سەدا ١٧ی بودجەکە هەڵبگرنەوە بۆ خۆیان کە دەبوو ڕەوانەی هەولێری بکەن، (ئەگەرچی هەرێمی کوردستان هیچ کاتێک تەواوی ئەو ڕێژەیەی بەدەست نەگەیشتووە.) ئەمە هەڵوێستی ڕەسمی حکومەتی عێراق نییە، بەڵام هەرچۆنێک بێت، ئەوا ڕێگاچارەیەکی نوێ و ڕەنگە بەرهەمدار بێت بۆ چارەسەرکردنی خواستی درێژخایەنی کورد بۆ سەربەخۆیی. خۆ ئەگەر بێتو ئەمە ببێتە سیاسەتی عێراق، ئەوا سەربەخۆیی کورد هێندە مایەی ناسەقامگیری نابێت وەک ئەوەی زۆرجار گوزارشت لەم مەترسییە دەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، گفتوگۆکان قورس و زەحمەت دەبن، ئەویش بەلەبەرچاوگرتنی پێداگیری کورد لەسەر کەرکووک و ناوچە کێشەلەسەرەکانی دیکە کە لە دوای هاوینی ساڵی ٢٠١٤وە کەوتوونەتە ژێر دەستی کوردەوە، واتە ئەو کاتەی کە هێزە ئەمنییەکانی عێراق لە بەرامبەر چەکدارانی داعشدا داڕووخان.**

**ئەگەر بێتو هەولێر و بەغدا ڕێککەون لەسەر ئەوەی لە ڕێی ئەنجامدانی گفتوگۆوە لەیەک جیاببنەوە، ئەوا بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا روون دەبن. داڕێژەرانی سیاسەتی ئەمریکا بەرهەڵستی سەربەخۆیی کوردیان کردووە لەسەر ئەو بنەمایەی کە پارچەپارچەبوونی عێراق دەبێتەهۆی ڕشتنی زیاتری خوێنی**

شەڕی دژی داعش ڕاستییەکی بۆ جیهان ئاشکرا کرد، کە ئەم شەڕە بەرەنجام و کاردانەوەی ڕێکخراوێکی توندڕۆی ئیسلامی نییە بەرامبەر بە سیستمی دیموکراتیی ڕۆژئاوا، بەڵکو ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستییە بۆتە نوێنەری ئەو ستەم و زوڵمەی کە عەرەبی شوێنکەوتووانی مەزهەبی شیعە دژی عەرەبی شوێنکەوتووانی مەزهەبی سوننە دەیکەن، بەدیوێکی دیکە واتە هەتا ئەگەر ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە بنەچەوە بەشێك بوویێت لە ڕێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدە، ئەوا ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەی بەهۆی شەڕ و ئاژاوەی نێوان سوننە و شیعەوە لەناوچەکە هاتەئاراوە، بۆتە هۆکاری سەرەکی کە عەرەبی سوننە لەدەوری داعش کۆببێتەوە و لە ڕێگەی کارە تیرۆریستییەکانی داعشەوە بیانەوێت تۆڵەی خۆیان لە دەسەڵاتی شیعە لەناوچەکەدا بکەنەوە.

لەناو ئەم ژینگە ئاڵۆز و خوێناوییەی شەڕی نێوان داعش و دەسەڵاتی شیعە لەناوچەکەدا، کوردستان هێرشی کرایە سەر و هەوڵدرا داگیر بکرێت، بەڵام هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئاراستەی شەڕەکەی گۆڕی و داعشی تێکشکاند، ئەم بەرگرییەی هێزی پێشمەرگە دەرگایەکی کردەوە بۆ ئەوەی ئەمریکا و ڕۆژئاوا بتوانن بڕیاربدەن و بۆ تیکشاندنی داعش و لە پێناوی گێڕانەوەی ئاشتی و سەقامگیری، هاوپەیمانییەك دابمەزرێنن، ئێستا لە تەواوی ئەو ناوچانەی داعش شەڕیان تێدا دەکات، تەنیا لەبەرەی کوردستانەوە شەڕی دژی داعش

نووسینی:
ستیڤن کوک




عێراقییەکان و لاوازکردنی ئاسایشی تورکیا وورووژاندنی ناکۆکی لەگەڵ ئێراندا. زۆرێک لە شیکەرەوەکان مشتومڕی ئەوەیان کردووە کە دەوڵەتی کوردی لە رووی ئابوورییەوە کارێکی واقیعبینانە نابێت. ئەگەرچی ئەمە خۆی لە خۆیدا بەربەست و ئاستەنگ نییە لەبەردەم دەوڵەتدا. راستە مەترسیی راستەقینە هەن، بەڵام ئەگەر هەرێمی کوردستان لە رێی گفتوگۆوە لە عێراق جیا ببێتەوە، ئەوا دەستی واشنتۆن واڵا دەبێت بۆ ئەوەی پەرە بە پێوەندییەکانی بدات بە کوردستانەوە بە بێ ئەوەی ئەمە ببێتەهۆی ورووژاندنی تووڕەیی بەغدا. کوردستانی سەربەخۆ پێویستی بە یارمەتییەکی سەربازیی گەورەتری ئەمریکا دەبێت، زیاتر لەو راهێنان و کەلوپەلانەی لە ئێستادا بۆی دابین دەکرێت. هەروەها پێویستی بە هاوکاری ئابووری دەبێت، ئەویش بە رەچاوکردنی ئەو بارگرانییەی کە ژمارەیەکی زۆری ئاوارە سوورییەکان دروستیان کردووە و لەبەر ئەوەی لە ژێر رەحمەتی هەڵبەز و دابەزی بازاڕی وزەدایە. هەرچۆنێک بێت، بە بێ هەڕەشەی کاردانەوەی عێراق ئەوا پێداویستیی کوردستان بەم هاوکارییانە بە رادەیەکی گەورە کەمتر دەبێتەوە، لەگەڵ رەچاوکردنی بوونی پێوەندییەکی ئابووری پڕ لە هاوکاری لە نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقدا. لەوەش زیاتر، ئەمریکا شەریکێک بەدەست دەهێنێت کە دەتوانێت هاوکار بێت لە پاراستنی بەرژەوەندییە ئەمنییەکانی ئەمریکادا لە ناوچەیەکی ناسەقامگیردا.

● **سەرچاوە:** Are Conditions Ripening for Iraqi Kurdish State?

بە سەرکەوتنی سەربازی و سیاسییەوە کۆتایی هاتووە، لە شوێنەکانی دیکە تەنانەت لەبەشە عەرەبیەکەی عێراق هەتا ئەگەر لە هەندێك شوێن سەرکەوتنی سەربازیش بەدەست هاتبێت، ئەوا هیچ ئاماژە و گەشبینیەك بەدی ناکرێت بۆ ئەوەی سەرکەوتنی سیاسی بەدەست بێت و شەڕەکە بەتەواوەتی بۆ بەرژەوەندی هاوپەیمانان و ئاشتی و سەقامگیری ناوچەکە کۆتایی پێ بێت.

بۆیە تەنیا شوێنێك کە پێویستە پارێزگاری لێ بکرێت و بکرێتە پێگەیەك بۆ ئەوەی وەرچەرخانێك لە سەرکەوتنی سەربازییەوە دروست بێت بەرەو سەرکەوتنی سیاسی و ئارامی و سەقامگیری ناوچەکە، تەنیا کوردستان و ئەو جوگرافیایەیە کە هێزی پێشمەرگە تیایدا باڵادەستە، ئەوجا بۆ ئەوەی پێگەیە بۆ هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش و ئەمریکا ببێتە دەروازەیەك بۆ بردنەوەی تەواوی شەڕی دژی داعش و رۆژئاوا رۆڵی خۆی تێدا بگێڕێت، ئەوا هیچ رێگەیەکی دیکە لەبەردەم هاوپەیمانیی نیودەوڵەتیدا نامێنێتەوە، تەنیا ئەوە نەبێت کە خۆیان پشتگیری خەڵکی کوردستان بکەن بۆ ئەوەی دەوڵەتی ئەمری واقیعی کوردستان وەرچەرخێت بۆ دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی، بەبێ دەوڵەتی کوردستان هاوپەیمانی نێودەوڵەتی نەك هەر شەڕی دژی داعش دەدۆڕێنێت، بەڵکو زەمینە بۆ شەڕ و کارەساتی گەورەتر لە ناوچەکەدا دەخولقێنێت.

# بنەماکانی ریفراندۆمی کوردستان



پ.ی.د. تالب کاکەیی

بۆ گوڵان نووسیویەتی

ریفراندۆم (گشتپرسی) بریتییە لە پرۆسەی ئاراستەکردنی پرسیار لە دەنگدەرانی وڵاتێکی دیاریکراو و ڕەخساندنی هەل بۆ ئەوەی بە ئازادی رای خۆیان دەرببڕن بە ئەرێنی، یان نەرێنی سەبارەت بە بابەتێك کە ئاراستەیان کراوە، بە نووسراوی لە کارتی ریفراندۆمدا، ئەنجامی ریفراندۆمەکەش بە دەربڕینی ئیرادەی گەل دەزانرێت.

لە رێکخستن و ئەنجامدانی ریفراندۆم، بەتایبەتی ریفراندۆمی سەربەخۆیی دەبێت رەچاوی هەندێ پێوەر و رێکاری یاسایی بکرێت. گرنگترینیان لە راپۆرتی کۆمیسیۆنی ئەوروپایی بۆ دیموکراتی لە رێگای یاساوە بە ناونیشانی «پەڕاوی پراکتیکە باشەکان لە ریفراندۆمدا» هاتوون و ئێستا وەك نێونەتەوەیی ناسراون و پراکتیك دەکرێن. وەك: بەڕێوەچوونی ریفراندۆم لەلایەن دەزگایەکی بێلایەنەوە لە چوارچێوەی رێسا و پرێنسیپگەلێکی یاساییدا کە مسۆگەری تۆماری دەنگدەران بکات و بواری یەکسان دابین بکات بۆ کەسان و پێکهاتەکان و مسۆگەرکردنی ئازادیی دەربڕینی راو و دەنگدان و هەروەها دابینکردنی ئازادی بۆ کەسان و میدیا و رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی، ناوخۆیی و نێودەوڵەتی، فەرمی و نافەرمی بۆ چاودێریی بەڕێوەبردنی ریفراندۆمەکە و ئەنجامەکانی.

بەپێی یاسای کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و راپرسی ژمارە (٤)ساڵی ٢٠١٤ لە دەسەڵاتی کۆمیسیۆندایە رێکاری هەموو هەڵبژاردن و راپرسییە گشتییەکان ئەنجام بدات لە کوردستان – عێراق. بەپێی خاڵی یەکەمی ماددەی چوارەمی ئەم یاسایە کۆمیسیۆن بۆی هەیە ئەو رێسا و پرەنسیپە نێونەتەوەییانە کە لە پەرەگرافی سەرەوە ئاماژەمان پێ کرد، دارێژێتەوە و بیگونجێنێ لەگەڵ بارودۆخی کوردستاندا و لە گشتپرسییەکە پەیڕەویان بکات لەگەڵ ئەو یاسایانەی کوردستان کە پێوەندییان بە هەڵبژاردنەوە هەیە، وەك یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١ ) ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.

ئەگەر لایەنە سیاسییەکان نەگەیشتنە رێککەوتن لەسەر ئەنجامدانی راپرسییە گشتییەکە بەو شێوە و میکانیزمەی سەرەوە، ئەوسا دەکرێت پەنا بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان ببرێت.

بەو پێیەی فەرمان، یان بڕیاری سەرۆك لائیحەیەکی رێکخستن و جێبەجێکارییە و دەرکردنی لە دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێمدایە، وەك سەرۆکی باڵای دەسەڵاتی جێبەجێکاری بەپێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو، دەکرێ سەرۆك بە فەرمانێکی هەرێمی دەزگایەك دامەزرێنێ بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆمەکە بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و راپرسی و ئەو رێساو پرەنسیپانە دیاری بکات کە دەبێ لەکاتی پرۆسەی ئەنجامدانی ریفراندۆمەکەدا پەیڕەو و رەچاو بکرێن لەپاڵ یاسا کارپێکراوەکان لەم بوارەدا.

## ● بنەما یاساییەکانی ریفراندۆم

بنەمای یاسایی، یان پێوەری رەوایەتی ریفراندۆمی سەربەخۆیی، بە یەکێ لە گرنگترین پێوەری ریفراندۆمی سەربەخۆیی دەزانرێت، لەبەر ئەوەی رەوایەتی بە ریفراندۆم دەدات و دەیکاتە گرنگترین ئامرازی دەربڕینی ئیرادەی گەل بۆ جێبەجێکردنی مافی چارەنووس.

بنەما یاساییەکانی ریفراندۆم، بە شێوەیەك

لە شێوەکان، بەپێی گەلان و وڵاتان و مەرکەزی یاساییان و سەردەم دەگۆڕدرێن. بەڵام پراکتیکی نێونەتەوەیی دەریخستووە کە دەوڵەتان بنەما یاساییەکان بە گرنگترین پێوەری دانپێدانان بە ریفراندۆم و ئەنجامەکانی دەزانن. بۆیە لەم رووەوە دەوڵەتان رای جیاوازیان هەبوو بەرامبەر بە ریفراندۆم و ئەنجامەکانی لە کۆسۆڤو و کەتەلۆنیا و قرم و بیابانی رۆژئاوا.

لە سەر ئاستی نێونەتەوەیی تاوەکو ئێستا ئەم بنەما یاساییانە پەیڕەو کراون:

بڕیاری نێونەتەوەیی : لە قۆناغی قەڵاچۆکردنی ئیمپریالیزم و پەسەندکردنی پرەنسیپی مافی چارەنووس بەپێی دەستووری نەتەوە یەکگرتووەکان و راگەیەندراوی قەڵاچۆکردنی ئیمپریالیزم ساڵی ١٩٦٠ و راگەیاندنی پرەنسیپەکانی یاسای نێونەتەوەیی ساڵی ١٩٧٠ و چەندەها دۆکومێنتی گرنگی تر، زۆر جار بڕیاری نێونەتەوەیی بۆتە بنەمای یاسایی بۆ بەرەواکردنی ریفراندۆمی سەربەخۆیی. لەم رووەوە نەتەوە یەگرتووەکان چەند دەزگایەکی دامەزراندووە بۆ رێکخستنی ریفراندۆم لە پێناو دەرخستنی ئیرادەی ئەو گەلانەی دەیانەوێت دەوڵەتی سەربەخۆ دابمەزرێنن، یان بەشێك جیا ببێتەوە لە دەوڵەتێك، یان بمێنێتەوە لە چوارچێوەیدا. بە بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەچەندەها وڵات ریفراندۆمی سەربەخۆیی ئەنجامدراوە و گەیشتوونەتە سەربەخۆیی، وەك سودان و گانا لە ١٩٥٦، جەزائیر و کۆنگۆی بەلجیکی و تەیموری رۆژهەڵات و ئەریتیریا و سوماڵ و موریتانیا و کینیا و نیجیریا و.. هەتا دوایی.

دەستووری وڵاتان: دەستوور لە هەندێ وڵاتدا و لە هەندێ حاڵەتدا دەبێتە بنەمای یاسایی بۆ سەربەخۆیی. هەندێ دەوڵەتی فیدڕاڵی مافی جیابوونەوە لە دەستوورەکەیدا، دەداتە یەکەکانی (ئەندامەکانی ) یەکێتییەکە وەك باشووری سودان و جیکۆسلوڤاکیا و یەکێتی سۆڤێت کە هەڵوەشایەوە و ١٤ دەوڵەتی لێ دروست بوو، یان یۆگسلافیا کە دوای هەڵوەشانەوەی حەوت دەوڵەتی لێ دروست بوو.

پرەنسیپی مافی چارەنووسی گەلان: ئەم پرەنسیپە بنەمایەکی یاسایی فراوانترە لەبڕیاری نێونەتەوەیی و دەستوور، لەبەر ئەوەی خۆی بۆخۆی بریتییە لە سەرچاوەی گەوهەریی هێزی یاسایی ئەو دوو بنەمایە. بڕیارە نێونەتەوەییەکان و دەستووری وڵاتانی دیموکراسی دوور لە رێسا وپرەنسیپە یاساییە نێونەتەوەییەکان دانارێژدرێن. بەڵکو زوربەی زۆریان چوونەتە ناو ئەم دەستوورانەوە. بۆیە بڕێکی پتریان بە شێوەیەکی راستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ پرەنسیپی مافی چارەنووسیان پەسەند کردووەو پەیڕەوی دەکەن لە چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی و ئەتنی و پێوەندیی گەلانی ناو دەوڵەتە فرەنەتەوەکان و دانەنان بە مافی سەربەخۆییاندا. بەڵام کۆمەڵە گەلانێك هەن کە سیستمی ئیمپریالیزم نەیانیگرتووەتەوە و دەستووری ئەو وڵاتانەش کە خراونەتە چوارچێوەی دانی بە مافی جیابوونەوەیاندا نەناوە، تێدەکۆشن بەپێی مافی چارەنووس سەربەخۆیی خۆیان بەدەست بهێنن. لەمانە کیوبیك و کەتەلۆنیا و سکوتلەندا و ئەبخازیا و بیابانی رۆژئاوا. هەندێ لەم جۆرە وڵاتانە بە سەربەخۆیی خۆیان شادبوونەوە، وەك بەنگلادیش و کۆسۆڤۆ.

ئەگەر بڕیارە نێونەتەوەییەکان و دەستوور بریتی بن لە دوو بەڵگەی بەهێز بۆ ریفراندۆم، خۆ لۆجیکیترە خودی بنەما یاساییەکەی ئەم دوو بەڵگەیە کە خودی مافی چارەنووسە ببێتە بنەمایەکی پتەوتری راستەوخۆی وا کە رەوایی ناوخۆیی و دەرەکی بداتە پرۆسەی ریفراندۆم وەك ئامرازێك بۆ جێبەجێکردنی مافی چارەنووس. دەمەوێ بڵێم بە هێزی پرەنسیپی مافی چارەنووس، هەر گەلێك لە ناو دەوڵەتە فرەنەتەوەکاندا، دەتوانێت پەنا بباتەبەر ریفراندۆم، بەو پێیەش بۆی هەیە یەکێك لە شێوەکانی مافی چارەنووس هەڵبژیرێت: سەربەخۆیی یان فیدڕاڵی یان کۆنفیدڕاڵی.

لەبەر رۆشنایی ئەوەی گوترا، دەپرسین: ئایە گەلی هەرێمی کوردستان بنەمای یاسایی هەیە بۆ ریفراندۆمی سەربەخۆیی؟

لە یاسای نێونەتەوییدا داننان بە مافی چارەنووسی هەر گەلێکدا ئەوە دەگەیەنێت کە دەبێت یارمەتی بدرێت بۆ جیبەجێکردنی ئەم مافە بە رێگای ئاشتی، یان هێز، ئەگەر پێویستی کرد. گەلی کوردستانیش بێگومان هەردوو شێوەکەی بەکار هێناوە. ئەوەتا کورد لەدامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوەو لکاندنی باشووری کوردستان بەزۆر بەم دەوڵەتەوە، لە خەباتی چەکداریدا بووە بۆ جێبەجێکردنی مافی چارەنووس، تا گەیشتە ساڵی ١٩٩٢ کاتێك بەرەی کوردستانی سیستمی فیدڕاڵی راگەیاندو کوردستان وەك دیفاکتۆ رزگاری بوو. بەم شێوەیە بەپێی هەڵبژاردنی گشتی قەوارەی یاسایی هەرێمی کوردستان دروست بوو، بەپێی ئیرادەی گەلی کوردستان کە بە هەڵبژاردنی گشتی دەریبڕی.

**پێشێلکردنی دەستووری عێراق گەیشتە رادەیەک نوێنەرێک لە ئەنجومەنی نۆینەرانی عێراق، کە ئەندامی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستوورەو ناسراوە بە جنێوفرۆش و چەقەچناوەیی، شانازی بکات و خۆ هەڵکێشێت کە بۆ ماوەی چوار ساڵ نەیهێشتووە ئەم مادەیە جێبەجێ بکرێت، بێ ئەوەی کەس لێپرسینەوەی لەگەڵ بکات دەربارەی ئەم پێشێلکارییانەی بۆ ماددەیەکی دەستووری**

**ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بریتین لە زیاتر لە ٣٥٪ی خاکی باشووری کوردستان و مانەوەی ئەم ناوچە فرەوانە لە دەرەوەی کوردستان کە زیاتر لە دوو ملیۆن و نیو کەسی تێدا دەژین، بەردەوام دەبێتە کوانگی ئاڵۆزی لە نێوان هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی ناوەند و هۆیەک بۆ پێکدادانی ئەتنی و ئایینی و تایفی و تەگەرە لەپێش گەشەی ئابووری**

● بەڵگە دەستوورییەکانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان

دەبێت هەمیشە بیڵێین کە دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ قەوارەی کوردستانی دروست نەکردووە، بەڵکو پەسەندی (ئیقراری) کردووە. برگەی یەکەمی ماددەی ١١٧ی دەڵێت: «ئەم دەستوورە لە بەرواری پیادەکردنییەوە دان بە هەرێمی کوردستان و ئەو دەسەڵاتەی ئێستایدا دەنێت وەك هەرێمێکی فیدراڵی.» بۆ جەختکردنەوەش لەسەر ئەو دانپێدانانە ماددەی ١٤١ی دانی ناوە بەگشت ئەو یاساو بریارانەی کە لەدەسەڵاتەکانی یاسادانان و دادگەری و جێبەجێکاری قەوارەی کوردستانەوە دەرچوون لە ساڵی ١٩٩٢وە. بەم جۆرە ئەم دەزگایانە بوونە دەزگای دەستووری. بەرامبەر ئەمەش گەلی کوردستان رازی بوو، بەپێی ئەم دەستوورە، برواتە ناو یەکێتی فیدراڵی ئارەزوومەندانەوە لەگەل عێراقدا. لەسەر ئەم بنەمایە بەشداری کرد لە راپرسیی گشتی لەسەر دەستوور و لە هەڵبژاردنی گشتی بۆ پەرلەمان لەوکاتەوە تاوەکو ئێستا.

لەم روانگەیەوە دەستوور، سەرەرای ئەوەی کە گرێبەستێکی کۆمەڵایەتییە لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگەی عێراقی، بە گەلی کوردستانیشەوە، بریتییە لە رێککەوتنێکی دەستووری لە نێوان دەوڵەتی عێراق و هەرێمی کوردستان وەك دوو قەوارەی دەستووری یاسایی کە هەردوولا پرێنسیپ و ئەحکامەکانی ناویان دارشتووە وپەیمانیان داوە کە پەیوەست بن پێیەوە و پێشێلی نەکەن.

بەپێی دیباجەی دەستوورەکە یەکێتی عێراق پەیوەستە بە ئیلتیزامکردن بەو پرێنسیپ و ریساو ئەحکامانەی تێیدا هاتوون. ناوی لەم یەکێتییەش ناوە «یەکێتی ئازادی گەل و خاك و سەروەری» کە بریتین لە هەرسێ پێوەری بەدەوڵەتبوون (دانیشتووان و خاك و دەسەڵات).

بەم جۆرە پێشێلکردنی ملهورانەی بەردەوامی ئەو پرەنسیپ و ئەحکامە گرنگانەی کە ئەو یەکێتییەی لەسەر بینا کراوە، لە لایەن هەندێ لە کاربەدەستانی باڵای عێراقەوە، بریتییە لە بنکۆڵکردنی یەکێتییەکە کە زیانی مەزن بە گەلی کوردستان دەگەیەنێت، ئەمەش لەبەرامبەردا گەلی کوردستان ناچاردەکات، پەنا ببات بۆ بژاردەیەکی شەرەفمەندانەی دیکە لە بری ئەم جۆرە یەکێتییە کلکایەتییە، ئەوەش بژاردەی جیابوونەوەی گەلی کوردستان و خاکەکەی و حکومەتەکەیەتی کە هەموویان پێکەوە هەر سێ پێوەری گەوهەریی دامەزراندن و بەردەوامی دەوڵەتی سەربەخۆن.

هەروەها لە ماددەی یەکەمی دەستووردا هاتووە: «کۆماری عێراق دەوڵەتێکی یەکگرتووی فیدراڵی سەربەخۆی خاوەن سەروەرییە، سیستەمی حوکمرانی تێیدا کۆماری نوێنەرایەتی (پەرلەمانی) دیموکراسییە، ئەم دەستوورەش یەکپارچەیی عێراق دەپارێزێت.»

● ئەری ئەم دەستوورە بە چ رێگایەك و چۆن یەکپارچەیی عێراق مسۆگەر دەکات؟

گومانی تێدا نییە کە ئەوانەی بەرپرسن لە جێبەجێکردنی دەستوور و مسۆگەرکردنی پەیوەستبوون پێیەوە، پێویستە لە سەریان لە رێگای دامەزراوە حکومییەکان و بەکارهێنانی ئامرازە یاساییەکانیەوە هەوڵبدەن بۆ دامەزراندن و پراکتیزەکردنی سیستەمی یاسایی و سیاسی دیموکراتی نوێنەرایەتی فیدراڵی کە خاوەن سەربەخۆیی و سەروەریی تەواو بێت و ماف و ئازادی مسۆگەر بکات و پابەند بێت بە پیادەکردن و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لەسەر ئاستی ناوەند و هەرێمی کوردستان.

● ئایە لە رەهەندی کوردستانەوە ئەم ماف و پرەنسیپانە هاتنەدی؟

دەستووری عێراقی دوو ئەرکی گەوهەریی خستووەتە ئەستۆی دەوڵەتی عێراق بەرامبەر بە گەلی کوردستان، کە پێوەندییان بە بابەتگەلێکەوە هەیە بە توندی بەستراون بە داهاتووی هەرێمی کوردستانەوە، وەك قەوارەیەکی دەستووری لەناو دەوڵەتی عێراق. یەکەمیان تەواوکردنی پێکهاتەی سیستەمی فیدراڵییە و دووەمیان دیاریکردنی تەواوی سنووری کوردستانە. هیچ ئاماژەیەك نییە کە دەوڵەتی عێراق کارێکی کردبێت بۆ جێبەجێکردنی ئەم دوو ئەرکە. بە پێچەوانەوە پرۆسەی دامەزراندنی سیستەمی فیدراڵی تەواو لە عێراقدا تووشی دژایەتییەکی توند بووە لەلایەن هەندێ کەسانی تایفەگەرو رەگەزپەرستی توندرەوەوە. بۆ نموونە تاوەکو ئێستا کۆسپ و تەگەرە خراوەتە پێش دروستکردنی ئەنجومەنی فیدراڵی بەپێی ماددەی ٦٥ی دەستوور. بێگومان بە بێ ئەم دەزگایە ناکرێت سیستەمی حوکم لە عێراقدا ببێتە فیدراڵیی تەواو، چونکە دەسەڵاتی یاسادانان لە سیستەمی فیدراڵیدا لە دوو ئەنجومەن پێکدێت: ئەنجومەنی نوێنەران کە لەلایەن دەنگدەرانی سەرانسەری وڵاتەوە هەڵدەبژێرێت و نوێنەرایەتی هەموو گەلی وڵاتەکە دەکات. دووەمیش ئەنجومەنی فیدراڵییە کە لەلایەن یەکە فیدراڵییەکانەوە هەڵدەبژێرێن و نوێنەرایەتی یەکەکان دەکات و دەسەڵاتی یاسایی

پرسی کاملکردنی فیدراڵی و کاملکردنی سنووری هەرێمی کوردستان بریتین لە پرسگەلێکی چارەنووسسازی وا کە پێشێلکردنیان بە نەرێنی کار دەکاتە سەر گەوهەری قەوارەی کوردستان. بۆیە ناکرێ کوردستان چاوپۆشی لێ بکات و بۆ ئۆپشن و چارەسەری بەدیل نەگەرێت

لە رووی جوگرافیاوە حکومەتی عێراق هاوکار نەبووە بۆ دارشتنەوەی سنووری هەرێمی کوردستان بە پێی مادەی ١٤٠ی دەستووری عێراق. بە پێچەوانەوە جۆرەها رێگاو پلانی گرتووەتەبەر بۆ تەگەرە دانان لە بەردەم جێبەجێ کردنی ئەم ماددەیە

دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ قەوارەی کوردستانی دروست نەکردووە، بەڵکو پەسەندی (ئیقراری) کردووە. برگەی یەکەمی مادەی ١١٧ی دەڵێت: «ئەم دەستوورە لە بەرواری پیادەکردنییەوە دان بە هەرێمی کوردستان و ئەو دەسەڵاتەی ئێستایدا دەنێت وەک هەرێمێکی فیدراڵی.»

گرنگیان دەبێت و لە سەر بنەمای دادپەروەری ژمارەیان بۆ هەر یەکەیەك یەکسانە. بەم جۆرە دانەمەزراندنی ئەم دەزگایە ئامرازێکی یاسایی گرنگ لە کیسی کورد دەدات بۆ بەرگریکردن لە مافەکانی لە چوارچێوەی عێراقدا.

لە رووی جوگرافیاوە حکومەتی عێراق هاوکار نەبووە بۆ دارشتنەوەی سنووری هەرێمی کوردستان بەپێی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق. بەپێچەوانەوە جۆرەها رێگاو پلانی گرتووەتەبەر بۆ تەگەرە دانان لە بەردەم جێبەجێ کردنی ئەم ماددەیە کە ئەو چارەسەرانەی تێیدا هاتوون جێگای رەزامەندی گشت لایەنە ناوخۆیی و هەرێمی و دەولی پێوەندیدارن. باشترین نموونە رێگرییە لەئەنجامدانی سەرژمێریی گشتی و دواتر راپرسی گشتی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم و گەڕاندنەوەی زەوی و زارە داگیرکراوەکانی جووتیارە کورد و تورکمانەکان و بەردەوام بوونیان لەسەر سیاسەتی بەعەرەبکردنی کەرکووك لە رێگای دامەزراندنی عەرەبی هاوردەوە لە هەندێ دەزگای گرنگی کەرکووك .

ئەم دوو پرسە واتا پرسی کامڵکردنی فیدڕاڵی و کامڵکردنی سنووری هەرێمی کوردستان بریتین لە پرسگەلێکی چارەنووسسازی وا کە پێشێلکردنیان بە نەرێنی کار دەکاتە سەر گەوهەری قەواری کوردستان. بۆیە ناکرێ کوردستان چاوپۆشی لێ بکات و بۆ ئۆپشن و چارەسەری بەدیل نەگەڕێت. بەتایبەت ئەگەر بزانین ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بریتین لە زیاتر لە ٣٥٪ی خاکی باشووری کوردستان و مانەوەی ئەم ناوچە فرەوانە لە دەرەوەی کوردستان کە زیاتر لە دوو ملیۆن و نیو کەسی تێدا دەژین، بەردەوام دەبێتە کوانگی ئاڵۆزی لە نێوان هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی ناوەند و هۆیەك بۆ پێکدادانی ئەتنی و ئایینی و تایفی و تەگەرە لەپێش گەشەی ئابووری. لەولاشەوە دروستنەکردنی ئەنجومەنی فیدڕاڵی پێشێلکردنی مادەی ١٠٩ی دەستووری عێراقە کە جەختدەکاتەوە کە دەسەڵاتە فیدڕاڵییەکان یەکێتی یەکپارچەیی و سەربەخۆیی و سەروەری و سیستمی دیموکراتی فیدڕاڵی عێراق دەپارێزێت.

پێشێلکردنی دەستووری عێراق گەیشتە رادەیەك نوێنەرێك لە ئەنجومەنی نۆینەرانی عێراق، کە ئەندامی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوورەو ناسراوە بە جنێوفرۆش و چەقەچناوەیی، شانازی بکات و خۆ هەڵکێشێت کە بۆ ماوەی چوار ساڵ نەیهێشتووە ئەم ماددەیە جێبەجێ بکرێت، بێ ئەوەی کەس لێپرسینەوەی لەگەڵ بکات دەربارەی ئەم پێشێلکاریانەی بۆ ماددەیەکی دەستووری.

ئەمە حاڵی دەستوورەکە بێت، عێراقیش خاوەن ئەو جۆرە پەرلەمانتارە بێت، ئەی چۆن هەرێمی کوردستان و گەلی کوردستان ملکەچی ئەو دەستوورە بن و لە چوارچێوەی ئەو عێراقەدا بمێننەوە؟ لەم سایە و رەوشەدا نەك هەر ئەستەمە، بەڵکو شەرمیشە بۆ ملەتێك رێز لە خۆی و رابردووی و خەباتی قارەمانانەی بزووتنەوەی ئازادیخوازی خۆی و خوێنی شەهیدانی نەوەکانی خۆی نەگرێت و لە ناو دەوڵەتێکی وادا بمێنێتەوە.

ئەم هەمو کەموکوڕی و کەلەبەرانە لە سیستمی سیاسیی عێراقیدا و بێدەنگی و بەڵکو هاندانی پێشێلکاری و چاوپۆشی لە جێبەجێنەکردنی دەستوور و خۆدزینەوە لە دیاریکردنی سنووری کوردستان بەپێی دەستوور و بڕینی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم و پێشمەرگە کە ئەمە نزیکەی دوو ساڵە بە درێژایی زیاتر لە ١٠٠٠کلم دەجەنگێت دژی دڕندەترین هێزی تیرۆری نێونەتەوەیی، و ئاستەنگ دروستکردن لەبەردەم تەواوکردنی دەزگا دەستوورییە فیدڕاڵییەکان، ئەمانە گشتیان وادەکەن کە دەزگا دەستوورییە عێراقییەکان لەمەودوا رەوایەتی نوێنەرایەتیکردنی گەلی کوردستانیان نەمێنێت، ئەمەش رێگا خۆشدەکات پەنا بۆ بژاردەی سەربەخۆیی ببات لە رێگای ریفراندۆمەوە بەپێی ماددەی (٥)ی دەستوور کە دەڵێت: «سەروەری بۆ یاسایە، گەلیش سەرچاوەی دەسەڵات و شەرعیبوونیەتی، کە بەهۆی دەنگدانی راستەوخۆ و نهێنییەوە لە رێی دامودەزگا دەستوورییەکانەوە ئەنجامی دەدات.»

مانەوە لەناو دەوڵەتێکدا یان جیابوونەوە لێی و دانپێدانان بە دەوڵەتی دروستکراوی نوێدا تا رادەیەك دەوەستێتە سەر رادەی دیموکراسیەتی هەردوو دەوڵەتی دایك و دەوڵەتە نوێیەکە، هەروەها رادەی پەیوەستبوون بەو ماف و ئیلتیزامانەی لە دەستوورەکەدا دیاری کراون. چەندێ دەوڵەت پایە دیموکراتییەکانی لەدەست بدات، ئەوەندە لە نوێنەرایەتیکردنی ئەو گەلە دووردەکەوێتەوە کە داوای مافی سەربەخۆیی دەکات و بەهەمان رادەش ئەو گەلە پشتگیری و رەوایەتی بۆ داواکاریی خۆی وەدەست دەهێنێ بۆ ئەوەی ئیرادەی خۆی دەربخات بۆ سەربەخۆیی کە یەکێکیش لە ئامرازەکانی گشتپرسییە.

**کورد لەدامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوەو لکاندنی باشووری کوردستان بەزۆر بەم دەوڵەتەوە، لە خەباتی چەکداریدا بووە بۆ جێبەجێکردنی مافی چارەنووس، تا گەیشتە ساڵی ١٩٩٢ کاتێک بەرەی کوردستانی سیستمی فیدڕاڵی راگەیاندو کوردستان وەک دیفاکتۆ رزگاری بوو**

**بنەمای یاسایی، یان پێوەری رەوایەتی ریفراندۆمی سەربەخۆیی، بە یەکێ لە گرنگترین پێوەری ریفراندۆمی سەربەخۆیی دەزانرێت، لەبەر ئەوەی رەوایەتی بە ریفراندۆم دەدات و دەیکاتە گرنگترین ئامرازی دەربڕینی ئیرادەی گەل بۆ جێبەجێکردنی مافی چارەنووس**

**پراکتیکی نێونەتەوەیی دەریخستووە کە دەوڵەتان بنەما یاساییەکان بە گرنگترین پێوەری دانپێدانان بە ریفراندۆم و ئەنجامەکانی دەزانن. بۆیە لەم رووەوە دەوڵەتان رای جیاوازیان هەبوو بەرامبەر بە ریفراندۆم و ئەنجامەکانی لە کۆسۆڤۆ و کەتەلۆنیا و کریم و بیابانی رۆژئاوا**



## کەریم سلێمان

راوێژکاری جڤاتی رۆحانی ئێزیدی و ئەندامی دەستەی باڵای بنکەی لالش بۆ گوڵان:

# ئێمەی ئێزیدی هەرگیز هەڵوێستی سەرۆک بارزانی لە یاد ناکەین و هەر ئەو بە پشت و پەنای خۆمان دەزانین

## شنگال بەشێکی گرنگی باشووری کوردستانەو کانتۆن رەتدەکەینەوەو پەکەکەش دەبێت ئەو دەڤەرە چۆڵ بکات

**ئەوکارەساتەی تیرۆریستانی داعش بەرامبەر کوردانی ئێزیدی لە شنگال ئەنجامیاندا، بە ئازادکردنی شنگال و هەوڵەکانی حکومەتی کوردستان بۆ ئازادکردنی ژنان و کچانی کوردانی ئێزیدی تۆزێك ئارامی بەدڵیان بەخشی و ئومێدێك دروست بوو کە زەمینەی لەبار دروست بووە بۆ ئەوەی هەم ناوچەکەیان بۆ ئاوەدان بکرێتەوە، هەمیش دووبارە لە ئاوارەیی رزگاریان بێت و بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، بەڵام لەدوای ئازادکردنەوەی شنگال و دەڤەرەکەیان، بوونی پەکەکە بۆتە رێگرێکی گەورە بووە لەبەردەم ئاوەدانکردنەوەو گەڕانەوەی ئێزیدییەکان، ئەمە وێڕای ئەوەی جڤاتی رۆحانی ئێزیدی و میر و مەرجەعییەتی ئیزیدییان بە زمانێکی ئاشتییانە داوایان لە پەکەکە کردووە کە ئەو ناوچەیە چۆڵ بکات و کارەساتی دیکە بەسەر کوردانی ئێزیدی نەهێنن، بەڵام پەکەکە سوورە لەسەر ئەوەی لەو ناوچەیە بمێنێتەوە و شەڕێکی نەخوازراو دروست بکات، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بارودۆخە و رای گشتی لەناو کوردانی ئێزیدی، لەم دیمانەیەدا کەریم سلێمان راوێژکاری جڤاتی رۆحانی ئێزیدی و ئەندامی دەستەی باڵای بنکەی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لالش، وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵان دەداتەوە.**

*** دوای ئەو کارەسات و ژینۆسایدە گەورەیەی بەسەر کوردانی ئێزیدی لە شنگال هات، سەرۆك بارزانی خۆی بەشداری شەڕی شنگالی کرد، لەم سەرکەوتنەشدا ٧٠٠ پێشمەرگەی قارەمان شەهید بوون. ئایا ئازادکردنەوەی شنگال بەبەشداری سەرۆك بارزانی تاچەند لای کوردانی ئێزیدی جێگەی خۆشحاڵی بووەوا تاچەند ئێزیدییەکان سەرۆك بارزانی بە پشت و پەنای خۆیان دەزانن؟**

- جەنابی سەرۆك بارزانی بۆ ئەو کارەساتەی بەسەر ئێزیدییەکان هات، زۆر دڵگران بوو، تەنیا ٣ رۆژ لە دوای داگیرکردنی شنگال لەلایەن داعشەوە و لە رۆژی ٦ئابی ٢٠١٤ بابەشێخ و حازمی کوڕی میر تەحسین و چوار کەسایەتی دیکەی ئێزیدی چووینە لای جەنابی سەرۆکی کوردستان لە پیرمام، لەوێ بابەشێخ بە جەنابی سەرۆك بارزانی گوت: ئێمەی ئێزیدی کەسمان نییە و تەنیا تۆمان هەیە و پشت و پەنامانی ئەگەر تۆ بەهانامانەوە نەیەیت ئێزیدی کۆتاییان هات و نەمان. ئەو کات سەرۆك بارزانی فرمێسکی بەچاواندا هاتە خوارەوە بۆ ئەو مەرگەساتەی بەسەر کوردانی ئێزیدی هات، هەربۆیە داوامان لە راگەیاندنکارەکان کرد وێنەگرتنی کۆبوونەوەکە رابگرن و هۆڵ و شوێنەکە جێبهێڵن، چونکە فرمێسك لەچاوانی سەرۆك بارزانی رانەدەوەستا، هەر ئەو کات بۆ ئێمە دەرکەوت کە سەرۆکێکی مەزن و دڵسۆزێکی گەورەی کوردانی ئێزیدی خەمخۆرو پاڵپشتمانە، تەنانەت ئەو کات سەرۆك بارزانی گوتی: ئەگەر ئێمە فڕۆکەمان هەبووایە ئەوا من ئێستا لەناو یەکێك لەو فڕۆکانە دەبووم و دەچوومە سەر چیای شنگال، ئەو فەرمووی کارەساتی کوردانی ئێزیدی تەنیا کارەساتی ئەوان نییە، کارەساتی میللەتی کوردی مەزلوومە و بەسەر ئێمەدا هاتووە، پاشانیش پێش دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنەوەی شنگال و دەڤەری ئێزیدییەکان، جەنابی سەرۆك بارزانی لە سحێلا لەگەڵ ئێمە کۆبووەوە، لەو کۆبوونەوەیەدا کە میر تەحسین بەگ میری ئێزیدییان و بابەشێخ سەرۆکی مەرجەعییەتی رۆحانی ئێزیدییان و ٣٠٠ کەسایەتی ئێزیدی وەك سەرۆك هۆز و سیاسەتمەدارو رۆشنبیری دەڤەری شنگال و باشیك و بەحزانێ بەشدار بوون. سەرۆك بارزانی بەڵێنی پێداین و گوتی: هەتا ئەگەر سەری خۆشمان لە پێناو دانابێت، بەهەر نرخێك بێت، هەر دەبێت شنگال و دەڤەرەکە رزگار بکەین. پەیمان و بەڵێنەکەشی هێنایە جێ و شنگال رزگار کرا، لە ئۆپەراسیۆنێکی بێ وێنەدا کە بەخوێنی ٧٠٠ پێشمەرگەی قارەمان تۆمار کرا و ژمارەیەکی یەکجار زیاتریش بریندار بوون، هەربۆیە هەرگیز ئێمەی کوردانی ئێزیدی ئەم وەفا و بەڵێنەی سەرۆك بارزانی لەبیر ناکەین و شانازی پێوەدەکەن و لەبیرو هەستمان ناسڕێتەوە و تا دنیاش مابێت کوردانی ئێزیدی هەر سەرۆك بارزانی بەپشت و پەنای خۆیان دەزانن، هەرگیز وتەکانی سەرۆك بارزانی لە کۆبوونەوەکەی سحێلا لەبیر ناکەین، کاتێك فەرمووی: شەڕ لەنێوان بەرەی رووناکی و بەرەی تاریکیدایە، ئێمەش وەکو کورد لەسەر بازگەی رووناکین و لەگەڵ

**پێویستە پەکەکە لە ڕێگەی فشارو پاڵەپەستۆی ئەمریکاو هێزەکانی هاوپەیمانانەوە لە تەواوی دەڤەرەکەمان بکرێنە دەرەوە، ئەرکی تەواویی پارتە سیاسیەکانی کوردستان و حکومەتی هەرێم و ڕۆشنبیرانە کار بۆ چۆڵکردنی شنگال بکەن لەهێزی چەکداری پەکەکەو دەست و تاقمەکانیان**

**بەپێی هەموو دابونەریت و یاسا نێودەوڵەتییەکان چەکدارکردنی منداڵان قەدەغە کراوە، لە کەلتوور و دابونەریتی کوردەواریشدا کارێکی قێزەوەنە و جێگای قبووڵکردن نییە، بەڵام پەکەکە ئەو کارە دەکات و سوودی لە خراپیی بارودۆخی کوردانی ئێزیدی وەرگرتووە و کچ و لاو و منداڵی ئێمەیان چەکدار کردووە و لەشەڕەکانی مینبج و ڕەققە بەکوشتیان داون**

**یاداشتنامەیەکی ٢٣ خاڵیمان دەرکردو پێشکەش بە سەرۆک بارزانی کراوە، لەو یاداشتنامەیە وەکو کوردانی ئێزیدی داوامان کردووە شنگال و دەشتی نەینەواو ببنە دوو پارێزگای سەر بەهەرێمی کوردستان و بە فیعلی ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکرێت**

مەدەنییەت و دیموکراتی و پێکەوەژیان و ماڤی مرۆڤین؛ لەگەڵ لێبووردەیی ئایینی و مەزهەبی و نەتەوەیی خۆماندایین، دەمانەوێت دەوڵەتی کوردی بێتەدی، دەوڵەتێکی مەدەنی و دیموکراتی و پڕ لە لێبووردەیی نێوان نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان دامەزرێنین. بۆیە ئەوە سەرۆك بارزانی و پێشمەرگە بوون کە نەیانهێشت سەروەرییەکانی ئەم نەتەوەیە و هەرێمی کوردستان لە پێکەوەژیان و لێبووردەیی و مافی مرۆڤ نەشێوێ و تا ماوە هەرێمی کوردستان شوێنی پێکەوەژیان و لێبووردەیی بێت، لەم وڵاتەو لەناو جەرگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەر هەڵوێست و ڕێبازی بارزانی بوو وایکردووە موسڵمان و ئێزیدی و کریستیان و کاکەیی و هەموو ئایینەکانی تر پێکەوە بژین.

*** ئێستا شنگال ئازادکراوە؛ بەڵام خەڵکەکەی نەگەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان، هۆکاری ئەمەش بوونی پەکەکەیە کە هەتا ئەوانە لەو ناوچەیەدا بن، ناتوانرێت دەست بە ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە بکرێت. پرسیار ئەوەیە ئایا پەکەکە چی لە شنگال دەوێت و بۆچی شنگال چۆڵ ناکات بۆ ئەوەی دەست بکرێت بە ئاوەدانکردنەوەی؟**

- ئێمە وەك جڤاتی ڕۆحانی ئێزیدی لەگەڵ ٥٦ کەسایەتیی سەرۆك هۆزی ئێزیدی کۆبوونەوەیەکی فراوانمان ئەنجامداو بەیاننامەیەکمان لەسەر ڕەوشی شنگال و ناوچەکە و بوونی پەکەکە لەو ناوچەیە دەرکرد و بەیاننامەکەمان سێ خاڵی لەخۆگرتبوو، یەکەم: ڕامانگەیاندبوو ئێمەی کوردی ئێزیدی لەگەڵ شەڕدا نین و شەڕ خزمەت بە ئێمە و دەڤەری شنگال ناکات، دووەم: برینی ئەو کارەساتەی بەسەر کوردانی ئێزیدی هاتووە قووڵ و تەڕن، هەر بۆیە داواکاری ئێمە ئەوە بوو بە زووترین کات شەڕ ڕاوەستێت، هەروەك بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەرپرسانی دیکەی هەرێم گوتیان، سوپاسی پەکەکە دەکەین کە پشتی ٢٠١٤/٨/٣ بەهاواری ئێمەوە هاتن و دژی داعش ڕاوەستان هەروەکو چۆن پێشمەرگەی کوردستان لە کۆبانێ بەهانای پەکەکەو هێزەکانیان هات بۆ ئەوەی کۆبانێ نەکەوێتە دەستی داعشەکان، دوای تەواوبوونی ئەرکەکەیان پێشمەرگەی کوردستان گەڕانەوە باشووری کوردستان، هەربۆیە پێویستە پەکەکەش بگەڕێتەوە شوێنی خۆی کە باکووری کوردستانە- خاڵێکی تری بەیاننامەکە باس لە کوردستانییەتی شنگال دەکات، هەرچەندە کوردانی ئێزیدی دەخوازن ریفراندۆم ئەنجام بدرێت و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بێتەدی، بەڵام تا ئەمڕۆش ئێمە لەچوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵیداین، بۆیە لەبەرژەوەندی ئێمەدا نییە ئیدارەیەك لە خانەسوور دابمەزرێت و سەر بەقامشلۆ یا حەسەکە بێت، ئیدارەو کانتۆنی پەکەکە لەدەڤەری شنگال جێگای قبووڵ کردن نییە، چونکە سنوون و خانەسۆرو شنگال و تەواوی دەڤەرەکە کوردستانییەو سەر بەحکومەتی هەرێمی کوردستانە. لەم ڕوانگەیەوە ئێمە وەکو جڤاتی ڕۆحانی ئێزیدییان و سەرۆك هۆزەکانی ئێزیدییان و ناوچەکە دەبینین، پەکەکە بۆ مەرامی سیاسیی خۆیان لەناوچەکەن و هیچ خزمەت بە ئێمە ناکەن و دەبنە ئاستەنگ لەمەڕ ئاوەدانکردنەوەی شنگال.

*** ڕای ئێوە وەك جڤاتی ڕۆحانی ئێزیدی هەڵوێستتان سەبارەت بە دروستکردنی کانتۆنەکانی پەکەکە لەو دەڤەرە چییە؟**

- چڤاتی ڕۆحانی ئێزیدی و هەموو کەسایەتی و سەرۆك هۆزو خەڵکی ئێزیدی قبووڵ ناکەن شنگال بکرێتە کانتۆن و لەکوردستان جودا بکرێتەوە، لەدوای گەڕانەوەی میر تەحسین بۆ کوردستانیش کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانمان ئەنجامداوە و یاداشتنامەیەکی ٢٣ خاڵیمان دەرکردو پێشکەش بە سەرۆك بارزانی کراوە، لەو یاداشتنامەیە وەکو کوردانی ئێزیدی داوامان کردووە شنگال و دەشتی نەینەواو ببنە دوو پارێزگای سەر بەهەرێمی کوردستان و بە فیعلی ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکرێت، لەم دۆخەدا پێکەوەژیان و گەڕانەوە بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەشتی نەینەوا زەحمەتە، بەڵام بەپارێزگابوونی شنگال و دەشتی نەینەواو گەڕانەوەی بۆ سەر هەرێمی کوردستان لەلایەك قورسایی ئاوارەکان لەسەر هەرێم کەم دەبێتەوە، لەلایەکی تر ئێزیدی و ئایینزاکانی دیکە شوێنێکی پێکەوەژیان و ئارامیان دەبێت و دەست لەکۆچکردن هەڵدەگرن، عەرەبی سوننە کە لەساڵی ١٩٢١ هاتنە دەسەڵات تا ماوەی ٨٠ ساڵ بەعەقڵیەتی تاکڕەوی و کوشتن و سڕینەوەی مۆرکی کوردستانییەت کاریان کردووە وا بەئاسانی دەستبەرداری فیکری توندڕۆیی ئایینی و شۆڤێنی نابن.

*** باس لەوە دەکرێت کە پەکەکە بەزۆر کچان**

**و کوردانی ئێزیدی دەرفێنێت و چەکداریان دەکات، ئایا ئەم کارەی پەکەکە تاچەند جێگەی نیگەرانی ئێوەی کوردی ئێزیدییە و دەبێت چی بکرێت بۆ ئەوەی پەکەکە واز لەو رەفتارە خراپانە بهێنێت؟**

- بەپێی هەموو دابونەریت و یاسا نێودەوڵەتییەکان چەکدارکردنی منداڵان قەدەغە کراوە، لە کەلتوور و دابونەریتی کوردەواریشدا کارێکی قێزەونە و جێگای قبوولکردن نییە، بەڵام پەکەکە ئەو کارە دەکات و سوودی لە خراپیی بارودۆخی کوردانی ئێزیدی وەرگرتووە و کچ و لاو و منداڵی ئێمەیان چەکدار کردووە و لەشەڕەکانی مینبج و رەققە بەکوشتیان داون، چەکدارکردنی کچ و منداڵی ئێزیدی لەلایەن پەکەکەوە زوڵمێکی گەورەیە دەرهەق بە کوردانی ئێزیدی دەکرێت و زیان بەدۆزەکەیان دەگەیەنێت، با پەکەکە سۆزو بەزەیی بەکوردانی ئێزیدی و ئەو کارەساتە بێتەوە کە دووچاری بووین، ئافرەتی کوردی ئێزیدی لەسەر دەستی داعش دەست بۆ نامووس و کەرامەتی براوەو سەدان کچ و ئافرەتمان رفێندراون و تا ئێستا ٣٥ گۆڕی بەکۆمەڵی کوردانی ئێزیدی لەدەڤەرە ئازادکراوەکان دۆزراونەتەوەو ٣٥٠٠ کچ و ئافرەت لەژێر دەستی داعشدان و تەنیا ٢٥٠٠ ئافرەت و منداڵ رزگارکراون کە هەموویان کێشەی دەروونییان تووش بووە و٤٠٠ هەزار کەس ئاوارە بوون و لەژێر چادر لەکەمپەکان دەژین و ٧٠ هەزار کوردی ئێزیدی ئاوارەی دەرەوەی وڵات بوون، کەچی پەکەکە ئیستغلالی نەهامەتیی خێزانە ئێزیدییەکان دەکات. کوردو کرمانجی پەکەکە دەبێت باش بزانێت کوردانی ئێزیدی قبووڵیان نییە منداڵەکانیان چەکدار بکەن و لەشەڕی بەوەکالەتی ئەوان بەکوشتیان بدەن، شوێنی ئەوان شنگال و تەواوی خاکی کوردستانی باشوور نییە و شوێنی خەباتی ئەوان کوردستانی باکوورە، بوونی پەکەکە لە شنگال و ناوچەکانمان دۆخەکەمان خراپتر دەکات و ناوچەکەمان پەلکێشی شەڕێکی ئیقلیمی دەکەن.

*** پەکەکە خۆی دەڵێت ئێمە بەفەرمانی حکومەتی عێراق و حەشدی شەعبی لە شنگالین و هەتا ئەوان پێمان نەڵێن شنگال چۆڵ ناکەین، ئایا پەکەکە حەشدی شەعبی بەدۆستی خۆی دەزانێت و پێشمەرگە بەدوژمنی خۆی؟ ئایا ئێوە رازین پەکەکە نوێنەرایەتیی حەشدی شەعبی بکات لە شنگال؟**

- پەکەکە پێویستە ناوچەی کوردانی ئێزیدی چۆڵ بکات، راستە ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نین شەڕ رووبدات، چونکە ناوچەکەمان توانای ماڵوێرانی زیاتری شەڕی نییە، بەڵام پێویستە پەکەکە لە رێگەی فشارو پاڵەپەستۆی ئەمریکاو هێزەکانی هاوپەیمانانەوە لە تەواوی دەڤەرەکەمان بکرێنە دەرەوە، ئەرکی تەواویی پارتە سیاسیەکانی کوردستان و حکومەتی هەرێم و رۆشنبیرانە کار بۆ چۆڵکردنی شنگال بکەن لەهێزی چەکداری پەکەکەو دەست و تاقمەکانیان، بۆ ئەوەی شنگال و ناوچەکە ئاوەدان بکرێتەوە، ئێمە جگە لەپێشمەرگە هیچ هێزێکی تری عێراق و حەشدی شەعبی بەدۆستی خۆمان نازانین، هێزی فەرمی کوردستان هێزی پێشمەرگەیە کە سەر بەوەزارەتی پێشمەرگەیە، کوردانی ئێزیدی ئارامن لە هەر ناوچەیەك کە لەژێر ئاڵای کوردستاندا هێزی پێشمەرگەی لێبێت کە بەیاسا رێکخراوەو پارێزگاری لەهەموو پێکهاتەو ئایین و ئایینزایەك دەکات، بەپێچەوانەوە هێزی چەکداری دیکە قبوڵ ناکەین.

*** سەرۆك بارزانی رێگە نادات کورد شەڕی کورد بکات، پەکەکە ئەمەشی قۆستۆتەوەو عینادی دەکات و دەیەوێت شەڕێك لەو ناوچەیە دروست بکات، ئایا چی بکەین بۆ ئەوەی ئەو شەڕە لەو ناوچەیە دوور بخەینەوە؟**


باشترین فشار بۆ ئەوەی پەکەکە شنگال چۆڵ بکات و نەبێتە ئاستەنگ و بەڵای شەڕ و لەناوچەکانمان دووربخرێتەوە، ئەوا ئەمریکا دەتوانێت فشار بۆ پەکەکەو تاقمە چەکدارەکانی تری سەر بەو هێزە بهێنێت بۆ ئەوەی ناوچەکە چۆڵ بکەن، چونکە پەکەکە دەخوازێت شەڕی کوردان بکات، بۆ ئەوەی چیتر هاوکاری و یارمەتییە سەربازییەکانی وڵاتانی بیانی بەتایبەت ئەڵمانیا نەگاتە هێزی پێشمەرگە، ئێمەی کوردانی ئێزیدی لەو باوەڕەداین لەسەردەمەکانی تردا زۆر لەمە زیاتر کێشەو گرفت بۆ گەلی کوردستان دروست کراوە، بەڵام سیاسەتی ژیرانەی سەرۆك بارزانی توانیوێتی چارەسەری بکات، دوور خستنەوەی شەڕی نێوان کوردو کورد تەنیا بەسیاسەتی حەکیمانەو دروستی کوردایەتی جەنابی مسعود بارزانی چارەسەر دەبێت کەلەسەر بنەمای رێبازی بارزانی بونیاد نراوە.

**تا ئەمرۆش ئێمە لەچوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵیدایین، بۆیە لەبەرژەوەندی ئێمەدا نییە ئیدارەیەک لە خانەسوور دابمەزرێت و سەر بەقامشلۆ یا حەسەکە بێت، ئیدارەو کانتۆنی پەکەکە لەدەڤەری شنگال جێگای قبووڵ کردن نییە**

**ئەوە سەرۆک بارزانی و پێشمەرگە بوون کە نەیانهێشت سەروەرییەکانی ئەم نەتەوەیە و هەرێمی کوردستان لە پێکەوەژیان و لێبووردەیی و مافی مرۆڤ نەشێوێ و تا ماوە هەرێمی کوردستان شوێنی پێکەوەژیان و لێبووردەیی بێت**

**سەرۆک بارزانی بەڵێنی پێدایین و گوتی: هەتا ئەگەر سەری خۆشمان لە پێناو دانابێت، بەهەر نرخێک بێت، هەر دەبێت شنگال و دەڤەرەکە رزگار بکەین. پەیمان و بەڵێنەکەشی هێنایە جێ و شنگال رزگار کرا**

# کارکردن بۆ سەربەخۆیی کوردستان ئەرکی هەموو لایەکمانە



غەفوور مەخمووری*

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

گەلی کوردستان بەدرێژایی مێژوو لە تێکۆشان و بەرخودانـدا بـووە، سـەرەڕای هەوڵەکانی لەناوبردنی گەلی کوردستان بە خاك و خەڵکەوە، بەڵام توانیویەتی پارێزگاری لە بوونی خۆی بکات و رووبەڕووی هێرش و پەلاماری دوژمنان و داگیرکەران ببێتەوەو دوای هەر کەوتنێك بە گڕوتینێکی نوێوە هەڵسێتەوە.

کورد وەك نەتەوەیەکی زیندووی رۆژهەڵاتی ناڤین لە رابردوودا رۆڵێکی کارای گێڕاوە لە بیناکردنی شارستانییەتی ناوچەکەدا، بەدڵنیاییەوە ئەگەر بواری پێبدرابایە، ئێستا دەیتوانی رۆڵێکی کاراتر ببینێت لە بیناکردنی کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن و دیموکرات لە رۆژهەڵاتی ناڤینداو دەیتوانی نموونەیەکی زیندووی حوکمڕانی و پێکەوەژیان پێشکەشی هەموو جیهان بکات، بێگومان ئەمەش ئەو کاتە دەبێت کەوا گەلی کوردستان سەربەخۆو خاوەن دەوڵەتی خۆی بێت.

سەربەخۆبوونی کوردستان کەوا بابەتی گەرمی ئێستای میدیا جیهانی و ناوچەیی و ناوخۆییەکانەو بۆتە جێی بایەخ و لێکۆڵینەوەی ناوەندە سیاسی و ئەکادیمییەکانی جیهان، وایکردووە کەوا دۆستمان زێدە بن و بەچاوی هیواوە لێمان بڕوانن. لەسەر ئێمەی گەلی کوردستان و سەرکردایەتی سیاسی کوردستانە کەوا بە بایەخەوە لە و پشتیوانییە بڕوانین و ئەو هەلە لەدەست خۆمان نەدەین و بە هەموو لایەکمان و بە هاوبەشی کار بۆ سەربەخۆیی کوردستان بکەین و بیکەین بە پرسێکی نەتەوەیی و نیشتمانی، بۆئەم مەبەستەش پێویستە بە زووترین کات ناوەندی سیاسیی کوردستان رێکبخرێتەوە و لەو پەرشی و بڵاوییە دەرباز بکرێت و (ئەنجومەنی سیاسیی کوردستان) پێکبهێنرێت و تەواوی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بگرێتەخۆ.

پێکهێنانی (ئەنجومەنی سیاسیی کوردستان)؛ دەبێتە فاکتەرێکی بەهێز بۆ یەکڕیزی و یەکدەنگیی گەلی کوردستان و کۆکردنەوە و یەکخستنی توانا سیاسییەکانی گەلی کوردستان و، سەرەتایەك دەبێت بۆ خاوکردنەوەی گرژییە سیاسییەکان و کۆتاییهێنان بە ململانێی نێوان لایەنە سیاسییەکان و دەبێتە مینبەرێکی سیاسیی بەهێزو مۆراڵ بەخش لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە.

دوای پێکهێنانی (ئەنجومەنی سیاسیی کوردستان)؛ پێویستە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان (بۆردی سەربەخۆیی کوردستان) پێکبهێنێت، بۆئەوەی ئەم بۆردە بتوانێت کارنامەیەکی گشتگیر دابڕێژێت بۆ چۆنیەتی کارکردن بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم و هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی کوردستان، بێگومان بۆ ئەمەش دەکرێ سوود لە ئەزموونی زۆر لە میللەتان و وڵاتان وەربگیردرێت، کەوا چۆن کاریان کردووە بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی خۆیان.

پێویستە پێکهاتەی (بۆردی سەربەخۆیی کوردستان)؛ بریتی بێت لە کەسانی شارەزا لە یاسا نێودەوڵەتییەکان و کەسانی ناسراوو کاریگەری کورد و بیانی کەوا ناسراو بن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی؛ بۆئەوەی بتوانن لەسەر ئاستی جیهان و لە ناوەندە بڕیاربەدەستەکان، لۆبی بۆ سەربەخۆیی کوردستان بکەن، کەسایەتی وابن کەوا خودان ئەزموون و بەدەسەڵات بن بۆ ئەوەی گوێیان لێبگیردرێت، لەم رووەوەش دۆستی زۆر باشمان هەن.

پرسی (سەربەخۆیی کوردستان)؛ پرسێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە، نەك پرسێکی حزبی، بۆیە پێویستە تەواوی لایەنە سیاسییەکان و پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی کوردستان لەم پرسەدا راوێژیان پێبکرێت و گوێیان لێبگیرێت و بۆچوونەکانیان بەهەند وەربگیردرێت، ئەمەش وادەکات کەوا ئەم پرسە ببێتە پرسێکی میللی و هەموو لایەك ئەم پرسە بە پرسی خۆی بزانێت و بە گەرمی کاری بۆ بکات.

ئەو هەلەی کەوا ئێستا بۆ گەلی کوردستان رەخساوە، هەلێکی مێژووییە و پێویستە سوودی لێوەربگرین و لەدەست خۆمانی نەدەین و، نەیکەینە قوربانیی بەرژەوەندییە حزبییەکان، لەم پێناوەدا پێویستە هەموو لایەکمان بەرژەوەندیی خۆمان لە بەرژەوەندیی گشتیدا ببینینەوە و، جلی تەنگی حزبایەتی فڕێ بدەین و جلی کوردایەتی بپۆشین.

ئەگەر هەموو لایەکمان سوودمان لەو هەلە مێژووییەی ئێستا وەرگرت و بەیەکەوە کارمان بۆ سەربەخۆیی کوردستان کرد، ئەوا شانازییەکی مێژوویی بۆ گەلی کوردستان تۆمار دەکەین، ئەگەر ئەوەشمان نەکرد، ئەوا مێژوو بەزەیی بەکەسدا نایەتەوە، بۆیە پێویستە بە رۆحییەتێکی نەتەوەیی و نیشتمانی کار بکەین و گەلی کوردستان بگەیەنین بە کەنارێکی ئارام، ئەو کەنارە ئارامەش تەنیا سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە.

١٤ / ٤ / ٢٠١٧ ـ عەممان

*** سکرتێری گشتیی یەکێتی نەتەویی دیموکراتی کوردستان** YNDK

# ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی



د. عەبدولوەهاب چروستانی

تایبەت بۆ گولان نووسیویەتی

ڕیفرانـدۆم مافـی تاکـە کەسـە و هـەر حیزبـێ بیـەوێ ئـەو مافـە بەخۆیـەوە گـرێ بـدات، ستەم لـە ئەندامەکانـی خـۆی دەکات، هـەر تاکـێ لـە کومەڵدا مـل بـدات بۆ حیزبەکـەی لـە دژایەتیکردنـی ریفراندۆم و سـەربەخۆییدا، سـتەم لـە خـۆی و نەتـەوەو نیشـتمان و داهاتـووی نەوەکانمـان دەکات، چونکـە ریفرانـدۆم و سـەربەخۆیی پێـش ئـەوەی ببەسـرێتەوە بـە حیزبـەوە، پەیوەستە بە نەتـەوەو نیشـتمان و داهاتوومانـەوە. هـەر حیزبـێ بەرژەوەنـدی خـۆی بخاتەپێـش بەرژەوەندیـی نەتەوەکەیـەوە، بەخیانەتـی گـەورە لـە قەڵـەم دەدرێ، کـە هەرگیـز بـڕوا ناکـەم حیزبێکـی کوردسـتانی ئـەو ڕێگەیـە بگرێتەبـەر، چونکـە کـورد واتەنـی (کێچـی ئـەدا بـە گایـە) لەبـەر ئـەوەی هیـچ پاسـاوێ نییـە بـۆ ئـەو حاڵەتـە و نابـێ بـە دوودڵـی و گومانـەوە بڕوانینـە ریفرانـدۆم و سـەربەخۆیی کـە هـەر پێوەنـدی بـە ئێمـەوە نییـە تەنیـا، بەڵکـو پێونـدی بەداهاتـووی نەتـەوەو نەوەکانـی داهاتـووەوە هەیـە، ئەگـەر ئیسـتە سـتەم هەبـێ، بـۆ دەبـێ لەسـەر حیسـابی خەملاندن ئەنجامەکـەی بشـکێتەوە بەسـەر نەوەکانـی دوای خۆشـماندا، خـۆ لـە ئەگـەری خـراپ ڕوانیـن بـۆ ڕیفرانـدۆم و سـەربەخۆیی لـە ئیسـتادا کـە مـن تەنیـا بـە گومانـی دەزانـم کـە ئەڵتەرناتیڤەکـەی قبوڵکردنـی مانەوەمانـە لەگـەڵ دەسـەڵاتێکی عێراقیدا بـە هەمـوو ڕەنـگ و لایەنەکانیـەوە هیـچ گومانێکـم نییـە لـەوەی گەڕانەوەیـە بـو جەولەیەکـی خراپتـر لـە ئەنفال کـردن و وێـران کردنـی دێهـات و شـارو شارۆچکەکان و دووبـارە بوونـەوەی تەهجیـرو تەرحیـل و تەعریـب کردنێکـی تـر، چونکـە هـزری شـۆڤێنیزمی عەرەبـی هەرگیـز وشـەی کـوردو کوردسـتانی قبـوڵ نییـە و پێـی نامـۆو مەترسـیدارە، نابـێ خۆپەرسـتانە مامەڵـە لەگـەڵ ئـەم کەیسـەدا بکەیـن چونکـە زیاتـر لـەوەی پێوەنـدی بـە ئیسـتای خۆمانـەوە هەیـە، پێوەنـدی بـە داهاتـوی نیشـتمان و نەتەوەکەمانـەوە هەیـە. نابـێ لەبـەر بـە خـراپ زانینـی دەسـەڵاتی ئێسـتە، یـا بـە پاسـاوی بـاری ناهەمـواری ئابـووری و بەبیانـووی ناکۆکیـی نێـوان پارتـە سیاسـییەکانەوە گەورەتریـن دەسـتکەوتی نیشـتمانی و نەتەوەیـی لـە دەسـت بدەیـن و ئـەو هەلـەی ئێسـتە ڕەخسـاوە لـە دەسـتمان بچێـت.

مـن پێموایـە هەتـا کـورد لەژێـر سـایەی ئـاڵای بێگانـەدا بێـت، یـەك ڕیـز و تەبـا نابێـت، بەلایەنـی کەمـەوە دوژمنەکانـی ناهێڵـن ئـەو هەلـەی بـۆ بڕەخسـێ و هـەردەم هەوڵـی درز خسـتنە نـاو ڕیزەکانیـان دەدەن، بـەڵام کـە کیـان و دەوڵەتـی هەبـوو، کاریگەریـی دەسـتی دەرەکـی لەسـەر کەمتـر دەبـێ، چونکـە بەرژەوەندیـی وڵاتـان بەتایبەتـی دەوروبـەری ناکەونـە یـەك، هەروەهـا کـە دەوڵـەت هەبـوو، زۆر ئاسانترە گۆڕینـی ڕژێمـی حوکمڕانـی تیایـدا. ئـەوەی بیرمـە لەسـەردەمی حوکمـی پاشـایەتی عێراقـەوە تـا ئیسـتا ڕەنگـە بـە وانـەی دوای ڕووخانـی سـەدامەوە زیاتـر لـە دە گوڕانـکاری بەسـەر دەسـەڵاتدا هاتبـێ، بـەڵام تائێسـتا عێـراق هـەر عێراقـە، خـۆ کـورد ئەگـەر ئـەو پشـتیوانییەی ئێسـتا هەیەتـی لـە دەسـتی بچێـت، دەبێـت بـە ئـاردی نـاو دەوەن، بەڕاسـتی بیانـووی دۆخـی ناوخـۆ و بەسـتنەوەی بـە مەسـەلەی ڕیفراندۆم و سـەربەخۆییەوە، وەك ئـەوە وایـە کوڕێـك بیـەوێ ژیانـی هاوسـەری دروسـت بـکا لەگـەڵ کچێکـی بـاش کـە یەکتریـان پەسـند کـردووە، دوای ئـەوەی کوڕەکـە ئـەم پێشـنیارە بـە باوکـی دەڵـێ، وەڵامـی باوکـی ئەمـە بـێ: بـا خانوویەکـی بـاش و ناوماڵێکـی تێروتەسـەل و ئۆتۆمبێلێکـی مۆدێل بەرزو هەروەها دە دوانـزە دەفتـەر دۆلاری خەوتـووت هەبـێ، بەسـەرچاو، دەچینـە داوای، کـە ئەمـە تەنیـا بیانوویەکـە باوکەکـە بـە کوڕەکـەی دەگرێـت!

ئیمـە خۆمـان بـاش دەناسـین و دوژمنەکانیشـمان لەخۆمـان باشـتر ئێمـە ئەناسـن کـە دەردی گرانمـان ناکۆکیـی ناوخۆمانـە، بـەڵام پێموایـە ئەگـەر کیانێکمـان هەبـێ، بەلایەنـی کەمـەوە کاریگـەری دوژمنـەکان لەسـەرمان کەمتر دەبێتـەوەو بەڵکو خوابکا دوای ئێمـە نـەوەی نـوێ بتوانـێ یەکبـوون و برایەتـی بـکات بـە بنەمـای ئـەو دەوڵەتـەی ئێمـە بۆیـان بنیـاد دەنێیـن، پشـت بـە خـواو بـە هیممەتـی دڵسـۆزان و لەخۆبـوردووان لـەو پێنـاوەدا، لەپێنـاوی بەفیڕۆنەدانـی خوێنـی هـەزاران شـەهیدو دەیـان بەسـەرهاتی جەرگبڕ کـە بەسـەر ئـەم میللەتـەدا هاتـووە.



**دارا بیلەک**

**سیاسەتمەداری باکووری کوردستان بۆ گوڵان:**

# پەکەکە لە باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان شکستی هێناوە و دەیەوێت بەربەستی گەورەش بۆ سەربەخۆیی باشووری کوردستان دروست بکات

# ئەگەر پەکەکە هەستی نەتەوایەتیی هەبوایە دوژمنی پێشمەرگە نەدەبوو

**دارا بیلەك سیاسەتمەداری باکووری کوردستان رەخنەی توند لە بەرنامەو سیاسەتی پەکەکە دەگرێت، بەتایبەتی لەمەڕ هەڵسوکەوتەکانی بەرامبەر باشووری کوردستان و ئەو هەڕەشەیەی لەسەر پرسی بەدەوڵەتبوون و سەربەخۆیی کوردستانی دروستی کردووە. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە و چەندین پرسی پێوەندیداری دیکە، گۆڤاری گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا. لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاودەکەینەوە.**

*** پەکەکە کاتێك وەك حزبێکی سیاسی خۆی راگەیاند، داوای دەوڵەتی کوردستانی گەورەی دەکردو جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە تەنیا دەوڵەت چارەسەری کێشەی کورد دەکات و کۆتایی بە چەوساندنەوە دێت، بەڵام ئێستا بە ئاشکرا دژایەتیی دەوڵەتی کوردستان دەکات و پێداگرە لەوەی نابێت باسی سەربەخۆیی کورد بکرێت، ئایا پاشەکشەی پەکەکە لەدەوڵەت لەسەر چ بنەمایەکە؟**

- لە راستیدا لە سەروەختی سەرهەڵدانی پەکەکەدا، هەڵوێستی رادیکاڵانەی راگەیاند، بۆ نموونە دروشمی سەربەخۆیی کوردستانی بەرزکردەوە، بەڵام لە میانەی کارکردنیدا وەك پارتێکی مارکسیست و کۆمۆنیست خۆی ناساند. هەروەها لە دوای دامەزراندنیشەوە هێرشی کردە سەر سەرجەم پارت و گروپەکانی باکووری کوردستان، شەڕی هەمووانی کردو ئەمەش کوشتار و ناکۆکیی سیاسی لێکەوتەوە. ئەم دۆخە درێژەی کێشا تاوەکو ساڵی ١٩٧٩، بەڵام دوای ئەوەی کودەتای سەربازی لە ساڵی ١٩٨٠ لە تورکیا روویدا، ئەوان چوونە سووریا، دوای ئەوەش پێوەندییان لەگەڵ رژێمی سووری دروستکرد. لە ساڵی ١٩٨٣دا پارتی دیموکراتی کوردستان لە عێراق هاوکارییەکی زۆری پەکەکەی کرد. بە باوەڕی من پەکەکە دوای ئەو هاوکارییە توانی دەستبداتە شەڕی چەکداری لە کوردستانی تورکیا. واتە بەهۆی هاوکاری پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بوو کە پەکەکە توانی شەڕ لە باکووری کوردستاندا دەست پێبکات، بەڵام ئەوە جێی داخە پەکەکە لەبری وەفا و پاداشت بۆ ئەو هاوکارییانەی پێشکەشیان کرد، کەچی شەڕی لەدژی پارتەکانی کوردستانی باشوور (بە یەکێتی و پارتی)یەوە و هەروەها دژایەتیی پارتەکانی کوردستانی سووریاو تورکیاشی کردووە. واتە پەکەکە لەسەر رێبازێکی نەتەوەیی کاری نەکردووە، هیچ کاتێك ئامانجی پەکەکە بەدەستهێنانی کوردستانی سەربەخۆ، یان مافە نەتەوەییەکانی کورد نەبووە. کەواتە دەبێت ئێستا ئەو پرسیارە بکەین: ئایا پەکەکە پارتێکی کوردییە، یان بە راستی ناتوانین پێی بڵێین پارتێکی کوردی؟ بە باوەڕی من پارتی کوردی بەوە جیادەکرێتەوە کە کاراکتەر و ئامانج و داخوازی نەتەوەیی هەبێت، ئەگەر ئەم خەسڵەتانەشی تێدا نەبوو، ئەوا ناکرێت پێی بڵێین هێزێکی نەتەوەیی و کوردستانی.

*** لە ئێستادا هەموو کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان پێویستی بە گوتارێکی یەکگرتوو و ستراتیژیەتێکی هاوبەش هەیە، بەڵام پەکەکە رێگرە لەسەر دروستبوونی ئەم گوتارە هاوبەشە و تەنانەت هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە ئاڵای کۆماری کوردستان (ئاڵاکەی قازی محەمەد) بگۆڕێت کە هەموو کورد لە هەر**

**چوار پارچەی کوردستان شانازی پێوە دەکات، ئایا دژایەتی پەکەکە بۆ یەک گوتاری و یەکڕیزی و ستراتیژیەتی هاوبەش و ئاڵای کوردستان لەچییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

- ئەگەر پەکەکە لەسەر هێڵێکی نەتەوەیی و نیشتمانی بێت بەو شێوەیە هەڵسوکەوتی نەدەکرد کە دژی هەموو ماف و داخوازییەکی نەتەوەیی گەلی کوردستان بێت. داخوازییەکانی ئەمڕۆی پەکەکە هیچی داخوازی نەتەوەیی گەلی کورد نییە، پەکەکە بەئاشکرا دەڵێت: «ئێمە خواستی دەوڵەتی نەتەوەیی ناکەین، چونکە سەردەمی دەوڵەتی نەتەوەیی بەسەرچووە، ئێمە داخوازی کۆنفیدراڵیزم دەکەین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.» لەکاتێکدا نازانرێت ئایا سروشتی کۆنفیدراڵیزمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چییە و ئایا چ ماف و داخوازییەکی بۆ گەلی کورد تێدایە. دواتر لە کوردستاندا هەر جۆرە حزبێک هەبن، بە رادیکاڵ و لیبراڵ و دوورەپەرێز و چەپ و ئیسلامییەکانیشەوە، ئەوا ئاڵاو نیشتمانێکی هاوبەش هەموویان کۆدەکاتەوە، بەڵام ئەوەی بەدی دەکەین، پەکەکە نایەوێت یەکڕیزی لەسەر بنەمای نەتەوەیی دروست بێت.

*** لە ئێستادا پەکەکە بە ئاشکرا بۆتە دەمڕاستی عێراق و ئێران و سووریا و هەموو هەوڵی خۆی خستۆتە گەڕ بۆ ئەوەی دەوڵەتی کوردستان لە باشوور لەدایک نەبێت، پرسیار ئەوەیە بۆچی ئێستا پەکەکە بەرامبەر دەوڵەتی باشووری کوردستان جێگەی داگیرکارانی کوردستانی گرتۆتەوە؟**

- ئەزموونی هەرێمی باشووری کوردستان، ئەزموونێکی گرنگە، بەڵام با ئێمە بپرسین، ئایا چ شتێك زەمانەتی ئەوە دەکات میللەتێک بە ئازادی لە وڵاتی خۆیدا بژیێت؟ بە لای منەوە تەنیا ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان و سەربەخۆیی دەستەبەری ئەمە دەکات. واتە جگە لەم ڕێگاچارەیە هیچ زەمانەتێکی دیکە نییە بۆ ئەوەی کورد بە ئازادی لەسەر خاکی خۆیدا ژیان بەسەربەرێت. وەکو کورد لە ماوەی هەزار ساڵدا ئەوە یەکەم دەرفەتی گەورەیە کە بتوانین دەوڵەت ڕابگەیەنین و ئێستاش لە سەرجەم جیهاندا، گفتوگۆ لەبارەی پرسی کورد و دەوڵەتی کوردییەوە دەکرێت. چونکە ئەگەر جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆشکی سپیدا بتوانێت باسی دەوڵەتی کوردستان بکات، مانای وایە زەمینەکە دروست بووە، بەڵام ئاستەنگی هەر مەزن خودی کوردە، بۆ نموونە، پەکەکە لەم هەرێمەدا سەر بە ئێران و بەشێکی زۆری ڕژێمی عێراق و ڕژێمی سووریایە، واتە چۆتە نێو ئەو بەرەیەی کە ئاستەنگی گەورە بۆ سەربەخۆیی کوردستان دروست دەکات. کە جێی داخە بزووتنەوەی گۆڕان و هەندێك کادر وەك تاکەکەس لەناو یەکێتیشدا پشتگیری پەکەکە دەکەن. لەبەر ئەوە پێموایە لە ڕەوتی سەربەخۆیی کوردستاندا، پەکەکە هەڕەشەی هەرە گەورەیە لەسەر تەڤگەری نەتەوەیی میللەتی کورد. کە جێی داخە تۆ بێیت و بۆ خاتری ئامانجی دەوڵەتی بیانی ئاستەنگ بۆ هاتنەئارای زەمانەتی ژیانی میللەتی خۆت دروست بکەیت.

*** ئەو نەهامەتی و کارەساتەی بەسەر کوردانی ئێزیدی هات، وەك هۆلۆکۆستی جوولەکە وابوو، بەڵام ئێستا پەکەکە ئەو بارودۆخەی بە دەرفەت وەرگرتووە و لەبری ئەوەی ببێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی شنگال بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان و دەستبکرێت بە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و دووبارە گێڕانەوەی ئێزیدییەکان و ساڕێژکردنەوەی برینەکانیان، بەڵام هەموو هەوڵی خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی شنگال لە هەرێمی کوردستان دابڕێت و ڕێگە لە ئاوەدانکردنەوەی شنگال بگرێت، ئایا پەکەکە بۆ بەرژەوەندی کێ کارەساتێکی دیکە بەسەر ئێزیدییەکاندا دووبارە دەکاتەوە؟**

- پەکەکە بۆ بەرژەوەندی دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان، بۆ بەرژەوەندی حکومەتەکانی بەغداو تاران و دیمەشق کاردەکات، ئەگینا هەموو لایەك دەزانێت شنگال کوردستانییەو بەشێکە لەهەرێمی کوردستان. ڕاستە بە گوێرەی ماددەی ١٤٠ی دەستوور بە ناوچەی ناکۆکی لەسەر هەژمار دەکرێت و لەنێوان حکومەتی بەغداو هەولێر مایەی مشتومڕە، بەڵام ئەوە کورد خۆی بە خوێنی ڕۆڵەکانی سنووری خاکی خۆی نەخشاندووە. کە شنگال و کەرکووك و هەموو ناوچەکانی دیکەی ماددەی ١٤٠ دەگرێتەوە و ئەگەر سەربەخۆییش بێتە ڕاگەیاندن، ئەوا ئەم ناوچانە دەکەونە نێو سنووری دەوڵەتەکەوە. دواتر لە هەرێمی کوردستاندا دەسەڵاتێکی شەرعی

**دەوڵەتێکی داگیرکاری وەکو تورکیا ڕێگەی دا کوردانی ئەو وڵاتە یادی نەورۆز بکەنەوە، کەچی پەکەکە ڕێگەی نەدا کوردی ڕۆژئاوای کوردستان یادی نەورۆز بکەنەوە. ئەوان نە لە باکوور و نە لە ڕۆژئاوای کوردستان ڕێگە بە بوونی هیچ پارتێکی دیکەی سیاسی نادەن**

**پارتەکانی باشووری کوردستان هەست بە مەترسیی پەکەکە ناکەن و مەخابن بەشێکی میدیای باشووریش لە خزمەتی پەکەکەدان و هۆشیارنە، یان ناهۆشیارانە پروپاگەندە بۆ پەکەکە دەکەن**

**چۆن هێزێکی باکووری کوردستان دێت و لە شنگال جێگیر دەبێت و بانگەشەی ئەوە دەکات کە کانتۆن بۆ شنگال دروست دەکات، لە کاتێکدا خۆی گوندێکی لە باکووری کوردستانی ئازاد نەکردووە؟**

**پەکەکە بۆ بەرژەوەندی دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان، بۆ بەرژەوەندی حکومەتەکانی بەغداو تاران و دیمەشق کاردەکات، ئەگینا هەموو لایەك دەزانێت شنگال کوردستانییەو بەشێکە لەهەرێمی کوردستان**

هەیە، واتە بوونی هەر هێزێکی دیکە بە نایاسایی و ناشەرعی لە قەڵەم دەدرێت. لەبەر ئەوە مافی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشە هەر هێزێکی لەم شێوەیە لە هەرێمەکەی دووربخاتەوە. مەبەستم ئەوەیە چۆن هێزێکی باکووری کوردستان دێت و لە شنگال جێگیر دەبێت و بانگەشەی ئەوە دەکات کە کانتۆن بۆ شنگال دروست دەکات، لە کاتێکدا خۆی گوندێکی لە باکووری کوردستانی ئازاد نەکردووە؟ پەکەکە دوای ٣٠ ساڵ لەشەڕکردن تائێستا نەیتوانیوە گوندێکی باکووری کوردستان ئازاد بکات. من دەڵێم پارتەکانی باشووری کوردستان هەست بە مەترسیی پەکەکە ناکەن و مەخابن بەشێکی میدیای باشووریش لە خزمەتی پەکەکەدان و هۆشیارانە، یان ناهۆشیارانە پروپاگەندە بۆ پەکەکە دەکەن. کێشەی گەورە ئەوەیە پەکەکە دەیەوێت ببێتە خاوەن دەسەڵات لە باشووری کوردستان. ئەوەتا لە قەندیل و مەخموور و شنگال و رەنگە لە ئایندەدا بچنە ناوچەکانی دیکە و هەم دۆخی شنگال دووبارە بکەنەوە. کەواتە پەکەکە هەڕەشەی پلە یەکە لەسەر هەرێمی کوردستان. بەدواداچوون بۆ میدیای پەکەکە بکەن، بزانن ئایا ئەوان رەخنە لە باشوور و لە هەرێمی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان دەگرن، یان بە هزرێکی کۆنەپەرستی بەسەرچوو تۆمەتباری دەکەن. لە رۆژئاوای کوردستانیش، دەبینیت ئەوان هەر بەو رۆحیەتە کاردەکەن، ئەوەتا دەوڵەتێکی داگیرکاری وەکو تورکیا رێگەی دا کوردانی ئەو وڵاتە یادی نەورۆز بکەنەوە، کەچی پەکەکە رێگەی نەدا کوردی رۆژئاوای کوردستان یادی نەورۆز بکەنەوە. ئەوان نە لە باکوور و نە لە رۆژئاوای کوردستان رێگە بە بوونی هیچ پارتێکی دیکەی سیاسی نادەن. دواتر پەکەکە بانگەشە بۆ خۆسەری دیموکراتی دەکات، باشە ئەمە مانای چییە و چی دەگەیەنێت؟ شتێك هەیە بە ناوی خۆسەری دیموکراتی، باشە خۆ ئەوان شارەوانییەکانی باکووری کوردستانیان بەدەستەوە بوو، بەڵام نەیانتوانی بۆ یەك کاتژمێر بیخەنە خزمەت خەڵکی ئەو ناوچەیەوە، بەڵکو بەکاریان هێنا بۆ بەرژەوەندیی حزبی خۆیان، مەبەستمە بڵێم پەکەکە نە لە باکوور و نە لە رۆژئاوا سەرکەوتوو نەبوون، ئێستاش بەربەستی گەورەن لەبەردەم سەربەخۆیی باشووری کوردستاندا. خۆ ئەگەر بێتو پارتەکانی باشوور ئەم راستیە لەبەرچاو نەگرن و تەواو یەکنەگرن، ئەوا شانسی سەرکەوتنیان زۆر کەم دەبێت.

*** ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە پەکەکە حەشدی شەعبی و سوپای پاسداران و سوپای رژێمەکەی ئەسەد بە دۆستی خۆی دەزانێت، بەڵام هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەك دوژمنی سەرسەختی خۆی حیساب دەکات، لە کاتێکدا هەموو جیهان پێشمەرگە وەك سیمبولی ئازادی سەیر دەکات، ئایا بۆچی پەکەکە دوژمنی پێشمەرگەیەو دۆستی، هێزە داگیرکەرەکانی کوردستانە؟**

- من دەپرسم ئەگەر تۆ خۆت بە پارتێکی نەتەوەیی لەقەڵەم بدەیت و داکۆکی لە دۆزی رەوای میللەتەکەت نەکەیت و کار بۆ سەربەخۆیی میللەتەکەت نەکەیت، ئەی چی دەکەیت؟ باشە ئێستا جگە لە پەکەکە چەند پارتی دیکە لە کوردستاندا هەن؟ بە دڵنیاییەوە ژمارەیەکی زۆری پارت هەن، کە هەموویان ئاڵای کوردستان بە هی خۆیان دەزانن، چونکە ئەمە ئاڵای تاکە لایەنێك نییە و رەمز و بەهایەکی نەتەوەیی هەیە. بەڵام پەکەکە دێت و دژایەتی دەکات. کاتێك لەم دواییەدا جەنابی مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی وڵاتی تورکیای کرد، تورکیا ئاڵای کوردستانی لە فڕۆکەخانەی ئەستەنبوڵ و ئەنقەرە هەڵکرد کە چەندین ساڵ بوو تورکیا خۆی نکۆڵی لێدەکرد، بەڵام ئەگەر پرسیار لە پەکەکە بکەیت ئایا ئەمە چ هەستێکی نەتەوەیی لای تۆ دروست کرد؟ ئەوا وەڵامێکیان نییە بۆ ئەم پرسە. مەسەلەکە گەیشتۆتە ئەو رادەیە. لەمەسەلەی پێشمەرگەشدا بەهەمان شێوە، چونکە ئێمە دەزانین پێشمەرگە هێزێکی نەتەوەییە و بەخوێنی خۆی خاکی کوردستانی پاراستووە لەم پێناوەشدا هەزاران شەهیدی داوە ئەمڕۆش پێشمەرگە بۆتە سیمبولی پاراستنی خاکی کوردستانی ئازاد. پێشمەرگەش وەك هێزێکی نەتەوەیی لەسەر ئاستی ناوخۆ و جیهانیش دەنرخێندرێت. تەنانەت لە شەڕی دژ بە داعشدا بووە ئومێدێك بۆ ئەوروپا و ئەمریکا، کەچی پەکەکە دژی پێشمەرگەیە، لەبەر ئەوەی پێشمەرگە هێزێکی نەتەوەیی و کوردستانییە.

**ئەگەر جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆشکی سپیدا بتوانێت باسی دەوڵەتی کوردستان بکات، مانای وایە زەمینەکە دروست بووە، بەڵام ئاستەنگی هەر مەزن خودی کوردە، بۆ نموونە، پەکەکە لەم هەرێمەدا سەر بە ئێران و بەشێکی زۆری رژێمی عێراق و رژێمی سووریایە، واتە چۆتە نێو ئەو بەرەیەی کە ئاستەنگی گەورە بۆ سەربەخۆیی کوردستان دروست دەکات. کە جێی داخە بزووتنەوەی گۆڕان و هەندێك کادر وەک تاکەکەس لەناو یەکێتیشدا پشتگیری پەکەکە دەکەن**

**لە کوردستاندا هەر جۆرە حزبێک هەبن، بە رادیکاڵ و لیبراڵ و دوورەپەرێز و چەپ و ئیسلامییەکانیشەوە، ئەوا ئاڵاو نیشتمانێکی هاوبەش هەموویان کۆدەکاتەوە، بەڵام ئەوەی بەدی دەکەین، پەکەکە نایەوێت یەکریزی لەسەر بنەمای نەتەوەیی دروست بێت**

# بۆچی ترەمپ شەڕی داعش لەناو سووریا دەكات؟

تەحەددی ژمارە یەك: نەك تەنیا ئەو داعشەی بە رووكەش بوونی هەیە، بەڵكو هەموو ئەو داعشانەی لە سەرانسەری جیهان بوونیان هەیە، تەنیا بە تێكشكاندنی ئیقلیمی لەبەرچاو ون نابن، بۆیە پێموایە داعش دڕندەتر دەبێت، ئەمەش لەبەر ئەو راستییە شاراوەیەی كە دەبینێت خەلافەتەكەی لەدەست داوە و كۆمەڵێك دوژمنی سەرسەخت سوودمەند بوون كە بریتین لە شیعەی ئێران، حزبوڵای لوبنانی، پرۆ میلیشیای شیعەی عێراق، پرۆشیعەی رژێمی ئەسەد لە دیمەشق و رووسیا، تەنیا ئەمریكا هیچی پێنابڕێت.

تەحەددی ژمارە دوو: ئامانجی ئەمریكا لە سووریا تەنیا ئەوەندەیە كە گوشاری پێویست بخاتە سەر ئەسەد، رووسیا، ئێران و حزبوڵا بۆ ئەوەی وتووێژ لەسەر رێككەوتنی دابەشكردنی دەسەڵات لەگەڵ سوننەی میانڕۆ بكەن و ئەوانیش مەرجەكانی خۆیان لەسەر مانەوەی ئەسەد لەدەسەڵاتدا كەم دەكەنەوە، ریگەیەك كە ئەمەی پێ جێبەجێ بكرێت، ئەوەیە ناتۆ هەوڵبدات ناوچەیەكی دژەفڕین لە دەوروبەری پارێزگای ئەدلب دروست بكات، كە لەم ناوچەیە یاخیبووانی دژی ئەسەد كۆبوونەتەوە، ئەو ناوچەیەی كە بەم دواییە رژێمی ئەسەد بە گازی ژەهراوی خەڵكی سڤیلی بۆمباران كرد، كە كۆنگرێس و رای گشتی ئەمریكا لەمە زۆر دەترسن كە ئەسەد گازی ژەهراوی بەكار بهێنێتەوە.

ئایا ئەمریكا لەم حاڵەتەدا دەتوانێت چی بكات؟ ئایا دەكرێ بە شێوەیەكی دراماتیكی یارمەتی سەربازی بۆ یاخیبوانی دژی ئەسەد زیاد بكەین و رۆكێتی دژە تانك و دژە فڕۆكەیان وەك پێویست بدەینێ بۆ ئەوەی هەڕەشەی لە رووسیا و ئێران و حزبوڵا و فڕۆكە و هەلیكۆپتەرە جەنگییەكانی رژێمی سووریای پێ بكەن؟ ئەگەر ئەمە بكرێت بارودۆخەكە زیاتر خوێناوی دەبێت، بۆیە لەوانەیە بۆ ئەمریكا باشتر بێت داوای دەستپێكردنەوەی وتووێژەكان بكات، ئەمەش بۆ ئەمریكا باشە.

دوای ئەمە چیتر بكەین؟ ئەوكات دەتوانین بە ئاسانی لەشەڕی دژی داعش لە سووریا بكشێینەوە و وابكەین كە ئەو شەڕە بە تەواوەتی ببێتە كێشەی سەرەكی بۆ ئێران و رووسیا و حزبوڵا و ئەسەد، سەرەنجامیش هەر ئەوان لە سووریا بوونیان دەبێت و باڵادەست دەبن، نەك ئەمریكا. بۆیە دەبێت بارودۆخێكیان بۆ دروست بكرێت، دوو بەرەی شەڕیان بۆ بكرێتەوە، ئەمەش واتە شەڕ لەگەڵ یاخیبووە میانڕۆكانی سوننە لەبەرەیەك، شەرێكی دیكەشیان لەگەڵ داعش لە بەرەیەكی دیكەوە، بۆیە ئەگەر ئێمە ئێستا لەسەر ئاستی ناوچەكە داعش تێكبشكێنین، ئەوا ئێمە تەنیا گوشارەكان لەسەر رژێمی ئەسەد و رووسیا و ئێران و حزبوڵا كەم دەكەینەوە، بواریان بۆ دەڕەخسێنین هەموو توانای خۆیان كۆبكەنەوە بۆ ئەوەی یاخیبووە میانڕۆكانی سوننە لە ئەدلب تێكبشكێنن، ئیدی بوار بۆ ئەوە نەمێنێتەوە كە سوننەی میانڕۆ داوای دابەشكردنی دەسەڵات لەگەڵ رژێمی ئەسەد بكات.

من هەرگیز لەو بڕوایەدا نیم، كە سەرۆك ترەمپ تێكشكاندنی داعش لە سووریا بە بەلاش پێشكەش بكات، دوای ئەوە میحوەرێك بۆ بەهێزكردنی یاخیبووە سوننە میانڕۆكانی دژی ئەسەد بكاتەوە. بۆچی؟ ئایا كەی ترەمپ شتێكی بەبەلاش كردووە؟ ئایا چ كاتێك سەفقەیەكی راستەقینەی لەسەر بینایەك كردبێت و ترەمپ خۆبەخشانە هەستاوە ئەو گۆڕەپانی گۆڵفەی دراوسێی بیناكە بەبەلاش خاوێن بكاتەوە، پێش ئەوەی لەگەڵ




**تۆماس فریدمان***

خاوەنی گۆڕەپانەکە لەسەر نرخەکەی ڕێك بکەوێت؟

بۆیە ئێستا کاتی گونجاوە بۆ ئەوەی ترەمپ ببێتە ترەمپ، دەبێت بوێری و مەزەندەکردن بۆ بڕیارەکانی ببینین، لە ئێستادا داعش گەورەترین مەترسییە بۆ ئێران و حزبوڵا و رووسیا و میلیشیای شیعەی پرۆ ئێرانی، ئەمەش لەبەر ئەوەیە داعش گروپێکی تیرۆریستی سونەیە گەمەیەکی زۆر پیس لەگەڵ ئێران و رووسیا دەکات.

ئامانجی ترەمپ دەبێت تێکشکاندنی داعش بێت لە عێراقدا. بەڵام لەسووریا نابێت ئەم شەڕە بەبەلاش بکرێت. دەبێت ترەمپ کارێك بکات کە داعش ببێتە سەرئێشە بۆ رژێمی ئەسەد و حزبوڵا و رووسیا و ئێران، بەهەمان شێوەی موجاهیدەکانی ئەفغانستان کە بووە هۆکاری نەزیف بۆ رووسیا، کێشەی بۆ دروست بکات.

بەڵێ لەسەر ئاستی دوور مەودا ئێمە دەمانەوێت داعش لە هەر شوێنێك بێت تێك بشکێندرێت. بەڵام تەنیا مەرج بۆ تێکشکاندنی داعش ئەوەیە کە بتوانین لەسەر ئەرز ئەو تێکشکاندنە بپارێزین، ئەمەش ئەو کاتە دەبێت، ئەگەر سوننەی میانڕۆ لە عێراق و سووریا بتوانێت جێگەی داعش بگرێتەوە. ئەم جێگرتنەوەیەش ئەو کاتە دروست دەبێت کە رێککەوتن لەسەر دابەشکردنێکی دەسەڵاتی راستەقینە لە عێراق و سووریا جێبەجێ بکرێت. زەمینەی ئەم رێککەوتنەش ئەو کاتە دروست دەبێت کە ئەسەد و ئێران و رووسیا و حزبوڵا بکەونە ژێر گوشارێکی ئەوتۆوە کە بە رێککەوتنی دابەشکردنی دەسەڵات لە سووریادا رازی بن.

ئەگەر لە کاتیکدا من لەگەڵ ترەمپ بم، لەخۆم دەپرسم: ئایا چۆن لێدوانەکانی ترەمپ لە تویتەر پەرەپێدەین وەك ئەوەی پێویستمانە؟ بۆ ئەمە دەبێت ترەمپ هەموو رۆژێك بە رێگەی تویتەر ئەم مەسیجانەی بۆ رووسیا، ئێران و حزبوڵا بنێرێت کە بوونەتە پارێزەری رژێمی سووریا کە گازی ژەهراوی بەسەر منداڵاندا دەکات، دەبێت بە مەسیج بە جیهان بڵێت، رووسیا و ئێران و حزبوڵا و ئەسەد، گازی ژەهراوی بەکاردەهێنن، بەداخەوە.

نابێت بواری ئەوەیان هەبێت لەسەرکۆنەکردن رزگاریان بێت،پێویستمان بەوە وایان لێبکەین، بەرپرسیاربن بەرامبەر ئەو کارانەی دەیکەن، دەبێت لە رێگەی مەسیجەکانەوە بە جیهان بڵێت: ئێوە بڕوا دەکەن، یان نە، بەڵام ئەو توانایەی رژێمی ئەسەد بۆ بەکارهێنانی گازی ژەهراوی دژی منداڵان هەیەتی، پشتگیریی رووسیا و ئێران و حزبوڵایە، بێگومان ئەوانیش نایانەوێت بەمجۆرە لەبەرچاوی دنیا ریسوا بکرێن.

ترەمپ پێویستی بەوەیە بەشێوەیەکی ستراتیژی لێدوانەکانی لە تویتەر بڵاو بکاتەوە، باراك ئۆباما هەرگیز بەم کارتە یاری نەکردووە، بەڵام ترەمپ پێویستی بەوەیە رۆژانە ئەم لێدوانە رەخنەئامێزانە بڵاوبکاتەوە، ئەمەش سوودێکی هێجگار گەورەی دەبێت.

سووریا بازنەیەك نیە هەر کەس بە ئارەزووی خۆی پیلانی تیا بچێنێت و گەمەی پیسی بە شاراوەیی و بێ بەزەییانە تێدا ئەنجام بدات، ئێستا کاتی ئەوەیە بپرسین ئەو ترەمپە لە کوێیە کاتێك پێویستمان پێی دەبێت؟

*** تۆماس فریدمان رۆژنامەنووس و ستوونووسی بەناوبانگی رۆژنامەی نیویۆرك تایمز ئەم وتارەی لە رۆژی ١٣ی نیسانی ٢٠١٧ لە نیویۆرك تایمز بڵاو کردۆتەوە .**

# بەڵێ بۆ ریفراندۆمی بڕیاردانی مافی چارەی خۆنووسین



سەلاح بەدرەدین

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

زاراوەی پرەنسیبی مافی بڕیاردانی چارەی خۆنووسین بە شێوازە جیاوازییەکانییەوە لەوەتەی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا بەکارهاتووە، هەروەها ناوەڕۆکی ئەم زاراوەیە لەوەتەی کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانەوە زیاتر پەرەی سەندووەو واتاکەی قووڵتر بۆتەوە، تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت بۆتە جێگەی مشتومڕی لێکدانەوەو شرۆڤەکردنی جیاجیا لە پراکتیزەکردن و وردەکارییەکاندا لە نێوەندە فیکری و یاساییەکاندا، بەڵام هەمووان لەسەر ئەوە کۆکن کە پرەنسیبی ئازادیی گەلان بە پێی ویست و هەڵبژاردنی خۆیان دەبێت، بەتایبەتیش لەوەتەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٥١ ئەم پرەنسیبەی پەیڕەوکردووە لەنێو بەڵگەنامەکانیدا و هیچ دەرفەتێکیشی نەهێشتەوە لەبەردەم نەیارانی ئەم مافە بەتایبەتیش شۆفینییەکان کە باڵادەست و دەستڕۆیشتوون و گەمە بە بەرژەوەندیی گەلان دەکەن، کاتێ هەندێ مەرجی قورس و بە بنەمایان خستە ئاراوە، لەگەڵ لەقالبدانی ئەو مافە لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمی و فیدراڵیدا، یاخود بەستنەوەی چارەنووسی گەلێکی وەك کورد تا بە ویستی کۆڵۆنیالیزم لە ئازادی بێ بەش بکرێت، بۆ ئەوەی هەمیشە لە چوارچێوەی ئەو سنوورەدا بمێنێتەوە کە ئەو دەوڵەتانە حوکمڕانیی بکەن و چەندین نەتەوەی دیکەیان لەگەڵدا دەژین، واتا بەشداری بکەن لە بڕیاردانی چارەنووسی کورد لە جیاتی خودی کوردەوە، ئەگەر وا بێت دیارە پێشوەختە ئەنجامەکەی چی دەبێت.

## ● ریفراندۆمی گەلی کوردستانی عێراق

دیارە ئەرکی سەرکردایەتیی سیاسیی لەو حاڵەتە چارەنووسسازانەدا ئەوەیە کە بگەڕێتەوە بۆ رای گەل تاکو زۆرینەی گەل بڕاردەی کۆتایی خۆی یەکلایی بکاتەوەو ئیرادەی رەوای خۆی بەرجەستە بکات، لەئێستادا سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانی عێراق دەستی داوەتە ئەم هەنگاوە بە راوێژکردن لەگەڵ هێزە میللی و سیاسییەکان، هەروەها لەگەڵ رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق لەپێناو دابینکردنی مەرجەکانی رێکخستنی ریفراندۆم لە کاتی گونجاودا کە بە مەزەندە ئەم ساڵ ئەنجام دەدرێت، لەمەدا بوار دەدرێتە هاووڵاتیان تاکو رێگای بڕیاری چارەنووسیان دیاری بکەن لە سەربەخۆیی یان کۆنفدراڵی لەگەڵ عارەبی عێراق یاخود بە فیدراڵییەتی تازەکراوەوە قایل بن.

بێگومان پرۆسەی ریفراندۆم هەموو نەتەوەو پێکهاتەکانی گەلی کوردستانی عێراق دەگرێتەوە، هەموو لا مافیان لەمەدا دەبێت، واتا نەك هەر کورد بە تەنیا، بەڵکو هەموو نەتەوەکانی ئەم هەرێمە دەنگ بۆ چارەنووسی خۆیان دەدەن، کوردستانیش دەبێتە پێشەنگ لە چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەکانی دیکەی وەك کریستیان( کلدۆئاشووری و سریان و ئەرمەن)و تورکمان و نەك هەر ئەو عارەبانەی لە سنووری ئێستای ئیداریی هەرێم نیشتەجێن، بەڵکو ئەوانەیشی کە لەو ناوچەو شارانە دەژین کە ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق دەیانگرێتەوە، وەك شنگال و دەشتی نەینەواو کەرکوك و شوێنی دیکە.

بەڕێوەچوونی پرۆسەی ریفراندۆم کە بڕیاری لێدراوە، خۆی لە خۆیدا رەنگدانەوەی بەهێزیی ئەزموونی سەرکەوتووی کوردستانە لە هەرێم، کە خۆی لەو ناونیشانەدا بەرجەستەدەکات: پێکەوەژیانی نێوان سەرجەم پێکهاتەکان و چارەسەری ئاشتییانەو دیموکراسییانە بەرێگەی دیالۆگ لە هەموو کێشەکاندا، هاوکات ئازادیی بازاڕو چەسپاندنی لێبووردەیی نەتەوەی ئایینی و مەزهەبی، هەروەها رێگە خۆش دەکات لەبەردەم جێبەجێ کردنی پرۆژەکانی دامەزراندنی رێکخراوگەلێکی تازەی ئیداری کە بەدەم ئیرادەی زۆرینەی ئایینی و ئیتنییەوە بێت لە شنگال کە دەمێکە مەسەلەی پەیوەستبوونی چارەنووسی خۆی وەك بەشێك لە کوردستانی عێراق یەکلایی کردۆتەوە، هەروەها ناوچەی دەشتی نەینەوا کە بەپێی پرۆسەی

ديموكراسيى بڕيار لە شێوازی پەيوەندييەكانی دەدات لەگەڵ هەرێمی كوردستان و حكومەتی ناوەند لە بەغدا.

سەركەوتنی پرۆسەی ريفراندۆم وەك شايستەيەكی ديموكراسی و شارستانی و ئەنجامەكانيشی هەر چۆنێك بن بۆ هەمووان دەگەڕێتەوە، لە كوردو عارەب و نەتەوەی ديكە، چونكە فيدراڵييەتی ئێستای هەرێم سەرئەنجامی سازانی كورد و عارەبە لە سەردەمانێكی ئۆپۆزسيۆندا دژ بە رژێمی لەناوچوو، هاوكات بۆماوەيی كۆنگرەكانی ئۆپۆزسيۆنە لە لەندەن و بەيروت و پيرمام، هەروەها دەركەوتنی چارەسەری كێشەی كوردە بۆ يەكەم جار بە رێگەی ديالۆگ و سازان و يەكڕيزيی دژی ديكتاتۆريەت و لەپێناو ديموكراسيدا، راستە كە شەريكی عارەبی ئۆپۆزسيۆنی عێراقی لەو كۆنگرانەدا بڕياری لە مافی چارەی خۆنووسينی كورد داوە بەمەرج، واتا بێ جيابوونەوە و پابەندبوون بە فيدراڵييەت، بەڵام لە راستيدا ئەو هەلومەرجانە گۆڕاون، هەروەها هاوسەنگيی هێزەكانی كوردی و عێراقی جياوازبووەو ژێرخانی ئابووری و كۆمەڵايەتی و پەرەپێدان لە هەرێمدا پەرەی سەندووە بە دۆزينەوەو دەرهێنانی نەوت و غاز، لەلايەكی ديكەوە شەراكەتی فيدراڵييەت لەگەڵ بەغدا خواستەكانی گەلی هەرێمی كوردستان ناهێتێتە دی، لەبەر چەند هۆيەك: لەوانە چەقبەستنی پرۆسەی سياسيی ديموكراسی لە عێراق و باڵادەستيی فيكری تايفەگەريی لە حكومەتی ناوەند و پابەندنەبوونی حكومەتە عێراقييە يەك لەدوای يەكەكان بە پەيمان و بەڵێنەكانيان، هەروەها بە ماددەكانی دەستوورەوە، بۆيە هەلومەرج گونجاوە بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی تازەی ريفراندۆم دوای تێپەڕبوونی زياتر لە دوو دەيە بەسەر راگەياندنی فيدراڵييەتدا، هەروەها واژۆكردنی گرێبەستێكی تازە بە رێگەی ديالۆگ و سازانی نيشتمانی.

## ● هەڵوێستی پەكەكە دژی مافی چارەی خۆنووسينی گەلی كوردستان

رەوتی سەركێش لە بزووتنەوەی كورد كە پەكەكە سەركردايەتيی دەكات دژی مافی چارەی خۆنووسينی گەلی كوردستان دەوەستێتەوەو لە بنەڕەتدا و بە ئاشكرا دەوڵەتی نەتەوەيی كورد رەتدەكاتەوە، لە كاتێكدا زياتر لە ١٩٠ دەوڵەتی نەتەوەيی ئەندامن لە نەتەوە يەكگرتووەكان، لەگەڵ ئەوەی كە سەرانی ئەم حزبە گوێڕايەڵی چەند رژێمێكن لە دەوڵەتانی پەڕگيری وەك ئێران و سووريا، هەروەها چەند زاروەيەك دێننە ئاراوە كە پاڵپشتی ياسايی يان مێژوويی يان واقيعييان نييە، وەك دەستەواژەی (نەتەوەی ديموكراسی)، بەڵام لەسەر ئاستی پراكتيك و لەسەر ئەرزی واقيعيشدا ئەم رەوتە سەركێشەی پەكەكە و هاوپەيمانەكانی دەست وەردەدەنە كاروباری ناوخۆی هەرێمی كوردستانی عێراق لەم هەلومەرجە ناسكەی ئێستادا، لەكاتێكدا هەماهەنگيی هەيە لەگەڵ چەندين ناوەندی هێزی توندڕۆو دەمارگيری شيعەی عێراقدا وەك حەشدی شەعبی و گروپەكەی مالیكی بۆ ئەوەی دەستكەوتەكانی گەلی كوردستان لەبار بەرن، ئەويش بە نانەوەی ئاژاوە لە شنگال يان وەستان لەپاڵ چەند رەوتێكی سەركێشی كورددا كە بەستراونەتەوە بە دەستگاكەی قاسم سلێمانی ئەويش بە دژايەتيكردنی سەرۆكايەتيی هەرێم و حكومەتەكەی، هەروەها دانانی ئاستەگ و لەمپەر لەبەردەم ئەنجامدانی پرۆسەی ريفراندۆمی بڕياردانی چارەنووس.

لە كاتێكدا كە جەماوەری كوردستان لە هەموو بەشە جياوازەكانی كوردستاندا و لە سەرجەم شوێنەكاندا لەپاڵ گەلی كوردستانی عێراقدا وەستاون بۆ بەديهێنانی ئيرادە و بڕياردانی مافی چارەی خۆنووسين كە ئەنجامدانی ريفراندۆم دەبێتە زەماوەندێكی نەتەوەيی و شارستانی و ديموكراسی، بەڵام لە هەمان كاتيشدا ناوەندەكانی سەركردايەتيی پەكەكە لە ريزی هێزەكانی شەڕانگێزو رەگەزپەرست دەوەستێت و پيلان و نەخشەو مەرامی نەگريس لە ژوورە تاريكەكاندا دادەڕێژێت بە هاوكاريی لەگەڵ دەزگا هەواڵگرييە ئيقليمييەكان، ئەويش بە دانانی كۆت و فشار كە بە شێوەيەكی نەرێنی كاريگەريی دەبێت لەسەر گوزارشتكردنی گەل لە ئيرادەی خۆی، بەمەش دەيەوێت ئيرادەی ئەو گەلە پەكبخات كە زياتر لە سەدەيەكە خەباتی بۆ دەكات و بەو هيوايەی بگاتە ئەو رۆژە كە بە ئازادی گوزارشت لە ويست و ئامانجەكانی بكات.

سەرانی پەكەكە و بەتايبەتيش ئەوانەی لە چيای قەنديل خۆيان مات كردووە كار بۆ ئەوە دەكەن رەوشەكە زياتر ئاڵۆزبكەن و چارەسەری ئاشتييانە لەباربەرن كە پرەنسيبی بڕياردانی مافی چارەی خۆنووسين دێنێتە دی، ئەمەش بە هەماهەنگی لەگەڵ هێزو رژێمە ئيقليمييەكان ئەنجام دەدەن، ديارە ئەو هەوڵەی گروپەكەی قەنديل لە دوو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت، يەكەميان رازيكردنی خاوەن بڕيارەكانە لە پايتەختەكانی دەوروبەر كە خۆی لەگەڵياندا گونجاندووە، دووەميشيان سەپاندنی سياسەتی ئەو دەوڵەتانەيە بە زەبری چەك و ترساندنی گەلی ئاشيخوازی كورد و سەپاندنی سەرانە و هەڕەشە لێكردنيان بە پاكتاوو دەستگيركردن و راگواستن و دەركردنيان لە ناوچەكانی خۆيان، وەك ئەوەی چەندين دەيەيە بەرامبەر كوردی توركيا ئەنجام دەدرێت، دوای ئەوەی كە مليۆنان لەو كوردانە شارەكانی خۆيان جێهێشووە، هەروەها چەند ساڵێكيشە بەرامبەر بە كوردی سووريا پەيڕەو دەكرێت كاتێ دەبينين كە نيوەيان خاكی باوك و باپيريان جێهێشتووە.

**سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانی عێراق بە راوێژکردن لەگەڵ هێزە میللی و سیاسییەکان، هەروەها لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق کاردەکات لە پێناو دابینکردنی مەرجەکانی ڕێکخستنی ریفراندۆم لە کاتی گونجاودا کە بە مەزەندە ئەم ساڵ ئەنجام دەدرێت**

**شەراکەتی فیدراڵییەت لەگەڵ بەغدا خواستەکانی گەلی هەرێمی کورستان ناهێتەدی، لەبەر چەند هۆیەک: لەوانە چەقبەستنی پرۆسەی سیاسیی دیموکراسی لە عێراق و باڵادەستیی فیکری تایفەگەریی لە حکومەتی ناوەند و پابەندنەبوونی حکومەتە عێراقییە یەک لەدوای یەکەکان بە پەیمان و بەڵێنەکانیان**

**سەرانی پەکەکە و بەتایبەتیش ئەوانەی لە چیای قەندیل خۆیان مات کردووە کار بۆ ئەوە دەکەن رەوشەکە زیاتر ئاڵۆز بکەن و چارەسەری ئاشتییانە لەبار بەرن کە پرەنسیبی بڕیاردانی مافی چارەی خۆنووسین دێنێتەدی**

# بۆ رزگاربوون لە رژێمی ئەسەد ئەمریکا ناتوانێت پشت بە رووسیا ببەستێت

سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو بەرامبەر سووریا چۆتە پێشێ، هەتا ئەگەر ئەم چوونە پێشە جۆرێك لە سەرکێشیش بێت، تەنیا لەماوەی دوو هەفتەی رابردوودا سەرۆك ترەمپ لەسەر دوو ئاست وەرچەرخانی زۆر گەورەی دروست کردووە، یەکەمیان لە دژایەتیکردنی توندیەوە بۆ دەستتێوەردانی سەربازی بۆ فەرماندان بە لێدانی رۆکێت لە رژێمی ئەسەد، دووەم لە رازیبوون بە مانەوەی بەشار ئەسەد لەدەسەڵاتدا بۆ دووبارە جەختکردنەوەی لە رزگاربوون لەدەستی.

ئێستا کاتی ئەوەیە کە هەنگاوی سێیەمیش هەڵبگرێت. بۆ ئەمەش گرنگە ریکیس تیلێرسۆن راشکاوانە لە رووسیا ئاماژە بەوە بدات کە ئیدارەی ترەمپ خۆی ئامادەدەکات بۆ وەرچەرخانێکی دیکە و لەبری ئەوەی ئەولەوییەت بداتە ئەوەی ئەمریکا لەگەڵ رووسیا پێکەوە لە سووریا کار بکەن، ئەولەوییەت بداتە ئەوەی گوشار بخاتە سەر رووسیا بۆ ئەوەی هاوکار بێت لە لابردنی رژێمی ئەسەد، ئەمەش ئەو ستراتیژیەتەیە کە گەورە بەرپرسانی ئەمریکا لە کۆتایی هەفتەی رابردوو چوارچێوەکەیان ئاشکرا کردووە، نیکی هانی باڵیۆزی ئەمریکاش لە نەتەوە یەکگرتووەکان ئەمەی روون کردۆتەوە و رایگەیاندووە: «لەگەڵ رژێمی ئەسەد و لەژێر چەتری رووسیا بۆ هێشتنەوەی ئەسەد، ناتوانین ئاشتی لە سووریا و ناوچەکە ببینین.» رۆژی دووشەمەی رابردووش تیریزا مەی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا لە لێدوانێکی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە «مەی و ترەمپ لەسەر ئەوە هاوڕان، پەنجەرەیەك کراوەتەوە بۆ ئەوەی رووسیا بگەیێننە ئەو قەناعەتەی کە ئەو هاوپەیمانییەی لەگەڵ رژێمی ئەسەد لە بەرژەوەندی ستراتیژیەتی وڵاتەکەی نابێت.»

رۆژی ١١ی نیسانی ٢٠١٧ ریکس تیلێرسۆن وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەمیانەی کۆنگرەی وەزیرانی دەرەوەی گروپی ٧ بە رۆژنامەنووسانی راگەیاند، ئەمریکا ئومێد دەخوازێت کە رووسیا دەستبەداری پشتگیریکردن لە رژێمی ئەسەد بێت و هەروەها لە مۆسکۆش تیلێرسۆن گوتوویەتی کە ئەمریکا ئومێد دەخوازێت رووسیا پشتیگیری خۆی بۆ رژێمی ئەسەد کۆتایی پێ بهێنێت و رزگاربوون لەئەسەد ئامانجێکی ماقووڵە لەبەر ئەوەی ئەسەد ئەو کەسەیە کە کارەساتی بەسەر هاووڵاتیانی ئەو ناوچەیە هێناوە. بۆیە هاتنە پێشەوەی رووسیا لەسەر ئەم پرسە دەبێتە هۆکاری بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، لەبری ئەوەی بەشار ئەسەد پشت بە مۆسکۆ ببەستێت بۆ مانەوەی لە دەسەڵاتدا.

بەڵام کێشەی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە، کە هیچ گەشبینییەك لە هەڵوێستی رووسیا نابیندرێت کە هاوشانی ئەمریکا بێتەپێشەوە و هاوکار بێت بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، ئەمە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ریکس تیلێرسۆن چ گوشارێك دەخاتەگەڕ بۆ ئەم ئامانجە، بۆیە واقیعەکە ئەوەیە ئەگەر واشنتۆن دەیەوێت بەشار



**فلیپ گۆردن***

ئەسەدی لە کۆڵ بێتەوە، ئەوا دەبێت ئەم کارە بەدەر لە رووسیا ئەنجامبدات، نەك بە هاوکاری لەگەڵیدا.

ئەم دەرەنجامە دوای ئەزموونی تاڵی چەندین ساڵە لەگەڵ رووسیا دەبێت ئاشکرا بێت و ببێتە وانەیەك بۆ ترەمپ. من وەك یاریدەدەری وەزیری دەرەوە بۆ کاروباری ئەورووپا و ئۆراسیا زۆر جاران یاوەری وەزیری دەرەوەی ئەوکات (هیلاری کلینتۆن) بووم، لەو دیدارانەی لەگەڵ هاوشانەکەی سیرگی لاڤرۆڤ ئەنجامی دەدا، من ئامادە بووم کە تیایدا جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، رووسیا دەست لە پشتیوانی بەشار ئەسەد هەڵبگرێت، بەڵام تەنیا نزیکبوونەوەیەك کە پێی گەیشتین، ئەوە بوو کە هەردوولا پێکەوە بەشداری کۆنگرەی ژنێڤ لە ساڵی ٢٠١٢ بەسەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن و گەیشتینە ئەوەی رێکبکەوین لەسەر رێککەوتنێك بۆ قۆناخی راگواستنی حکومەتی سووریا و سەرکردەکانی ئەم حکومەتەش بە رازیبوونی هەردوولا (رژێمی ئەسەد و ئۆپۆزسیۆن) دەستنیشان بکرێن، ئەم دەستەواژەیە بۆ ئەمریکاو هاوپەیمانە ئەورووپی و عەرەبەکان، مانای ئەوە بوو تەنیا ئەگەر ئۆپۆزسیۆن رازی بێت، ئەگینا ئەسەد دەبێت بروا، بەڵام سیرگی لاڤرۆڤ زۆر بەخێرایی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەم دەستەواژەیە مانای ئەوەیە دەبێت ئەسەدیش رازی بێت، ئەمەش بەو مانایەی کە ئەسەد لەدەسەڵاتدا دەمێنێتەوە.

جۆن کیری کە دوای هیلاری کلینتۆن بووە وەزیری دەرەوە، کاتێك هەوڵیدەدا پشتگیری رووسیا بەدەست بهێنێت بۆ قۆناخی دوای رژێمی ئەسەد، رووبەڕووی هەمان ئەو ئاستەنگانە بووەوە تەنانەت ئەو کاتەی کە ئەمریکا پشتگیرییەکانی بۆ ئۆپۆزسیۆنی سووری زیاد کرد، رووسیا هەموو ریکارێکی گرتبەر بۆ ئەوی شەڕی ناوخۆ درێژە پێبدات، بیانووی سەرەکیی رووسیاش ئەوەیە کە بەردەوام ئەوەی رەتکردۆتەوە کە سیاسەتەکانی بەشار ئەسەد جۆرێك لە توندڕۆیی ئیسلامی بەرهەم دەهێنێت و پێویستە شەڕی لەگەڵ بکەین.

بەرپرسانی رووسیا بەردەوام ئەوەمان پێدەڵێن ئێمە بەرگریکاری ئەسەد نین، بەڵام هەر زۆر خێرا لەمە گرنگترمان پێدەڵێن و جەخت دەکەنەوە کە ئامادەنین رێگە بدەین ئێوە حکومەتی سووریا دیاری بکەن و ئەو نییەتەشمان نییە پشتی تێبکەین.

هەربۆیە ئەوانەی ئومێد دەخوازن و قەناعەتیان بەو جۆرەیە کە رووسیا لەسەر ئەم پرسە گۆڕانی بەسەردا دێت، یان ئەوانەی بەوجۆرە بیردەکەنەوە کە هەنگاو هەڵگرتن بۆ پێشەوە بەو ئاراستەیە دەبێت، ئەوا لەوە بێئاگان کە رووسیا بەوجۆرە دەبینێت کە قووڵایی بەرژەوەندی رووسیا لەوەدایە ئەسەد لەدەسەڵاتدا بمێنێتەوە. لەبەر ئەم هۆکارانە:

یەکەم: هەر بۆچوونێك باسی گۆڕینی رژێم بکات، ئەوە سەرۆك فلادمێر پۆتین بە توندی

ڕەتیدەکاتەوە، ئەوجا ئەم ڕژێم گۆڕینە سەبارەت بە عێراق، یان سووریا، یان لیبیا بێت، ئەوا پۆتین زۆر بە توندی لە دژی رادەوەستێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو بەوجۆرە سەیری ئەم بۆچوونە دەکات، کاتێك هاووڵاتیانی ئەو وڵاتانە حەزیان لە حکومەتەکەی خۆیان نەبێت و پەنا بۆ چەك ببەن بۆ گۆڕینی حکومەتەکەیان، ئەوا ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی کە رووسیا بە دوژمنی جیۆپۆلیتکی خۆی دەزانێت، دێن بەدەنگیانەوە و رزگاریان دەکەن. من پێموایە بەشێك لە دەستتێوەردانەکانی رووسیا لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا لە ٢٠١٦ بۆ ئەوە بوو هیلاری کلینتۆن بدۆڕێت، بەمەش پۆتین شێتیی گەورەی خۆی لەو ترسە پیشاندا کە هیلاری لە پرسی گۆڕینی ڕژێمەکانی لە مێشکیدایە، ئەمەش لەبەر ئەوەی هیلاری کلیتۆن زۆر بەتوندی رەخنەی لە هەڵبژاردنە بێ سەروبەرەکەی ٢٠١١ ی رووسیا گرت.

هەربۆیە پۆتین هەرچی لە توانایدا هەبێت، دەیکات بۆ ئەوەی گەرەنتی ئەوە بکات، سووریا نەبێتە پێشینەیەك بۆ ئەو حاڵەتەی کە بانگهێشتی هێزی دیکە بۆ ناوچەکە بکرێت، یان هەتا نەبێتە پێشینەیەکیش کە رۆژێك لە رۆژان هاووڵاتیانی رووسیا دەست بدەنە چەك بۆ گۆڕینی دەسەڵاتدارانی ئێستای مۆسکۆ.

هۆکاری دووەم کە مۆسکۆ زۆر دژی گۆڕینی رژێمی ئەسەد لە سوریا رادەوەستێتەوە، لەبەر ئەوەیە رووسیا پێیوایە - ئەم حاڵەتە بێ مەلامەت نابێت- تەنیا ئاکامەکەی ئەوە نییە کە رژێمێکی پرۆ رۆژئاوای سەقامگیر دێتەکایەوە (کە ئەمە خۆی لە خۆیدا بە تێڕوانینی مۆسکۆ زۆر خراپە)، بەڵام لەمەش زیاتر لە روانگەی مۆسکۆوە ئەم حاڵەتە تەنیا دەبێتە هۆکاری ئاژاوە و ناسەقامگیری و توندڕۆیی زیاتر لە ناوچەکەدا.

لە خاڵەدا، لەوانەیە رووسیا راستگۆ بێت کە دەڵێت ئێمە خۆشەویستییەکمان بۆ ئەسەد نییە هەتا لەدەستی بدەین، بەڵام تا رادەیەکی زۆر رژێمی ئەسەد لەو سوننە توندڕۆیانە بە باشتر دەزانین کە گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی دەتوانن دەست بەسەر دیمەشقدا بگرن، یان لانیکەم لە ناو خۆیاندا شەڕبکەن لەو کاتەی



بەکردەیی رژێمی ئەسەد دەڕووخێت.

ریکس تیلێرسۆن لەکۆتایی هەفتەی رابردوو لە چاوپێکەوتنێکی رۆنامەنووسیدا گوتی: «ئومێد دەخوازین رووسیا بە هۆشیارییەوە بیر لە بەردەوامیدان بە هاوپەیمانی لەگەڵ رژێمی ئەسەد بکاتەوە.»، ماکماستەری راوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانیش هەمان ئومێدی دەربڕیوە و دەڵێت: «ئومێد دەخوازین رووسیا ببێتە بەشێك لە چارەسەر،




ئەگەر بتوانێت دووبارە هەڵسەنگاندنەوە بۆ ئەو کارانەی بکات کە ئێستا دەیکات.»

بەڵام کێشەکە ئەوەیە رووسیا بەتەواوەتی دەزانێت چی دەکات، زۆر بەجددی بڕیاری داوە کە بەردەوام بێت لەسەری، بۆیە ئەگەر ئیدارەی ترەمپ چاوی لەوەیە کە مۆسکۆ تێڕوانینی خۆی بگۆڕێت، ئەوا دەبێت باشتر لەوە تێبگات کە ئەم پرسە پێویستی بە زیاتر لێدانی گروپێك موشەکە و دەبێت ئەوەش بکرێت.

*** فلیپ گۆردن ئێستا توێژەری باڵایە لە ئامۆژگای پێوەندییەکانی دەرەوەی ئەمریکا، لەماوەی ساڵانی ٢٠٠٩-٢٠٠٣ یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بووە بۆ کاروباری ئاسیا و ئۆراسیا، هەروەها لە ماوەی ساڵانی ٢٠١٣-٢٠١٥ یاریدەدەری تایبەتی سەرۆك بووە لە کۆشکی سپی و ڕێکخەری کاروبارەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیا و دەوڵەتانی کەنداو بووە، ئەم وتارەشی لە رۆژی ١١ی نیسانی ٢٠١٧ لە واشنتۆن پۆست بڵاوکردۆتەوە.**

# سیاسەتی ترەمپ و گۆڕانکارییە خێراکان و پرسی ریفراندۆم



شازاد ئەنوەر

تایبەت بۆ گوڵان نووسیوەیەتی

دوای دەست بەکاربوونی دۆناڵد ترەمپ وەکو سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەندێ رووداوی خێرا و دراماتیکی هاتنەئارا کە رەنگە بەشێکیان جێی رامان و هەڵوەستە بن، لەوانە: زۆر بەخێرایی هێنانەوەی ژەنەراڵە خانەنشینەکان بۆ ناو کابینەی حکومەتەکەی و لادانی بەشێکی بەرچاو لەبەرپرسانی پایە بڵندی وەکو کەرتی هەواڵگری و راوێژکارو.. تاد. هەندێ لە هەڵسوکەوتەکانی ترەمپ سیاسەتەکانی جۆرج وۆکەر بوش-م بیردەخاتەوە کاتێك میحوەری شەڕی بە سێ کوچکەی کۆریای باکوور، عێراق، ئێران ناوزەد کرد. ئەمڕۆش وا دەبینین تەنیا لە بری عێراق داعش و سووریا هاتوونەتە واری بوون، گەرنا ئێران و کۆریای باکوور بەلای ئیدارەی نوێی کۆشکی سپی لە هەمان خانەی عەهدی رابردووی کۆمارییەکاندان.

هەڵبەت ئەو رووداوانەی هاتوونەتەئارا، بەشێکیان پێوەندی بە سیاسەتی نوێی ئەمریکاوە هەیە و ئەویتر ویست و خواستی گەل و میللەتی بەشخوراوی مێژوویی ناوچەکەن وەکو کورد و کوردستان و ریفراندۆم و تێکشکاندنی داعش بە دەستی پێشمەرگە و هاوکاری هاوپەیمانان. دۆناڵد ترەمپ هەندێ بڕیاری دەرکرد زۆربەی دۆستە دێرینەکانی وڵاتەکەی لە ناوچەکە بەجۆرێك لە جۆرەکان ئاوت کرد و رووی لە تاران و هەڵگرتنی ئابڵوقە و پاشان وەستان لە سنووری لەناوبردنی چەکی کیمیایی دیمەشق کرد. کە لە راستیدا دەرکەوت نەك سەرکەوتوو نەبوو، بەڵکوو ئیحراجییەکی زۆری بۆ ئیدارەی ئێستا جێهێشت.

هەرچی ترەمپ و تیپەکەیەتی بەخێرایی هەوڵدەدات بەڵێنەکانی رۆژانی خۆکاندیدکردنەکەی جێبەجێ بکا و بەوپەڕی شێلگیری دەکۆشێ سنوور بۆ ئێران و سووریا و کۆریای باکوور دابنێت، ئەمە وێڕای بازاڕگەلی چین لە وڵاتەکەی.

بۆ ئەمەش سەرەتا گورزێکی وریاکەرەوەی سرەوانده سووریا، بەوەش رووسیا و ئێرانی دووچاری شۆك کرد. پاشان گەورەترین، یان یەکێك لە گەورەترین کەشتی گەلی هەڵگری فڕۆکە و موشەکی جۆراوجۆری ترسناکی رەوانەی کەنار و شوێنە نزیکە دەریاییەکانی کۆریای باکوور کرد، قسەش لەسەر ئەوەیە بنکەی فڕۆکەوانی ئەنچەرلیکی چۆڵ بکات و روو لە پێنج نێوەندی فڕۆکەوانی بکات لە ناوچە ئازادکراوەکانی سووریا، ئەمەش گورزێکی کاریگەرە لە ئەنقەرەی دەدات و بێدارکردنەوەیە، بەوەی کۆشکی سپی ناچێتە ژێر گوشاری هیچ بڕیارێکی ئەو وڵاتە گەر خۆی قەناعەتی پێ نەبێت.

دەربارەی شەڕی تیرۆر و بەتایبەت داعش سیاسەتی ناوبراو روون و ئاشکرایەو لە دواسەردانی وەفدی پایەبڵندی وڵاتەکەی بۆ عێراق و کوردستان بە راشکاوی دەریان بڕیوە کە تا دواسات پشتیوانیی پێشمەرگە و هەموو ئەوانە دەبن کە دژی داعش دەجەنگن. چاوەڕوانیش دەکرێ دوای ئازادکردنی موسڵ و حەویجە و هەندێ شوێنی دی، ئەمریکا بە هەیبەتێکی زیاتر روو لە رەقا بکات و دۆسێی (حەیوانەکە) بەشار ئەسەد کە ترەمپ و وەزیری دەرەوەکەی بەو دەستەواژەیە ناوزەدیان کرد، ببێتە ئەولەوییات و چیتر بوار بۆ مانۆڕی رووسیا و ئێران نەهێڵنەوە.

خاڵێکی دیکەی گرنگ کە ئەمڕۆ لە جادەی کوردستانی باشوور قسەی زۆر جددی لەسەر دەکرێ و قەدەر وایە بەر رۆژگاری دەسەڵاتی کۆمارییەکان کەوتووە، بابەتی ریفراندۆم و پاشان بڕیاردانی یەکلایی میللەتی کورد و کوردستانییەکانە. لەمبارەوە سەرکردایەتی کورد زۆر بە خێرایی و جددی لە بەری راچوون و تەنانەت باس لەوە دەکرێ وەفدێکی باڵا ئامادەکرابێ بۆ دانوستاندن و هەوڵی لێکتێگەیشتنی دەرودراوسێ و وڵاتانی جیهان بکرێ. من بۆخۆم قەناعەتم وایە ئەمریکا ئاگاداری ورد و درشتی مەسەلەکە بێت.

بە کورتی، لە دوو ساڵی یەکەمی دەسەڵاتی ترەمپ زۆر قەیرانی جۆراوجۆر سەرقاپیان لەسەر هەڵدەدرێتەوە، بە کێشەی فەڵەستین و ئیسرائیلیشەوە، هەروەها بابەتی ئێران و یەمەن و سووریا وەکو ئێستا نامێنێتەوە، ئەوەی پێوەندی بە کرملن-یشەوە هەیە، ئەزموونی خۆرئاوا بۆ رازیکردنی مۆسکۆ دوور و درێژە پاشان قەیرانی دارایی و ئابڵوقە هەمە چەشنەکانی سەری و گرفتی ئۆکرانیا تەواو فلادمیر پۆتن-ی جەنجاڵ کردووە، هەرچی پێوەندی بە کوردیشەوە هەیە، زۆربەی زۆری ئاماژەکان روو لە وەن، نە ئەمریکا و نە ئەورووپا و وڵاتانی کەنداو دژی ریفراندۆم نابن، ئەمەش بۆ ئێمە لە هەموو خاڵەکانی دی لەپێشتر و گرنگترە.

# رۆڵی ئافرەت لە میدیای کوردی

بە حوکمی حەڤدە ساڵ ئەزموونی رۆژنامەگەریم لە بەریتانیا و یابان دەتوانم بڵێم ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی سەرنجی میدیای جیهان بدەین، وا دیارە کە رۆڵە سەرەکییەکانی راگەیاندن زیاتر لەلایەن پیاو بەڕێودەبردرێن و ئافرەت تا رادەیەك رۆڵێکی لاوەکی دەگێڕێت. بوونی ئافرەت لە دەزگاکانی راگەیاندن بە شێوەیەکی گشتی لە زیادبووندایە، بەڵام بەشێکی کەمیان گەیشتوونەتە ئاستی خانەی بڕیاردان. بەهەمان شێوە لە هەرێمی کوردستان رۆڵی ئافرەت لە خانەی بڕیاردانی زۆربەی کەناڵەکانی راگەیاندن پەراوێز خراوە، ئەمەش وایکردووە میدیای کوردی بەگشتی بەئەقڵییەتی پیاوسالاری بەڕێوەبچێت.

ئەگەر لاپەڕەکانی مێژووی کوردستان هەڵبدەینەوە دەبینین کە لە دێرزەمانەوە ئافرەت رۆڵێکی کاریگەری گێڕاوە لە خەباتی گەلەکەمان. ئافرەتی کورد سەلماندوویەتی کە بە توانا و خاوەن ئیرادەیە، بۆیە پێویستە کۆمەڵگەکەمان هانی ئافرەت بدات بەشدار بێت لە بەرەوپێش بردنی وڵاتەکەمان شانبەشانی پیاو لە هەموو بوارێکدا. هەر لەم دواییەدا شەهیدبوونی رۆژنامەنووس شیفاگەردی دووپاتکردنەوەی رۆڵ و پێگە و قوربانیدانی ئافرەتی کوردە لەکاروانی خەبات و گەشەسەندنی گەلەکەماندا.

سەرەڕای کۆسپ و تەگەرە و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان رۆڵی ئافرەت لە دەزگاکانی راگەیاندندا لە هەرێمی کوردستان بەرەوپێشڤەچوونی بەرچاوی بەخۆی بینیوە، لەم چەند ساڵەی دواییدا. خانمانی رۆژنامەنووس و راگەیاندنکاری کوردستان سەلماندوویانە کە تواناکانیان لە توانای پیاوانی هاوپیشەیان کەمتر نییە، لەئێستاشدا کۆمەڵێك ئافرەتی بەتواناو بەئەزموون لەم گۆڕەپانەدا دەبیندرێن و لەپێشخستنی کاروانی رۆژنامەگەری کوردی جێپەنجەیان دیارە. جێی خۆشحاڵییە کە هیچ رێگرییەکی یاسایی بۆ هاتنی ئافرەت بۆ ناو بواری راگەیاندن لە هەرێمی کوردستان بوونی نییە و لەئێستادا ژمارەیەکی بەرچاو لەخانمی خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەر و بەڕێوەبەری نووسین هەن. ئەمانە پێشهاتی زۆر پۆزەتیڤن و دەبێت کاری لەسەر بکرێت بۆ بەدێهێنانی هاوسەنگیی جێندەری لە میدیای کوردی، بە تایبەت لە خانەی بڕیاردان.

پێویستە ئەو خانمانەی لە بواری میدیا کار دەکەن، لە رێگەی دامەزراوە، یا رێکخراوی میدیاییی لە پێوەندی بەردەوامدا بن بۆ ئەوەی ئەزموونی خۆیان ئاڵوگۆڕ بکەن و رێنیشاندەر بن بۆ ئەو خانمانەی کە ئارەزوویان هەیە لە بواری میدیا کاربکەن، بۆ ئەوەی بتوانن دەرفەتی زیاتر بۆخۆیان بڕەخسێنن و پشتگیری یەکتری بکەن لە گەیشتن بەو باوەڕەی کە جێگەی خۆیان بکەنەوە لەناوەندی بڕیارەکاندا. بوونی ئافرەت لە خانەی بڕیاردانی دەزگاکانی راگەیاندندا پێویستە. ئێمە پێش ئەوەی پیاو بین یان ئافرەت، مرۆڤین. پێویستە جیاوازی لەنێوان ئافرەت و پیاودا نەکرێت. دەبێ کۆمەڵگە پشتیوانی لەئافرەتان بکات بۆ کارکردن و هیوادارم ئەو خانمانەی کە حەز بە کاری راگەیاندن دەکەن، کۆڵنەدەن و دەستپێشخەربن و ئەو خانمانەی لە بواری میدیا یاخود لە هەر بوارێکی دیکە سەرکەوتوو بوون، بیانکەن بە نموونە لە ژیانی پیشەیی خۆیاندا. خانمان دەبێت خاوەن کەسایەتییەك بن کە بتوانن ئەو سنوورانەی کۆمەڵگە بۆی کێشاون و ئەو بەربەستە نەریتییانە تێپەڕێنن،بۆ ئەوەی بتوانن کاربکەن و بەڕێوەبەر و خاوەن بڕیاربن و کۆمەڵگە ئاراستەبکەن.

خانمانی رۆژنامەنووس و میدیاکاری کوردی دەبێت لەڕێی پیشەکەیانەوە کار لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردەیی و رۆشنبیری و هوشیاری و گوڕینی تێڕوانینی کۆمەڵگە بکەن لەسەر ئەو پرسانەی کە پەیوەستن بە ئافرەت. وێناکردنی ئافرەتی کورد وەکو قوربانی و پاکانەکردن بۆ توندوتیژی لە رووماڵی هەندێك لە کەناڵەکانی میدیای کوردی بۆ ئافرەت و پرسی جێندەری وێنەیەکی هەڵەو ناڕەوایە، ئەم بابەتە پێویستە زۆر بە هەستیاری مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و خانمانی میدیاکار دەتوانن رۆڵێکی کاریگەر لەم بوارەدا بگێڕن.

لە کوتاییدا هیوادارم کە هەموومان پێکەوە هەوڵبدەین پشتگیری لەو خانمانە بکەین کە دەیانەوێ لە بواری میدیا کاربکەن. کۆمەڵگەی تەندروست و مەدەنی کاتێك دێتە کایەوە وەك ئافرەت، کە نیوەی کۆمەڵگا بەهیچ شێوەیەك پەراوێز نەخرێ و جێپەنجەیان لە هەموو بوارەکان دیار بێت.



بەیان سامی عەبدولڕەحمان

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

زاکاری لۆکمان
شارەزای کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# ترەمپ بە رۆکێت بارانکردنی رژێمی سووریا و لێدانی داعش لە ئەفغانستان جیهانی سەرسام کردووە

**زاکاری لۆکمان پرۆفیسۆری دیراساتی ئیسلامی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و مێژووە لە زانکۆی نیویۆرك. پێشتریش سەرۆکی کۆمەڵەی دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە و ئەندامی کۆمیتەی ئەم کۆمەڵەیە بووە کە پەیوەست بووە بە ئازادیی ئەکادیمییەوە. بۆ تاوتوێکردنی بارودۆخ و پەرەسەندنەکانی ئەم دواییە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامداو ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

*** لە سەرەتای دەستبەکاربوونیەوە، نادڵنیاییەك هەبوو لەبارەی سیاسەتی دەرەوەی ترەمپەوە، بەڵام بەم دواییە گۆڕانکارییەکمان بینی لە پێوەندی بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سووریاوە، بەتایبەتی دوای لێدانی گورزە سەربازییەکە لە سووریا، ئایا لێکدانەوەو شیکردنەوەی ئێوە چییە لەم رووەوە و پێتانوایە ئەمە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا و ئاشتی و ئاسایشی جیهان دەکات؟**

- پێناچێت ئیدارەی ترەمپ سیاسەتێکی روونی هەبێت لە ئاست رۆژهەڵات ناوەڕاستدا، میزاجی ترەمپ لە هەفتەیەکەوە بۆ هەفتەیەکی دیکە دەگۆڕێت و بەو شێوەیەش هەڵسوکەوت دەکات، ئەمەش گرتنەبەری سیاسەتێکی روونی دەرەکی زەحمەت کردووە، ئیدی ئەو سیاسەتە هەرچۆنێك بێت. چونکە ئێمە لە ماوەی سێ هەفتەی رابردوودا بینیمان کە پێشتر باس لە قبوڵکردنی مانەوەی ئەسەد لە دەسەڵاتدا دەکرا، بەڵام بە شێوەیەکی کتوپڕ ئاراستەکە گۆڕاو راگەیەندرا کە رژێمەکەی ئەسەد و خودی ئەسەد دەبێت بڕوات، هەروەها لە هەوڵدان بۆ تێوەنەگلانی راستەوخۆ لە شەڕی ناوخۆیی سووریاوە بۆ وەشاندنی گورزی سەربازی لە دژی فڕۆکەخانەیەکی سووری. روون نییە ئایا ئەمە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتییە، یان نا، چونکە نزیکەی هەمووی ئەمە لە شەو و رۆژێکدا، یان لە میانەی چەند رۆژێکی کەمدا روویاندا، ئەمەش رەنگدانەوەی سروشتی ترەمپ و نەبوونی سیاسەتێکی گەڵاڵەکراو و جێبەجێکراوە. لەلایەکی دیکەوە بڕیاردانی ئەمەریکا بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازی



بۆ ئەوەیە هەر کردەوەیەك بگیرێتەبەر کە بە گونجاو بزانرێت بۆ رووبەڕووبوونەوەی داعش و پرسەکانی دیکە، وەك بەکارهێنانی گەورەترین بۆمبی نائەتۆمی لە جبەخانەی ئەمەریکادا کە راگەیەندرا بۆ مەبەستی تێکشکاندنی حەشارگەکانی داعش بووە لە ئەفغانستان. بەڵام ئەمانە چەند تاکتیکێکی سەربازین بە بێ بوونی ستراتیژییەتێکی گەڵاڵەکراو، واتە پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پاساو و ستراتیژیەتی روونی پشت ئەم گورزانە چین، ئاشکرایە کە ستراتیژیەتێکی لەم چەشنە لە ئارادا نییە. کەواتە سیاسەت و ستراتیژییەتێکی روون نییە و بە دڵنیاییەوە دەبێتەهۆی زیادبوونی ژمارەی قوربانییە مەدەنییەکان لە عێراق و سووریادا، هەروەها لە ئەفغانستانیش، من مەزەندەی ئەوە دەکەم کە لە یەمەن و سۆماڵ هەڵکشانی بۆردومانەکان و گورزی فڕۆکە بیفرۆکەوانەکان ببینین کە دەرئەنجامێکی باشی نابێت بۆ خەڵکە مەدەنییە بێتاوانەکە، بە بێ ئەوەی دەستکەوتی سەربازی لێبکەوێتەوە، کەواتە ئەمە شیکردنەوەی من بۆ ئەو بارودۆخەیە کە دێتەپێشەوە، ئەمە ئەگەر جارێکی دیکە ترەمپ بڕیاری خۆی نەگۆڕێت.

*** ئاشکرایە بارودۆخێکی پڕ لە پشێوی باڵی کێشاوە بەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەم دۆخەش مەترسی بۆ سەر ئاسایش و ئارامیی جیهانیش دروست کردووە، کەواتە ئایا ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی ئەمەریکا چارەسەرکردنی پرسی ئەم ناوچەیە بکاتە ئەولەوییەت، بەتایبەتی ئەگەر ئەمەریکا ئەم کارە نەکات، ئەوا بۆشاییەك دروست دەبێت کە هێزەکانی دیکەی وەك رووسیا پڕی دەکەنەوە؟**

- من باوەڕم بەوە نییە کە دەستڕۆیشتوویی یان هێزی رووسیا جێگەی هێزی ئەمەریکا بگرێتەوە، چونکە ئەمەریکا وەك هێزی سەربازی دەرەکی باڵادەست دەمێنێتەوەو لە رێگەی کارکردنی لەگەڵ هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا، وەك سعودیە و وڵاتانی کەنداو و تا رادەیەك عێراق، ئەوا مومارەسەی دەستڕۆیشتوویەکی زۆر دەکات. کێشەکە ئەوەیە سیاسەتێکی روون نەبووە، هەروەها ئیدارەی ئۆباماش لە پێوەندی بە ناکۆکییە ئاڵۆز و پێکداچووەکانی عێراق و سووریاوە بە شێوەیەکی روون، یان کارا هەڵسوکەوتی نەدەکرد، بەڵام دۆخەکە لە سایەی ئیدارەی ترەمپدا خراپتر بووە، لەبەر ئەوەی روون نییە کێ بڕیار دەدات، چونکە دیار نییە ئایا خودی ترەمپ و وەزیری دەرەوە و بەرپرسانی وەزارەتی بەرگری بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکدا کار دەکەن و هێشتا زۆر پۆست بە بەتاڵی ماوەتەوە و ئەمە ئیدارەیەکە زۆر سست بووە لە پڕکردنەوەی پۆستە باڵاکاندا بۆ گەڵاڵەکردن و جێبەجێکردنی سیاسەتەکان. هەروەها دژبەیەکییەکی بونیادی

**پێموانییە برەودان بە تایفەگەری لە لایەن ئێران و سعودییەوە لە مەودای دووردا خزمەت بە سەقامگیری ناوچەکە و بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکاش بکات**

**ئەو هێزانەی لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانی دەکرێن لە عێراق هاوسۆزن لەگەڵ ئێراندا و ئامادەن خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ئێران بکەن، بەڵام چەند هێزێکیش هەن لە نێو شیعەدا کە رەتی دەکەنەوە زۆر ملکەچ بن بۆ بەرژەوەندی و خواستەکانی ئێران**

هەیە لە پێوەندی بە سیاسەتی ئەمەریکاوە لە ئاست عێراق و سووریادا، چونکە ئاشکرایە چارەسەرێکی سەربازی نییە بۆ شەڕی ناوخۆیی سووریا، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەمەریکا نەیتوانیوە رێگایەك بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کارا لەگەڵ رووسیا و ئێران و تورکیا و ...هتد گفتوگۆ بکات بۆ گەیشتن بە رێککەوتنێکی سیاسی، یان بەلای کەمەوە جۆرێك لە ئاگربەست. دژبەیەکییەکە ئەوەیە سوپای ئەمەریکا پشتیوانی میلیشیا کوردییەکانی سووریا دەکات و لە هەمان کاتدا کار لەگەڵ تورکیادا دەکات کە ئەویش هێزی هەیە لە سووریا. هەروەها گورزە سەربازییەکەش لە بنکەیەکی ئاسمانیی سووریا پێوەندییەکانی لەگەڵ رووسیادا خراپ کرد، ئەمە لە کاتێکدا هاوکاریکردن لەگەڵ رووسیادا لەبارەی سووریا و بە شێوەیەکی گشتی لەسەر ئاستی سیاسی، کارێکی گرنگە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی رووسیا، کەواتە ئەمە دۆخێکە مایەی دژبەیەکی و سەرلێشێوانە و رەنگە ببێتەهۆی خراپترکردنی هەل و مەرجی سەر ئەرزی واقیع، لە پێوەندی بە مەدەنییەکانی عێراق و سووریاوە، هەروەها بە دەستهێنانی ئامانجی دوورتر کە بریتییە لە تێکشکاندنی داعش و گەڕاندنەوەی جۆرێك لە سەقامگیری. کە روون نییە ئایا چۆن بەم نزیکانە بارودۆخەکە باشتر دەبێت.

*** ئاشکرایە ئێران دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی وڵاتانی ناوچەکەدا دەکات و هەوڵی بەهێزکردنی هەژموونی خۆی دەدات لە ناوچەکەدا و سەرەڕای هەڕەشەکانی ئەمەریکاش، ئێران هەڵسوکەوتی خۆی نەگۆڕیوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چەند باڵادەستبوونی ئێران لەم ناوچەیەدا زیان بە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا و سەقامگیریی ناوچەکە دەگەیەنێت؟**

- پێموانییە ئەگەری ئەوە لەئارادا بێت ئێران ببێتە سوپەر پاوەر لە ناوچەکەدا، بە دڵنیاییەوە بەشێکە لە ناوچەکە و بەرژەوەندی خۆی هەیە و هەندێ لەو بەرژەوەندییانەش لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا و هەندێ لە هاوپەیمانەکانی وەك سعودیە و وڵاتانی دیکەی کەنداو پێکدادەدەن، بەڵام بەرژەوەندی هاوبەشیش هەیە، بۆ نموونە ئەمەریکا و ئێران بەرژەوەندییان لە لەناوچوونی داعشدا هەیە. لەلایەکی دیکەوە پێموانییە برەودان بە تایفەگەری لە لایەن ئێران و سعودییەوە لە مەودای دووردا خزمەت بە سەقامگیری ناوچەکە و بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکاش بکات. چونکە بۆتەهۆی تێکدانی شیرازەی عێراق و سووریا و لە مەودای دووردا مایەی کارەساتە. کەواتە دەبێت کاربکرێت بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی مەنتیقی هەندێ لەو بەرژەوەندییانە بەدی بهێنرێن، لەبری پەنابردن بۆ شەڕی بەوەکالەت لەسەر خاکی عێراق و سووریا و یەمەن و شوێنەکانی دیکە کە دەرئەنجامی کارەساتباری لێکەوتۆتەوە لەسەر خەڵکی ئەو وڵاتانە. ئێمە ئەگەری گەیشتنێك بە رێککەوتنێکی لەو چەشنەمان بینی دوای گەیشتن بە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران، ئەوەش سازشێك بوو لە نێوان بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا و ئەورووپا لەگەڵ ئێراندا. کەواتە دەبێت لە مەودای دووردا هەوڵ و دەستپێشخەریی سیاسی و دیپلۆماسی لەم چەشنە هەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوچەکە، لەبری ئەوەی هەوڵی باڵادەستی بدرێت، ئیدی سعودیە و هاوپەیمانەکانی بن لە ناوچەکە — بەرەی سوننە- یان ئێران و هاوپەیمانەکانی — بەرەی شیعە-، چونکە ئەم تایفەگەرییە تەنیا ماڵوێرانی بەدوای خۆیدا هێناوە و ئەگەری ئەوە هەیە دۆخەکە لە زۆر شوێنی دیکە خراپتر بێت. کەواتە ئێمە پێویستمان بە دەستێوەردانی سەربازی کەمتر و بە هەوڵ و دەستپێشخەری سیاسی و دیپلۆماسی زیاتر هەیە بۆ ئەوەی بزانین ئایا بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی ناوچەکە و بەرژەوەندی وڵاتە دەرەکییەوە تێوەگلاوەکانی وەك رووسیا و ئەمەریکا دەتوانرێت پێکەوە بگونجێنرێن، بەڵام ئەمە پێویستی بە سیاسەتێکی ژیرانەی دەرەکی و داهێنەرانە دەبێت، واتە پێویست بەوە دەکات کە چیتر ئەمەریکا وا خۆی نەخاتەڕوو کە پابەندبوونی سەرەکی ئەو پاراستنی رژێمی سعودیەیە، بەڵام دەبێت تا رادەیەکی ماقووڵ بەرژەوەندییەکانی ئێرانیش لەبەرچاو بگرێت. بەڵام پێموانییە ئیدارەی ترەمپ بایەخ یان توانای ئەوەی هەبێت ئەم جۆرە سیاسەتە دەرەکییە جێبەجێ بکات، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە دۆخەکە مەترسیدارە و ئەگەری

ئـەوە هەیـە خراپتریـش بێـت.

*** عێـراق وڵاتێکـە کـە دەتوانرێـت دوای تێکشـکاندنی داعـش ڕێکبخرێتـەوە، بـەڵام بەهـۆی دەستڕۆیشـتوویی زۆری ئێرانـەوە ئەمـە دەبێتـە ئەرکێکی دژوار، ئایا تا چەند ئەمەریکا دەتوانێت سـەرکەوتوو بێت لـە سنووردارکردنی دەستێوەردانی ئێـران لـە عێراقـدا؟**

- تێگەیشـتنی مـن بـۆ بارودۆخـی سیاسـیی عێـراق ئەوەیـە کـە بـە دڵنیاییـەوە ئـەو هێزانـەی لەلایـەن ئێرانـەوە پشـتیوانی دەکرێـن لـە عێـراق هاوسـۆزن لەگـەڵ ئێرانـدا و ئامـادەن خزمـەت بـە بەرژەوەندییەکانـی ئێـران بکـەن، بـەڵام چەنـد هێزێکیـش هـەن لـە نێـو شـیعەدا کـە ڕەتـی دەکەنـەوە زۆر ملکـەچ بـن بـۆ بەرژەوەنـدی و خواسـتەکانی ئێـران. کەواتـە ئەمـە پێویسـتی بـە پرۆسـەیەکی ئاڵۆز و ژیرانـە دەبێت لـە نێو خودی عێراقییـەکان و دەوڵەتـە دەرەکییـەکان بـۆ بـرەودان بـە هەوڵـی بنیادنانـەوەی عێراقێکـی یەکگرتـوو- ئیـدی کوردسـتانی لەگەڵـدا بێـت یـان نـا-، بـە چەشـنێك کـە ڕێگـە نەدرێـت جارێکـی دیکـە موسـڵ و شوێنەکانی دیکەی ژێر دەستی داعـش لـە بارودۆخێکدا نەبـن کـە ببنەهـۆی سـەرهەڵدانی یاخیبوونـی سـوننە، ئەمـەش پێویسـتی بـە گرتنەبـەری سیاسـەتێکی زۆر ژیرانـە دەبێت و مـن دڵنیانیـم لـەوەی ڕووبدات، بـەڵام ئەمـە پێویسـتی بە پشـتیوانی ئەمەریـکا دەبێت. جارێکـی دیکـە ئـەوە دەڵێمـەوە کـە ئێـران بەرژەوەنـدی هەیـە لـە عێراقـدا و ئـەوەش مایـەی تێگەیشـتنە، بـەڵام دەبێـت ڕێـز لـە سـەربەخۆیی عێـراق بگیرێـت و پتـەو بکرێـت. بـەڵام مـن گەشـیین نیـم بـەوەی کـە ترەمـپ ژیـری و سیاسـەتێکی ئارامگرانـەی هەبێـت بـۆ ئـەوەی ئەمـە بێتـەدی، واتـە بـۆ ئـەوەی عێـراق بـە چەشـنێك بنیـاد بنرێتـەوە کـە بتوانێت کارا بێـت و لـەم پرۆسـەیەشـدا سـەرجەم پێکهاتەکانـی عێـراق بەشـداربن و، لـە چوارچێوەیەکـی گشـتیشـدا بـە جـددی کار لەسـەر بەرژەوەنـدی و نیگەرانییەکانـی ئێـران بکرێـت بـۆ خاوکردنـی ململانێـی دەسـەڵات و ناکۆکیـی تایفەگـەری کـە ناوچەکەیـان تێکشـکاندووە.

*** ئایـا پێتوایـە سـەربەخۆبوونی کوردسـتان دەبێتەهـۆی کەمکردنـەوەی کێشـەکانی عێـراق، بـە تایبەتـی لـە شـەڕی سـوننە و شـیعە؟**

- لـە ڕاسـتیدا مـن خـۆم لـە خواسـتی کـوردی عێـراق بـۆ سـەربەخۆیی تێدەگـەم و زۆر کەسـیش لـەم ڕووەوە هاوسـۆزە لەگەڵیانـدا، بـەڵام مەسـەلەکە هـەر پێوەنـدی بـە عێراقـەوە نییـە، بەڵکـو پەیوەسـتە بـە سـووریا و تورکیـا و ئێرانیشـەوە. لەبـەر ئـەوە ئەمـە مەسـەلەیەکی زۆر هەسـتیارە و دەبێـت لـە چوارچێوەیەکـدا چارەسـەر بکرێـت کـە ببێتەهـۆی گەڕاندنـەوەی جۆرێـك لـە سـەقامگیری لـە ناوچەیەکـدا کـە بـە چەشـنێکی بـێ پێشـینە ڕووبـەڕووی توندوتیـژی و شـەڕی ناوخۆیـی بۆتـەوە کـە مایـەی کارەسـاتە بـۆ خەڵکەکـە.

*** دواییـن پرسـیار ئەوەیـە ئایـا ڕاسـتە دوای سـەردانەکەی نەتنیاهـۆ بـۆ ئەمەریـکا چیتـر بـەو چەشـنە کار لەسـەر چارەسـەرکردنی کێشـەی فەلەسـتین بکرێـت کـە دروسـتبوونی دەوڵەتـی فەلەسـتینی لەپـاڵ ئیسـرائیلدا لـە خۆبگرێـت؟**

- لـە ئێسـتادا بەرەوپێشـچوونێك نابینـم لەبـارەی ئـەو چارەسـەرەوە کـە بوونـی دوو دەوڵـەت لـە خۆدەگرێـت، سـەرکردایەتیی ئێسـتای ئیسـرائیل بـە هیـچ شێوەیەکی بایـەخ بەمـە نـادات و بـۆ چەندیـن سـاڵە ئیسـرائیل هەڵوێسـتێکی سەرسـەختانەی گرتۆتەبـەر و لـە ئێستاشـدا ئیدارەیـەك هەیـە کـە زۆر هاوسـۆزە لەگـەڵ مافـی ئیسـرائیلییەکاندا، مـن گومانـم هەیـە لـەوەی فشـاری پێویسـت بخاتەسـەر ئیسـرائیل بـۆ قبوڵکردنـی دەوڵەتێکـی فەلەسـتینی کـە لەسـەر پێـی خـۆی بوەسـتێت. لەبـەر ئـەوە پێموایـە ئەگـەرە لـە ئـارادا نەمـاوە. هەروەهـا ڕێککەوتنـی ئۆسـلۆش دەسـتبەرکردنی دەوڵەتـی فەلەسـتینی لـە خۆنەگـرت و سـەرکردایەتی فەلەسـتینی ئومێدیـان هەبـووە ئـەو دەوڵەتـە لـەو پرۆسـەیەوە سـەرهەڵبدات، بـەڵام ئـەوە ڕووینـەدا. بـەڵام دۆخەکـەش وەك خـۆی نامێنێتـەوە و بـۆی هەیـە بـەرەو تەقینـەوە بچێـت و ئەگـەری شـەڕێکی دیکـە لـە نێـوان ئیسـرائیل و حزبـوڵادا هەیـە و بەرپرسـە سـەربازییەکانی ئیسـرائیل بـاس لـەوە دەکـەن کـە پێویسـتە حزبـوڵا بخرێتـەوە قاڵبـی خـۆی و بـە دڵنیاییـەوە ئەمـەش پێوەنـدی بـە دۆخـی سـووریا و ناوچەکەشـەوە هەیـە. لەبـەر ئـەوە پێموایـە ئـەم ئیدارەیـەی ئێسـتای ئەمەریـکا بەهـۆی ئـەو کردەوانـەی ئەنجامیـان دەدات و ئەوانـەش کـە ئەنجامیـان نـەدات ئـەوا زەمینـە بـۆ دروسـتبوونی ناکۆکـی و ئاڵـۆزی دروسـت دەکات.

**ئەم تایفەگەرییە تەنیا ماڵوێرانی بەدوای خۆیدا هێناوە و ئەگەری ئەوە هەیە دۆخەکە لە زۆر شوێنی دیکە خراپتر بێت. کەواتە ئێمە پێویستمان بە دەستێوەردانی سەربازی کەمتر و بە هەوڵ و دەستپێشخەری سیاسی و دیپلۆماسی زیاتر هەیە**

**ئێران بەرژەوەندی هەیە لە عێراقدا و ئەوەش مایەی تێگەیشتنە، بەڵام دەبێت ڕێز لە سەربەخۆیی عێراق بگیرێت و پتەو بکرێت**